


# بارودۆخی حکومەتی ئێستای عێراق لە ئیتاڵیای سەردەمی مکیافیلی باشتر نییە



**((سەرکردەی فێڵباز، دەتوانێت بەهێز دەسەڵاتی دەوڵەت کۆنترۆڵ بکات، بەڵام سەرکردەی ژیر دەتوانێت بە لۆژیک پرۆسەی دیموکراتی سەربخات))**

کینس پۆلاک



**ئەمریکا هاوکاری مالیکی بووە بۆ ئەوەی ئاڕاستەی حکومڕانی ئەم ئاڕاستە هەڵەیە وەربگرێت**

پرۆ فیسۆر کینس پۆلاك کە یەکێکە لە تۆژەرە باڵاکانی سەنتەری سابان لە ئامۆژگای بەناوبانگی برۆکینگز، لە ژمارەی ڕۆژی ٢٤ی ئۆکتۆبەری ڕابردوو، لە گۆڤاری (زە ناشناڵ ئینترێست)ی بەناوبانگی ئەمریکی وتارێکی درێژی لەسەر عێراق بەناونیشانی (خوێندنەوەی میکیافیلی لەعێراق - Reading Machiavelli in Iraq) بڵاوکردۆتەوە، وتارەکەی بە وتەیەکی میکیافیلی دەستپێدەکات کە لەکۆتایی کتێبی ئەمیردا ئاڕاستەی سەرکردەکانی ئیتاڵیای کردووە، بەوەی ئەو ڕێگەیە بگرنە بەر کە بتوانرێت دەوڵەتێکی بەهێز لە ئیتاڵیا دروست بکرێت هەتا توانای ئەوەی هەبێت ئیتاڵیا لە دوژمنە دەرەکیەکان بپارێزێت و بتوانێت سەقامگیری لەوڵاتدا دابین بکات، بەڵام ٤٥٠ ساڵ دوای تەواوبوونی کتێبی ئەمیر، ئیتاڵیا نەیتوانی ئەو دەوڵەتە دابمەزرێنێت، بۆیە پۆلاك پێیوایە ئێستای عێراق لە ئیتاڵیای سەردەمی میکیافیلی باشتر نییە، بۆیە بۆ ئێستای عێراقیش کاتی ئەوە هاتووە هەمان بانگێشە ئاراستەی سەرکردە عێراقیەکان بکرێت بۆ ئەوەی عێراق لە دوژمنی ناوخۆیی و دەرەکی ڕزگار بکرێت، پۆلاك تەنیا ڕێگە بۆ ڕزگارکردنی عێراق بە هەوڵدان بۆ پاراستن و بەرگری کردن لەسیستمی دیموکراتی دەسنیشان دەکات و، بۆ ئەمەش پێیوایە لەناو سەرکردە عێراقیەکاندا (مەبەستی سەرکردە عەرەبەکانی عێراقە) هەست ناکرێت ئەم نییەتە هەبێت بۆ ئەوەی بتوانن سیستمە دیموکراتیەکە بپارێزن، بۆیە ئەو وای دەبینێت تەنیا لایەنێك بتوانێت ئەم کارە بکات، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە، ئەمریکاش لەبەر ئەوەی هێزەکانی لەعێراق کێشاوەتەوە دەسەڵات و نفوزی دیاریکراوە و هەتا ئەگەر دووبارە ئۆباما ببێتەوە بە سەرۆك یان ڕۆمنی ببێتە سەرۆکی داهاتووی ئەمریکا، ئەوا ناتوانن جارێکی دیکە

**سەرۆك بارزانی بەتەنیا ناتوانێت ئاڕاستەی سیاسەت لەعێراق ڕاست بکاتەوە، بەڵام دەتوانێت ڕێگە نەدات کورد بە ئاگری ئەو سیاسەتە هەڵەیە جارێکی دیکە بسووتێتەوە**

هەزاران سەرباز ڕەوانەی عێراق بکەنەوە. هەتا ئەگەر بشیانەوێت هێز ڕەوانەی عێراق بکەنەوە، ئەوا لە ئاییندەیەکی نزیکدا هیچ حکومەتێکی عێراقی پێشوازی لەهێزەکانی ئەمریکا ناکەنەوە.

### حکومەتی ئێستای عێراق وەك هەڕەشەیەك بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا

حکومەتی ئێستای عێراق ئەگەر نەخرێتەوە سەر ڕاستەڕێی خۆیی و لەسەر بنەمای شەراکەتی ڕاستەقینەی نێوان پێکهاتە جیاوازەکان دووبارە دانەمەزرێتەوە، ئەوا ئەو حکومەتەی ئەمریکا دوای کشانەوەی هێزەکانی لەعێراقدا بەجێیهێشتووە بەجۆرێك واقیعی سیاسیی عێراقی دارشتۆتەوە کە پرۆسە سیاسیەکە بەرەو شکست دەبات، ئەم شکستەش بەپێی بۆچوونەکانی پۆلاك مەترسی گەورەتر لە مەترسیەکانی ڕژێمی پێشووی عێراق، لەسەر بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا دروست دەکات و، ئەمریکاش ناتوانێت لە ئاکام و دەرەنجامی ئەو شکستە هەڵبێت و هیچ هەڵوێستێکی نەبێت، بۆیە لەم حاڵەتەدا پێویستە ئەمریکا هەوڵبدات بەرێگە و شێوازی دیکە نفوزی خۆی لە عێراقدا بخاتە گەڕ بۆ ئەوەی پرۆسە سیاسیەکە لە شکست ڕزگار بکات، بۆ ئەمەش ڕاستە ئەمریکا هێزی سەربازی لەعێراقدا نەماوە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەمریکا خۆی ئەندازیاری پرۆسەی دیموکراتیە لەعێراق دەتوانێت بەرێگەی پێشکەشکردنی هاریکاری و بانگهێشتی سەرکردە عێراقیەکان و دیاریکردنی ڕەفتاری هەر لایەك بەوەی بە ئاراستەی ڕاست یان چەوت لەگەڵ پرۆسە دیموکراتیەکە مامەڵە دەکەن، نفوزی خۆی بگێڕێتەوە، بەم شێوەیەش دەکرێت بڵێین عێراق بە

**لەبەر ئەوەی بەتەنیا پارتی و ئەلعیراقیە هیچیان پێ نەدەکرا، هەر بۆیە بە بوونەوەی مالیکی بەسەرۆك وەزیران زەمینەی ئەوە دروست بووە مەزندە بکرێت جارێکی دیکەش هەڵبژاردن بباتەوە**

پاراستنی سیستمە دیموکراتیەکەی دەبێتە خاوەنی ئاییندەی خۆی، بەڵام ئەگەر ئەم پرۆسە دیموکراتیە فەشەل بهێنێت، ئەوا ئەمریکا ناتوانێت لەئاکامی ئەو فەشەلە هەڵبێت.

ئەوەی پۆلاك ڕای گشتی ئەمریکای لێ ئاگادار دەکاتەوە، وەسفی ڕاستەقینەی ئێستای عێراقە کە لەدوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بەرەو خراپتر هەنگاو هەڵدەگرێت و ئێستا مەزندەی ئەوەی لێدەکرێت دووبارە بگەڕێتەوە بۆ ناسەقامگیری و شەڕی مەزهەبی نێوان شیعە و سوننە، سیمای ئێستای عێراق دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا بریتییە لە (دەوڵەتێکی لاواز، پێکهاتەیەکی دابەشبووی مەزهەبی و ئیتنی، سیستمێکی دیموکراتی ساوا کە بەدوژمنی ناوخۆ و دەرەکی دەورە دراوە، کۆمەڵێك دەوڵەتی عەرەبی لاواز دراوسێیەتی، لەگەڵ دوو دەوڵەتی غەیرە عەرەبی بەهێز((ئێران و تورکیا))، هەموو ئەمانەش بوونەتە هۆکاری ئەوەی کە پرۆسەی سیاسیی عێراق تووشی شەلەل بکەن، بۆیە لەم کاتەدا دەبێت سەرکردەیەکی بەهێز لە عێراقدا هەڵبکەوێت کە بتوانێت سیستمە دیموکراتیەکە بپارێزێت و ئەم ئاستەنگانە لەبەردەم پرۆسە سیاسیەکەدا لابەرێت.

### دیموکراتی بەسەرکردەی فێڵباز ناپارێزرێت

کێشەی سەرەکی عێراق کێشەی نێوان سەرکردەیەك و ئەوی دیکە نییە، هەروەها کێشەی نێوان پێکهاتەیەك و پێکهاتەیەکی دیکە نییە، بەڵکو کێشەی پێکهاتە و سروشتی سیستمی سیاسیی عێراقە کە

**هەڵەی گەورەی ئەمریکا ئەوەبوو شەڕی ناوخۆی نێوان سوننە و شیعەی بە شەڕی قەڵاچۆی یاخیبووان وەسفکرد. لە کاتێکدا ئەوەی لەعێراق ڕوویدا شەڕی ناوخۆی نێوان شیعەو سوننە بوو نەك شەڕی یاخیبووان**

نوری مالیکی سەرۆك وەزیرانی عێراق لەدوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لەعێراق ئاراستەی پرۆسە سیاسیەکەی بەو ئاراستەیە بردووە و هەموو هەوڵی لە پێناوی ئەوەیە کۆنترۆڵی هەموو دەسەڵاتی دەوڵەت بکات، ئەمەش ڕاشکاوانە وەك لە ڕەفتارەکانی بە ئاشکرا دیارە هەنگاو هەڵگرتنە بەرەو حکومڕانی تاك حزبی و تاکە کەسی کە جارێکی دیکە مێژووی حکومڕانی عێراق دەگێڕێتەوە بۆ پێش ساڵی ٢٠٠٣، سەبارەت بەم لایەنە پۆلاك شێوازی حکومڕانی مالیکی لە عێراقدا بە شێوازی سەرکردەیەکی فێڵباز وەسف دەکات و پێیوایە مالیکی بەڕێگەی فێڵکردن توانیویەتی لەدوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق ئاراستەی پرۆسە سیاسیەکە بەرەو ئەم ئاراستەیەی ئێستا بەرێت، بۆ ئەمەش ئاماژە بەوە دەکات، مالیکی هێشتا لە ئەمریکا بوو لەگەڵ باراك ئۆباما کۆبوونەوەی دەکرد سەبارەت بە ئاییندەی پێوەندییەکانی نێوان عێراق- ئەمریکا، کەچی ئەندامانی حزبەکەی مالیکی (حزبی دەعوا) لەبەغدا، گەمارۆی ماڵی سەرکردەکانی لیستی ئەلعراقیەیان دەدا و پاسەوانەکانی هاشمییان دەستگیر دەکرد و لەژێر ئازار و ئەشکەنجەداندا ئیعترافیان پێدەکردن و پێش ئەوەی دادگایی بکرێن بە بەرژەوەندی خۆیان ئیعترافەکانیان لە تەلەفزیۆنەکانەوە بڵاو دەکردەوە، پاشانیش هاشمییان ناچارکرد کە هەڵبێت بۆ هەرێمی کوردستان، لەسەر ئەم ڕەفتارانە ساڵح موتڵەگ جێگری سەرۆك وەزیران مالیکی بە دیکتاتۆر وەسفکرد، بەڵام مالیکی تەنیا

**مالیکی هێشتا لە ئەمریکا بوو لەگەڵ باراك ئۆباما کۆبوونەوەی دەکرد سەبارەت بە ئاییندەی پێوەندییەکانی نێوان عێراق ئەمریکا، کەچی ئەندامانی حزبەکەی مالیکی لەبەغدا گەمارۆی ماڵی سەرکردەکانی لیستی ئەلعراقیەیان دەدا**

لەسەر ئەم قسەیە موتڵەگی لە پۆستەکەی لادا، لەکاتێکدا لابردنی موتڵەگ لە پۆستەکەی لەدەسەڵاتی پەرلەمانی عێراق بوو نەك شەخسی سەرۆك وەزیران.

پۆلاك کە ئەمانە دەخاتە ڕوو، دەیەوێت ئەوەمان پێ بڵێت مالیکی بە بیانووی ئەوەی دەیەوێت سەقامگیری بپارێزێت، هەوڵیداوە هەموو دەسەڵاتی دەوڵەت کۆنترۆڵ بکات و خۆی بەتەنیا خاوەنی هەموو دەسەڵاتەکان بێت، بۆیە لەمبارەوە نووسیوویەتی (سەرکردەیەکی فێڵباز و بەهێز بەسە بۆ ئەوەی دەسەڵاتی خۆی بەسەر دەوڵەتدا بسەپێنێت، بەڵام پاراستن و بەرەو پێشەوە بردنی پرۆسەی دیموکراتی پێویستی بەسەرکردەیەکی حەکیمە بۆ ئەوەی بە لۆژیك بەرنامە بۆ سەقامگیری ڕاستەقینە لەوڵاتدا دابڕێژێت، بەداخەوە لەمێژووی مرۆڤایەتیدا ئەو سەرکردە حەکیمانە دەگمەن بوون کە توانیوویانە وڵاتی خۆیان ڕزگار بکەن، ئێستا هیچ ئاماژەیەك بەدی ناکرێت ئاخۆ لەناو عێراقدا سەرکردەیەکی لەوجۆرە بوونی هەیە یان نە، بۆیە هەست دەکرێت ئاراستەی سیاسەت لەعێراق دەگەڕێتەوە بۆ شێوازە کۆنەکەی سیاسەتکردن لەعێراقدا (واتە پێش ساڵی ٢٠٠٣)، لەم کاتەشدا کە ڕۆڵی ئەمریکا لە کەمبوونەوەیە، ئەوا هیوایەکی زۆر کەم هەیە کە بتوانرێت عێراق ڕزگار بکرێت).

### هەڵەکانی ئەمریکا
### چواندنی شەڕی ناوخۆ بە یاخیبوون

بەپێی بۆچوونی پۆلاك ناتوانین لە کێشەکانی عێراق تێبگەین هەتا لەهەڵەکانی

**سەرکردەیەکی فێڵباز و بەهێز بەسە بۆ ئەوەی دەسەڵاتی خۆی بەسەر دەوڵەتدا بسەپێنێت. بەڵام پاراستن و بەرەو پێشەوەبردنی پرۆسەی دیموکراتی پێویستی بەسەرکردەیەکی حەکیمە بۆ ئەوەی بە لۆژیك بەرنامە بۆ سەقامگیری ڕاستەقینە لەوڵاتدا دابڕێژێت**

ئەمریکا لەماوەی ٢٠٠٣-٢٠٠٩ لەعێراقدا تێنەگەین، هەڵەکانیش هێندە زۆرن هەژمار ناکرێن، یەکێك لەو پرسانەی بەڕووی سیاسەتی ئەمریکا لەعێراق ورووژاندویەتی ئەو پرسیارەیە کە ئەمریکا چۆن ئەو هەموو شتانەی پێکەوە لەبیرچوو کاتێك بڕیاریدا هێزەکانی لەعێراق بکشێنێتەوە، بارودۆخی عێراقی لەبەرچاو بوو کە(دەوڵەتێکی لاوازە، دابەشبووە، ترس و تۆقاندن لەلایەن ڕکەبارانی ناوخۆوە بەرامبەر یەکدی زاڵبووە)، لەناو ئەم واقیعەشدا حکومەت خۆی بەشێك نەبوو لەکێشەکە، بەڵکو حکومەت ببووە خەڵات بۆ لایەنێك ئەو لایەنەی ئەمریکا هاوکاری کرد بۆ ئەوەی لە شەڕی ناوخۆی نێوان شیعەو سوننە وەك شەڕی قەڵاچۆکردنی یاخیبووان سەربکەوێت، ئەم سەرکەوتنە حکومەتی عێراقی کردە خەڵات بۆ مالیکی و حزبەکەی، بۆیە لەم چوارچێوەیەدا ئەمریکا هاوکاری مالیکی بووە بۆ ئەوەی ئاراستەی حکومڕانی ئەم ئاراستە هەڵەیە وەربگرێت، بۆیە لەم چوارچێوەیەدا پرسیاری ئەوەی ئایا لەعێراقدا یاخیبوون دژ بەحکومەت هەبووە؟ لەوەڵامدا بێگومان دەڵێین هەبووە، بەڵام دیاردەی یاخیبوون کێشە سەرەکیەکە نییە، بەڵکو لەبەر ئەوەی حکومەتی مالیکی ڕەنگدانەوەی پێکهاتە سەرەکیەکان نەبووە و ئەمەش بۆتە هۆکاری ئەوەی بۆشایی ئەمنی و سیاسیی دروست بێت، بۆتە هۆکاری ئەوەی شەڕێکی ناوخۆیی لەنێوان هەردوو مەزهەبی شیعە و سوننە

دروست بێت، هەربۆیە کۆتایی هێنان بە یاخیبوون یان شەڕی نێوان شیعە و سوننە تەنیا لەسەر ئاستی سەربازی تاکتیك بوو، بەڵام لەسەر ئاستی سیاسیی و ستراتیژی ئاراستەیەکی دیکەی هەیە و ناچێتە چوارچێوەی شەڕی قەڵاچۆکردنی یاخیبووانەوە و حکومەتەکەی مالیکی ئەو شەرعیەتەی نییە کە بتوانێت شەڕی قەلاچۆکردنی یاخیبووان بکات، بۆ ئەوەی حکومەت ئەو شەرعیەتەی هەبێت، ئەوا دەبێت حکومەتێك دابمەزرێتەوە، حکومەتێکی جەماوەری بێت و هەموو هاوولاتیان بەحکومەتی خۆیانی بزانن، بێگومان ئاشکرایە دروستبوونی شەڕی ناوخۆ، شەڕە لەسەر دەسەڵات، شەڕە لەسەر کۆنترۆڵکردنی حکومەت، ئەم شەڕە ئەو کاتە ڕوودەدات کە گروپێك لەناو حکومەت بخرێتە پەراوێزەوە و گروپێکی دیکە کۆنترۆڵی دەسەڵاتەکانی حکومەت بکات، بۆیە هەڵەی گەورەی ئەمریکا ئەوەبوو شەڕی ناوخۆی نێوان سوننە و شیعەی بە شەڕی قەڵاچۆی یاخیبووان وەسفکرد، لە کاتێکدا ئەوەی لەعێراق ڕوویدا شەڕی ناوخۆی نێوان شیعەو سوننە بوو نەك شەڕی یاخیبووان، بۆیە وەك ئێستا دەبینین هەتا ئەگەر شەڕی یاخیبووان کۆتایشی پێهاتبێت، ئێستا لە شەڕە ناوخۆییەکەدا ماونەتەوە و شەڕە ناوخۆییەکە بەردەوامە، هەموو ئەمانەش بوونەتە هۆکاری ئەوەی مالیکی بتوانێت حکومەت وەك خەڵاتی شەڕی قەڵاچۆکردنی یاخیبووان بباتەوە، لەدوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکاش مالیکی توانی بە ئەنجامدانی ئەم مانۆڕانە زیاتر پێگەی خۆی قایمتر بکات:

١- مالیکی زوو دەستی کرد بەلێدانی سەرکردەکانی عێراقیە، ساڵح موتڵەگی لەپۆستەکەی لادا و ژمارەیەك لەسەرکردەکانی خوارەوەی لیستی ئەلعراقیەی دەستگیرکرد، دواتر لەگەڵ ساڵح موتڵەگ ڕێککەوتەوەو سەرکردەکانی عێراقیەشی ئازاد کرد.

٢- مالیکی توانی ئیدارەی لێکترازانە سیاسیەکان بکات، بەتایبەتی لێکترازانەکانی نێو لیستی ئەلعراقیە، کاتێك لیستی ئەلعراقیە بانگهێشتی کرد بۆ بایکۆتکردنی حکومەت، مالیکی ڕایگەیاند ئامادەیە پۆستە ئەمنییەکان دابەشبکاتەوە.

٣- مالیکی بە هێشتنەوەی پێوەندییەکانی لەگەڵ ئەمریکا، ئەوەی بە شەقامی عێراقی ڕاگەیاند کە ئەو داردەستی ئێران نییە، بەمەش هەندێك لە عەرەبی سوننەی ڕازیکرد بەشداری لە حکومەتەکەی بکەن.

بەڵام وێڕای هەموو ئەمانە، مالیکی لەدوای کشانەوەی ئەمریکا پەیامێکی خراپی بە پێکهاتەکانی عێراق گەیاند، کە ئەویش پەیامی تاکڕەویی و دیکتاتۆری بوو.

## کورد و مامەڵەکردن لەگەڵ حکومەتەکەی مالیکی

بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە نەورۆزەوە بانگێشەی ئەوەی کردووە ئەگەر حکومەتی عێراق پابەند نەبێت بەدەستوورەوە، ئەوا کورد ناچار دەبێت ئەم مەسەلەیە بگەڕێنێتەوە بۆ گەلی کوردستان بۆ ئەوەی خۆی بڕیاری خۆی بدات، سەرۆك مسعود بارزانی لەگەڵ ئەوەی بەو سەرکردە حەکیمە ناسراوە کە دەمێکە ڕێگەی ڕاستی بۆ پاراستنی عێراق و سیستەمە دیموکراتیەکەی دەسنیشانکردووە، ئەم دەسنیشانکردنەی بەڕێز مسعود بارزانی دەگەڕێتەوە بۆ پێش ڕووخانی ڕژێمی پێشوو و لە میانەی کۆنگرەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقدا کە لەکوردستان و دەرەوەی عێراق گرێدراون، بەڵام بێگومان ئاشکرایە سەرۆك بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانە و سەرۆك وەزیرانی عێراق نییە و قەتیش نابێتە سەرۆك وەزیرانی عێراق کە خاوەنی دەسەڵاتی ڕاستەقینەیە لەعێراقدا، ئەوا سەرۆك بارزانی بەتەنیا ناتوانێت ئاراستەی سیاسەت لەعێراق ڕاست بکاتەوە، بەڵام دەتوانێت ڕێگە نەدات کورد بە ئاگری ئەو سیاسەتە هەڵەیە جارێکی دیکە بسووتێتەوە، بۆیە پەیامی خۆی لەنەورۆزدا ئاڕاستەی گەلی کوردستان کرد و داوای کرد ئەگەر حکومەتی عێراق لەبەر ڕۆشنایی دەستوور خۆی ڕاست نەکاتەوە، ئەوا ئەو بڕیارە جێبەجێ دەکات کە گەلەکەی دەیدات، لەمبارەوە کینس پۆلاك لە وتارەکەیدا و سەبارەت بە هەڵوێستی کورد، ئاماژەی بەوەکردووە، زۆربەی سەرکردەکانی کورد بەتایبەتیش سەرۆك بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان، ڕەشبینن بەوەی بتوانن ئاستی پێوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا بگاتەوە ئەو ئاستەی بتوانن پێکەوە کار بکەن، ئەم ڕەشبینەیەی سەرکردایەتی کورد بەرامبەر بەغدا لەوە سەرچاوەی گرتووە، کە زۆر ڕەفتاری مالیکی لەگەڵ دەستووردا یەکناگرێتەوە و ئامادەش نییە ڕاستی بکاتەوە، ڕاستە هەندێك جار بۆ مەبەستی سیاسیی و مانۆر کردن هەندێك هەنگاو هەڵدەگرێت، بەڵام ئەو هەنگاوانە تاکتیکین و مەبەستی دیکەیان لەپشتەوەیە، بۆیە لەم حاڵەتەدا کورد ترسی لە ڕەفتارەکانی مالیکی هەیە بەمجۆرە:

١- کورد ترسی ئەوەی هەیە کە مالیکی سوپاکەی پڕ چەك بکات و هێرش بکاتە سەرکوردستان، بۆیە مەرجی کورد ئەوەیە پێش ئەوەی مالیکی ئەم کارەی تەواو بکات، ئەوا پێویستە کێشەکانی نێوان هەولێر

**ئەگەر مالیکی هەڵبژاردنی داهاتوو بەرێتەوە، مانای ئەوەیە ئەو ئەزموونە کورتەی دیموکراتی لەعێراق دەستی پێکردبوو کۆتایی هات و ئیدی لە عێراقدا بەیاسا حکومڕانی ناکرێت و عێراق دەگەڕێتەوە بۆ شێوازە کۆنەکەی حکومڕانی**

**حکومەتی زۆرینە نە دەرچوونە لەدەستوور نە پێچەوانەی گەمەی دیموکراتیە. هەروەك چۆن مەبەستی مالیکی لەشەڕی یاخیبووان بردنەوەی حکومەت بوو، لەمەشیاندا مەبەستی زەمینە خۆشکردنە بۆ تاکڕەویی و دیکتاتۆریەت بەناوی دەستوور و دیموکراتیەوە**

و بەغدا چارەسەر بكرێت.

٢- لە پڕچەككردنی سوپای عێراقدا هاوسەنگی لەگەڵ هێزی پێشمەرگەی كوردستان(گاردی كوردستان) نییە، ئەمەش مانای ئەوەیە دوای ئەوەی مالیكی سوپاكەی بەتەواوی پڕچەك دەكات، هێزی پێشمەرگە ناتوانێت بەرامبەری ڕابووەستێتەوە، ئەمەش مەترسی لەسەر هەرێمی كوردستان دروست دەكات.

٣- بۆ ئەوەی كورد خۆی لەم مەترسیە بپارێزێت، پێدەچێ كورد پەنا بۆ ڕێگەچارەی بڕیاری سەربەخۆیی یان سەربەخۆیی ئەمری واقیع بەرێت كە لەئێستادا كورد وای دەبینێت ئەمە چارەسەرێكی مامناوەندی بێت.

**ئەگەر جارێكی دیكە مالیكی هەڵبژاردن بباتەوە مەترسیەكان چی دەبن**

پۆلاك پێیوایە هەڵەیەكی دیكەی ئەمریكا ئەوەبوو كە لە هەڵبژاردنەكانی ٢٠١٠ پشتگیری لیستی ئەلعراقیەی نەكرد بۆ ئەوەی عەللاوی ببێتە سەرۆك وەزیران، ئەو دەڵێت ڕاستە هەڵبژاردنەوەی مالیكی لەسەر خواستی ئێران بوو، بەڵام ئەم هەڵبژاردنەی ئێرانیش لەبەر ئەوەبوو لەنێوان جەعفەری و چەلەبیدا، ئێران مالیكی پێ باشتر بوو، هەربۆیە گوشاری خستە سەر تەیاری سەدر بۆ ئەوەی بە مانەوەی مالیكی ڕازی بن، هەروەها یەكێتی نیشتمانی كوردستانیشی ڕازی كرد و پارتی دیموكراتی كوردستانیش پاشان ڕازی بوو، لەبەر ئەوەی بەتەنیا پارتی و ئەلعراقیە هیچیان پێ نەدەكرا، هەر بۆیە بە بوونەوەی مالیكی بەسەرۆك وەزیران زەمینەی ئەوە دروست بووە مەزندە بكرێت جارێكی دیكەش هەڵبژاردن بباتەوە، بەڵام پرسیاری سەرەكی لێرەدا ئەوەیە ئەگەر مالیكی لە هەڵبژاردنی داهاتوو سەربكەوێت، چ مەترسیەك ڕووبەڕووی عێراق دەبێتەوە؟ كینس پۆلاك بەمجۆرە مەترسیەكانی دیاریكردووە:

١- ئەگەر مالیكی هەڵبژاردنی داهاتوو بەرێتەوە، مانای ئەوەیە ئەو ئەزموونە كورتەی دیموكراتی لەعێراق دەستی پێكردبوو كۆتایی هات و ئیدی لە عێراقدا بەیاسا حوكمڕانی ناكرێت و عێراق دەگەڕێتەوە بۆ شێوازە كۆنەكەی حوكمڕانی، واتە پێش ساڵی ٢٠٠٣.

٢- هەتا ئەگەر مالیكی لەسەر ئاستی سیاسیی زۆرینە بەدەست بهێنێت، ئەوا چەند پێكهاتەیەكی سەرەكی دەكەونە پەراوێزی حوكمڕانییە وەك كورد و سوننە و تەیاری سەدر.

بەڵام ئەوەی جێگەی هەڵوەستەكردنە و دەبێتە جێگەی پرسیارێكی دیكە ئەوەیە، ئایا ئەو زەمینەیە دروستبووە كە مالیكی هەڵبژاردنی داهاتوو بباتەوە؟ سەبارەت بەم لایەنەش پۆلاك بەمجۆرە واقیعەكە دەخاتە ڕوو و دەڵێت:

* لە بەغدا كە پایتەختە و ژمارەی دانیشتوانی زۆر زۆرە، ئێستا مالیكی باڵادەستە، لەبەر ئەوەی بەتەواوەتی هێزی ئاسایش و پۆلیس و سوپایان كۆنترۆڵكردووە، ئەوا دارو دەستەی مالیكی بە ئاشكرا دەڵێن لیستی ئەلعراقیەمان تێكشكاندووەو هیچ حزبێكی سیاسی بە ڕكابەری خۆمان نازانین.

**سەرۆك وەزیرانێك فەشەلی هێنابێت لە پابەندبوون بەدەستوورەوە ئەو شەرعیەتەی نابێت بەناوی دەستوورەوە داوای پێكهێنانی حكومەتی زۆرینە بكات**

* مالیكی و حزبەكەی توانیویانە لەموسڵیش پێوەندی بەچەند سەرۆك هۆزێكەوە بكەن و پێوەندیان لەگەڵدا دروست بكەن، ئەمەش مانای ئەوەیە مالیكی لەموسڵیش نفوزی هەیە.

* مالیكی لەماوەی ئەو چەند ساڵەی كە سەرۆك وەزیران بووە توانیویەتی حزبەكەی زۆر فراوان بكات، بەمەش دەكرێت بڵێین گەورەترین حزبە لەناو پێكهاتەی شیعەداو، لەبەر ئەوەی ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی عێراق پێوەندی بە ئێرانەوە نەماوە و دەبێت وەك پێكهاتەیەكی سەربەخۆیی عێراقی كاربكات، ئەوا ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی تەواو بچووك بۆتەوە.

* ئەگەر مالیكی لە هەڵبژاردنی داهاتوو پێویستی بە تەیاری سەدر نەبێت، ئەوا تەیاری سەدر دەخاتە پەراوێزەوە.

**حكومەتی زۆرینە هەنگاوێكی دیكەی مالیكی بۆ كۆنترۆڵكردنی دەسەڵات**

بەپێی هەموو بۆچوونی چاودێران، مالیكی ئێستا لەسەرەتای ساڵی ٢٠١٢ بەهێزترە، هۆكاری ئەمە لەگەڵ ئەوەی دەگەڕێتەوە بۆ دەستێوەردانی ئەقلیمی كە بواری ئەوەی نەدا متمانە لەحكومەتەكەی مالیكی بسەنرێتەوە، لەهەمانكاتدا وەك پێشتریش ئاماژەمان پێكرد، لەچاوی ئێراندا لە چەلەبی و جەعفەری باشترە، بۆیە بۆ مانەوەی مالیكی كە گوشار خرایە سەر موقتەدا سەدر و هەروەها بەشێك لە لایەنە كوردستانییەكانیش، هۆكارەكەی وەك پۆلاك ئاماژەی پێكردووە، گوشاری دەرەكی بووە، بۆیە لەم قۆناخەدا كە مالیكی ناتوانێت پرۆسەكە ڕاستبكاتەوە و پابەند بێت بەدەستوورەوە، بانگێشە بۆ حكومەتی زۆرینە دەكات، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا پێكهێنانی حكومەتی زۆرینە دەرچوونە لەدەستوور یان گەمەیەكە لەدەرەوەی پرۆسەی دیموكراتی؟ لەوەڵامدا دەڵێین نەخێر حكومەتی زۆرینە نە دەرچوونە لەدەستوور نە پێچەوانەی گەمەی دیموكراتیە، بۆیە لەمەشیاندا كێشەكە حكومەتی زۆرینە نییە، بەڵكو كێشەكە مەبەستی مالیكی-یە لە حكومەتی زۆرینە، هەروەك چۆن مەبەستی مالیكی لەشەڕی یاخیبوان بردنەوەی حكومەت بوو، لەمەشیاندا مەبەستی زەمینە خۆشكردنە بۆ تاكڕەویی و دیكتاتۆریەت بەناوی دەستوور و دیموكراتیەوە، لەم قۆناخەدا كە عێراق هێشتا قۆناخی ئینتیقالی تێنەپەڕاندووەو ئەسڵەن حكومەتێك دروست نەبووە لەسەر شەراكەتی ڕاستەقینەی پێكهاتە جیاوازەكان و ئەو حكومەتە شكستی هێناوە و، هۆكاری ئەو شكستهێنانەش پابەندنەبوونە بەدەستورەوە، ئەوا سەرۆك وەزیرانێك فەشەلی هێنابێت لە پابەندبوون بەدەستورەوە ئەو شەرعیەتەی نابێت بەناوی دەستوورەوە داوای پێكهێنانی حكومەتی زۆرینە بكات، هەروەك چۆن بەپێی بۆچوونەكەی پۆلاك حكومەتی مالیكی ئەو شەرعیەتەی نییە بڕیاری شەڕی قەڵاچۆكردنی یاخیبوان بدات، لەبەر ئەوەی حكومەتەكەی ڕەنگدانەوەی ئیرادە و خواستی تەواوی پێكهاتەكانی عێراق نییە.

## لەنێوان هەرێمی کوردستان و بەغدادا

# ستراتیژی لەبەریەکهەڵوەشاندنی کێشەکان



ئازا حەسیب قەرەداخی
دوو هەفتە جارێک بۆ گوڵانی دەنووسێت

لەم وتارەدا دەستەواژەی (لەبەریەکهەڵوەشاندن ـ تفکیکیە ـ DECONSTRUCTION) وەکوو ئەو دەستەواژەیە بەکارنەهێنراوە کە (جاك دریدا) وەکوو رێبازێکی رەخنەیی لە ئەدەب و زماندا بەکاریهێناوە. بەڵکو میکانیزمێکە بۆ وردکردنەوەی کێشەیەکی گشتگیر بۆ بەشە بچووکترەکانی و مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو بەشانە و چارەسەرکردنی هەر یەکەیان بۆ خۆیان لەدەرەوەی بازنە گشتگیرەکە، پاشان دووبارە کۆکردنەوەیان لە گشتێکدا کە چارەسەرە نەك کێشە.

لەوانەیە سەرەڕای ئینکاری کردنم کە دەستەواژەی «لەبەریەکهەڵوەشاندن» لەم بابەتەدا پەیوەندی نییە بەوەوە کە «جاك دریدا» بۆ ئەدەب و زمان بەکاریهێناوە، بەڵام ئەوەی ئەو رەسەن و بنچینەیەکی فەلسەفیشی هەیە کە لەوەدا ئەم وتارە پشتی پێدەبەستێ، بەتایبەتی لە دوو تێزدا:

یەکەمیان: کرۆکی لەبەریەکهەڵوەشاندن نەهێشتنی سەنتراڵ- ناوەندێکی جێگرە.

دووەمیان: نەهێشتنی میتۆدی سەنترالیزم و رەهایە و گۆڕینییەتی بە میتۆدی رێژەیی.

لەنێوانی بەغداد و هەرێمی کوردستاندا کێشەیەکی گشتگیر هەیە، ئەویش کێشەی دەوڵەتی عێراقە. تەمەنی ئەم کێشەیە هێندەی تەمەنی دەوڵەتی عێراق خۆیەتی. چونکە هەر لەبناغەوە دروستکردنی دەوڵەتی عێراق بە لێکگرێدانی سێ ویلایەتی پاشماوەی دەوڵەتی عوسمانی، سێ لەیەکترنەچووی، جیاوازبەیەکی، ناکۆك لە رووی نەتەوەیی و مەزهەبییەوە، دروستکردنی کێشە بوو نەك دروستکردنی دەوڵەت. لەوانەیە دروست بێ ئەگەر بڵێین: دروستکردنی (دەوڵەتە کێشە) بوو.

ئەم دەوڵەتەکێشەیە، لە هەناوی خۆیدا هەڵگری کۆی ئەو کێشانەیە کە لەوەتەی دروست بووە بەشێوازی جۆراوجۆر و بە میکانیزم و رادەی جیاوازی توندوتیژی دەرکەوتوون و لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی دیکە و لەسەردەستی حوکمڕانێکەوە تا حوکمڕانێکی دیکە، بە هەندێ جیاوازی رواڵەتانەوە، وەلێ بە هەمان کرۆك و فەلسەفە چەندین بارە بوونەتەوە. لە ترۆپکیشیدا گەیشتە ئەنفالکردن و کیمیابارانکردن و هەوڵی سڕینەوەی نەتەوەیەك.

لە قۆناغی ئێستای پاشی رووخانی شۆفێنیترین حوکمڕانەکانی مێژووی هاوچەرخی ئەم دەوڵەتەکێشەیە، دیسانەوە هەمان ئەو کێشە گشتگیرە دەرکەوتۆتەوە و حوکمڕانانی نوێ بەرگی نوێی لەبەر دەکەن. ئەگەر جاری جاران بێ هیچ دەستوورێك، بۆ پاراستنی ئاسایش و بەها باڵاکانی ئوممەی عەرەبی بەتوندی لە دوژمنە ناوخۆییەکانی دەدرا کە کورد لەپێشەوەی هەموویان بوو، ئەوا ئەمڕۆ بەناوی پاراستنی دەستوورەوە نەخشە بۆ هەمان لێدان دادەڕێژرێ. لێدانێك کە سەرەتاکانی بریتین لە

**دروستکردنی دەوڵەتی عێراق بە لێکگرێدانی سێ ویلایەتی پاشماوەی دەوڵەتی عوسمانی، سێ لەیەکترنەچووی، جیاوازبەیەکی، ناکۆك لە رووی نەتەوەیی و مەزهەبییەوە، دروستکردنی کێشە بوو نەك دروستکردنی دەوڵەت**

کۆنترۆڵکردنەوەی ناوچە دابڕێنراوەکان و ئەوانەی ماددەی ١٤٠ دەیانگرێتەوە لە رێی بەستنەوەی هەموویان بە سەرکردایەتی ئۆپەراسیۆنەکانی دیجلەوە، پاشان کەمکردنەوەی دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستان وەکوو هەرێمێکی فیدراڵ، تا دەگات بە سڕینەوەی هەرێم وەکوو هەرێمێکی فیدراڵی پێکهاتوو لە سێ پارێزگا و ئیعتیمادکردنی فیدرالییەتی پارێزگا جیاجیاکان نەك فیدرالییەتی یەکگرتنی سێ پارێزگا یان زیاتر. ئەمەیش بە هەموارکردنی دەستوور دەگات کە ئەم بنەمایانەی تێدا بگۆڕدرێ بۆ بنەمای ئەڵتەرناتیف کە لەلایەك ماددەی ١٤٠ی تێدا ئیلغا دەکرێ بەو پێیەی ماوەی بەسەر چووە و هەر لە بنچینەوەش بۆئەوە دانراوە کە ئەو ناوچانە پاشی ئاساییکردنەوە و قەرەبووکردنەوە و سەرژمێری تیایاندا، خەڵکەکەی لە ریفراندۆمدا دەنگ بدەن بە گەڕانەوە بۆ سەر هەرێمی کوردستان یان مانەوەیان وەکوو پارێزگا و فیدراڵی جیا. لەلایەکی تریشەوە بۆئەوەی پاساوی یاسایی و دەستووری بۆ ئەو هەموارەی سەرەوە هەبێ، دەبێ ئەو بنەمایەی دەستووریش هەمواربکرێ کە فیدرالییەتی کردۆتە فیدرالییەتی هەرێمەکان لەسەر بناغەی فیدرالیەتی سێ پارێزگا و زیاتر. ئەوسا هیچ یەکێك لە پارێزگا جێناکۆکەکان ناگەڕێنەوە سەر هەرێمی کوردستان و هەرێمی کوردستانیش وەکوو سێ پارێزگای فیدراڵ نامێنێتەوە و پێکهاتە و دەسەڵاتەکانی پارێزگاکان لە فیدرالییەتی فراوانەوە دەگەڕێنرێنەوە بۆ دەسەڵاتی سنووردارکراوی بەستراوە بە ناوەندی حوکمڕانێتییەوە لە بەغداد. ئەمەیش سەرەتای دەستپێکردنەوەی حکومەتی سەنترالی گشتگیرە کە گەڕانەوەیە بۆ چوارچێوەی یەکەمی کێشەکە کە کێشەی دەوڵەتی عێراقە لەوەتەی دروست بووە.

تیمەکەی سەرەك وەزیران لە حکومەتی فیدراڵدا ئاوا بە یەك پەکێجی گشتگیر مامەڵە لەگەڵ دۆزەکەدا دەکەن. بە یەك یەکەی گشتگیر هەموو ئەو بەشانە دەجوولێنن کە لە کۆی گشتی کێشەکەدا هەیە.

لەیەك کاتدا پەڵپ بە گرێبەستەکانی نەوتی هەرێم دەگرن، کێشەی پێشمەرگە و بوودجەکەی دەخولقێنن، فەرماندەی ئۆپەراسیۆنی دیجلە پێکدەهێنن و کەرکووك و دیالە و سەڵاحەدینی پێوە گرێ دەدەن، بودجەی سیادی لە عێراقدا زۆر زیاد دەکەن و بوودجەی هەرێم بەو هۆیەوە زۆر کەمدەکەنەوە، پەڵپ بە داهاتی خاڵە سنووریەکانی هەرێم دەگرن، یاسای ژێرخان دەبەنە ناو پەرلەمان بۆئەوەی یاسایەك دەرچووێنن هەموو سەرمایەگوزاری و پرۆژەی ئاوەدانکردنەوە و کارکردن لە پارێزگاکاندا ببەستنەوە بە بەغدادەوە، هێزی سەربازی دەجوولێنن بۆ ناوچە سنوورییەکانی توخوبی هەرێم،....تاد.

بە واتایەکی دیکە هەموو ئەم بەشەکێشانە کە کرۆکی کێشە سەرەکییەکەی دەوڵەتی عێراق پێکدەهێنن لە نێوانی ئەوەی عێراق دەوڵەتی سەنترالیزمی توندکراوە بێ، یان دەوڵەتی فیدراڵی دەسەڵات دابەشکراوی هاوشان و پێکەوەژیانی ئاشتییانە بێ، لەسەر دەستی تیمەکەی نوری مالیکی جارێکی دیکە زیندووکراونەتەوە، وەلێ بە بەرگی نوێ و چەمك و دەستەواژەی نوێ و پاساوی نوێ، وەلێ بۆ هەمان ئامانجی کۆنی — نوێ.

ئایا لەم حاڵەتەدا هەرێمی کوردستان وەکوو یەك کێشەی گشتگیر مامەڵە لەگەڵ ئەم پرسەدا بکات یان بە ستراتیژی لەبەریەکهەڵوەشاندنی بەشەکێشەکان مامەڵە بکات؟

بەواتایەکی دیکە ئایا لە کاتێکدا تیمەکەی نوری مالیکی کە لە بەرژەوەندی ئەواندایە هەموو ئەم پرسانە وەکوو کێشەیەکی گشتگیر بجوولێنن چونکە دەرەنجام دەیانەوێ دەوڵەتێکی گشتگیر بنیات بنێنەوە، هەرێمی کوردستانیش بە هەمان میکانیزم رووبەڕووی بێتەوە و داوای چارەسەری گشتگیر بکات یان بەرژەوەندی هەرێم لەوەدایە کێشە گشتگیرەکە لەبەریەکهەڵوەشێنێ و لەگەڵ هەر بەشێکی کێشەکەدا بە میکانیزم و رێکاری تایبەت و پەیوەندیدار مامەڵە بکات و هەوڵ بدات چارەسەری بکات؟

بەرژەوەندی هەرێم لە دواجاردا ئەوەیە کە دەوڵەتی سەنتراڵی گشتگیر دروست نەبێتەوە، کەواتە دەبێ ناوەندێکی چڕبۆوە بۆ کێشەکان نەهێڵێ و لە حاڵەتی رەهایی و سەنترالیزە و گشتگیرییەوە بیانخاتە حاڵەتی ریژەیی لەبەریەکهەڵوەشاوەی بەش بەش کراو.

بەرژەوەندی هەرێم لەوەدا کە هەوڵ بدات کێشەی کەرکووك و مادەی ١٤٠ بەجیا لە کێشەی پێشمەرگە و بوودجە و نەوت و گاز چارەسەر بکات. هەروەها هەر یەکێك لەوانی دیکەیش بە جیا لە کۆی گشتی چارەسەر بکات. هەر یەکەیان بەپێی دەرفەت و هەڵکەوت و سروشتی


**ئەگەر جاری جاران بێ هیچ دەستوورێك، بۆ پاراستنی ئاسایش و بەها باڵاکانی ئوممەی عەرەبی بەتوندی لە دوژمنە ناوخۆییەکانی دەدرا کە کورد لەپێشەوەی هەموویان بوو، ئەوا ئەمڕۆ بەناوی پاراستنی دەستوورەوە نەخشە بۆ هەمان لێدان دادەڕێژرێ**

خۆی چارەسەری تایبەت بەخۆی بۆ بدۆزێتەوە و تیمی بۆ پێکبهێنێت و میکانیزمی کارکردنی تایبەتی بۆ دیاری بکات و بە ئاراستەی جیادا بۆی بچێ. دەرەنجام ستراتیژی چڕکردنەوە و سەنترالیزەکردن و گشتگیری تیمەکەی مالیکیش لەبەر یەکهەڵوەشێنێ و ئەوانیش ناچار بکات خۆیان دابەش بکەنەوە بەسەر بەشەکێشەکاندا.

لەم جۆرە مامەڵەیەدا، بەرژەوەندی هەرێم لەوەدایە کە کێشە گشتگیرەکە لەبەریەکهەڵوەشێنێ و وردی بکاتەوە بۆ بەشەکێشەکان، وەلێ لە تەکنیکی کارەکەدا وردی نەکاتەوە بۆ ئاستی تەکنۆکراتی و هونەریی. بەواتایەکی دیکە دانوستان بۆ چارەسەرکردنی هەر یەکێك لە بەشەکێشەکان نەداتە دەست تەکنۆکراتەکانی خوارەوە، بەڵکو وەکوو (فیکر)، وەکوو (ستراتیژی سیاسی) وەکوو (تێڕوانین و ئاراستە و رێچکە) لەسەر دەستی بڕیاربەدەستانی سیاسی چارەسەریان بکات. لەگەڵ سەری سەروەی هەرەمی هەر یەکێك لەو بەشەکێشانە دانوستان و مامەڵە و چارەسەر بکات، نەك لەگەڵ فەرمانبەرانی مەسلەکی ئەو سلکانە. بۆ کێشەی بودجە ژمارەیەك فەرمانبەری هەرێم لەگەڵ فەرمانبەرانی وەزارەتی دارایی عێراق کۆنەبنەوە و باسی ژمارە و دەروازە و وردەکاری خەرجی و داهات بکەن، بەڵکو لەسەری سەرەوەی هەرەمی دارایی هەرێم لەگەڵ ئەوانەی هاوشانی خۆیان لە بەغدا کۆبنەوە و دانوستان لەسەر سیاسەتی دارایی عێراق بکەن وەکوو ئەوەی دەوڵەتێکی فیدراڵە و پاشی رێککەوتن لەسەر ئەو سیاسەتە ئەوسا وردی بکەنەوە بۆ وردەکارییە هونەرییەکان. ئەمەیش بۆ هەموو بوار و پرسە هەڵپەسێراوەکانی دیکەیش دروستە، تا دەگات بەوەی کێشەی گشتی هەرێم وەکوو فیدراڵێکی پشتبەستوو بە دەستووری عێراق و شەراکەتی سیاسی و پێکەوە ژیانی ئاشتەوایی لەگەڵ سەرکردایەتی هاوپەیمانیی نیشتمانیی عێراقیدا باس دەکەن، نەك لەگەڵ نوری مالیکی و تیمەکەی.

# ئابووریناسان لەدۆڵێک و... حکومەتی عێراقیش لە دۆڵێکی دیکە

کازم حەبیب
تایبەت بۆ گوڵان نووسیویەتی



ئابووریناسانی عێراق بەجیاوازیی ئاست وبوارەکانیانەوە کەوتوونەتە نێو مشتومڕێکی سیاسەتی ئابووریی دەوڵەتی عێراقەوە، هەروەها گفتوگۆکردن لەسەر سیاسەتی دارایی و دراو کە بۆ ئەم جۆرە سیاسەتە پێویستە، هەتا ئەگەر لە میتۆدی ئایدیۆلۆژی و نموونەی ئابووری وناوەرۆکی سیاسەتە ئابوورییەکان جیاوازییان هەبێت، کە هەر تیمێك یان تاکێك لەگرووپە ئابوورییەکان لەناوەوە دەرەوەی وڵات بیگرێتەئەستۆو بانگەشەی بۆ بکات. بێگومان ئەم مشتومڕە تا ئێستا جۆرێك لە جووڵەو گفتوگۆیەکی تێروتەسەلی بەخۆوە بینیوە،وێڕای جیاوازی لەدیدو بۆچوون سەبارەت بە واقیع و ئاییندەی ئابووریی عیراق و گۆشەنیگاو بەرژەوەندیی کۆمەڵایەتی کە نووسەری ئابووری پشتی پێ دەبەستێت، یانیش بەو پاشخانە سیاسییەی کە هەیەتی.

نموونەی زیندووی ئەم مشتومڕەش لە تۆڕی ئابووریناسانی عیراقدا بەرچاودەکەوێت کە تا ئێستا چەندین بابەت و گفتوگۆی لەم شێوەیەی تێدا خراوەتەڕوو لەلایەن نووسەرانی ناوداری ئابووری ئەوانەی کە ئەزموونێکی دەوڵەمەندیان لە بواری ئابووریدا هەیە، ئەو گوتارانەی بڵاوکرانەوە هەموویان دووپاتی دەکەنەوە کە بایەخێکی گەورە لەلایەن ئابووریناسانی عیراقەوە لە ئارادایە چ لەلایەن بەشداربووانی ئابووریناس یان ئەوانەی لەدەرەوەی ئەم بازنە بچووکە، کە بەش بەحاڵی خۆیان گرنگی بە چارەنووسی ئابووریی عیراق وگەشەی ئابووری وکۆمەڵایەتیی وڵات دەدەن، لە پاڵ لاکردنەوە لە شێوازەکانی وەبەرهێنان و بەکارهێنانی کەرستەی سەرەتایی و سامانی نیشتمانی بۆ بەرژەوەندیی کۆمەڵگەو چۆنییەتی هەمەجۆرکردن ودەوڵەمەندکردنی داهاتی نەتەوەیی و شێوازی دابەشکردنی و ئینجا بەکارهێنانەوەی جارێکی دیکە.

بەڵام ئایا حکومەت سوود لەو جۆرە گفتوگۆیانە دەبینێت؟بە دەربڕینێکی وردتر ئایا بۆ نەخشەدانانی سیاسەتی ئابووریی خۆی لەمە سوودمەند دەبێت؟

هەموو ئەو زانیارییانەی لەژێر دەستماندان ئاماژە بە چەند ڕاستییەکی بنەڕەتی دەکەن لەقۆناغی ئێستادا:

١- هەموولایەنە سیاسییەکان بەشدار لە پرۆسەی سیاسی وحکومەتی ئێستاو پێشووی عیراق بێجگە لە حزبی شیوعی عیراق کە بەیەك وەزیریش بەشداری لەم حکومەتەدا نەکرد هەروەك لەحکومەتی پێشووشدا، هەروەها حزبی نیشتمانی دیموکراتی، ئەو لایەنانە ململانێیەکی توند دەکەن لەسەر دەسەڵات و داهات و هەژموون لە کۆمەڵگەدا، هیچ گوێ بە کاروباری ئابووری و گەشەپێدان نادەن، خەمی حکومەت تەنیا بریتییە لە زیادکردنی سامان و داهات لە ڕێی دەرهێنان وهەناردەکردنی نەوتی خاوەوە و دوور لە بەکارهێنانی لەپرۆسەی گەشەپێدانی نیشتمانی جگە لە سوودوەرگرتن بۆ کڕینی دەنگی خەڵك.

**حکومەتی عیراق ستراتیژییەتێکی گەشەپێدانی نییە بۆ ماوەیەکی دوور، دیدێکی واقیعبینانەو بابەتیانەی بۆ ئەم گەشەپێدانە نییە.حکومەتێکە بیر لە ئابووری وگەشەپێدان ناکاتەوە.تەنیا گرنگی بە ئابووریی سوودوەرگرتن و قازانج دەدات**

٢- حکومەتی عیراق ستراتیژییەتێکی گەشەپێدانی نییە بۆ ماوەیەکی دوور، دیدێکی واقیعبینانەو بابەتیانەی بۆ ئەم گەشەپێدانە نییە،حکومەتێکە بیر لە ئابووری وگەشەپێدان ناکاتەوە،تەنیا گرنگی بە ئابووریی سوودوەرگرتن و قازانج دەدات.

٣- حکومەتی عیراق تەنیا بیری لای دۆستەکان و ئیش و کارەکانی خۆیەتی،پێویستیی بە شارەزایانی ئابووری و سوودوەرگرتن لە شارەزایی و زانیارییە ئابوورییەکان نییە!

٤- ئەگەر هەندێ ئابووریناسی بە توانا و دڵسۆز لە دامەزراوەکانی دەوڵەت هەبن بە مەبەستی بەدیهێنانی گەشەپێدانی ئابووری کار بکەن،ئەوا سەرۆکی حکومەت یەکسەر هەوڵ دەدات دووریان بخاتەوە چونکە بە پێی ویست و خواستی ئەو کارناکەن، هەروەك بەم دواییە لەگەڵ پارێزگاری بانکی ناوەندیی دکتۆر سنان محەمەد ڕەزا

ئەلشبیبی روویدا،ئەو تەنیا بەشەرمەزارییەوە لەسەرکاری لانەدا بەڵکو یاداشتێکی دەستگیرکردنیشی بۆ دەرکرد تا نەگەڕێتەوە وڵات، لە کاتێکدا کە پارێزگاری بانکەکە لە دەرەوەی عیراق لە کۆنگرەی ئابووری بەشدار بوو کە لە ژاپۆن بەسترا.

ئەم راستییە تاڵەیە کە سنوورێکی جیاکەرەوەیە لە نێوان ئابووریناسانی دڵسۆز و حکومەتێکی ناهۆشیار بە ئەرکەکانی بەرامبەر بە گەل، هەر ئەوەشە ئابووری وا لێکردووە بە هۆی بوونی گەندەڵی و خراپ بەکارهێنانی سامانی وڵات زیانێکی گەورەی دارایی بەدوای خۆیدا بهێنێت،بەڵام دەرئەنجامی ئەو لێکدابڕانە هزری و پراکتیکییەی نێوان ئابووریناسان و حکومەتی عیراق لە چیدایە؟ زانراوە کە داهاتی دەستکەوتوو لە ئابووریی دەرهێنانی نەوتی عیراق دزەدەکاتە ناو ئابووریی سەرمایەداری جیهانی و بازاڕی سامانی دەوڵەتان، ئەمەش لە سێ رێگەوە:

١- لە رێی بازرگانیی دەرەوە کە زۆربەی کەرەستەکانی بەکاربردنی خێراو هەمیشەیی دەگرێتەوە، لەجیاتی ئەوەی بەشێکی بۆ پرۆسەی گەشەپێدان و وەبەرهێنان تەرخان بکەن هەروەها بۆ هەمەجۆرکردنی ئابووریی نیشتمانی و زیادکردنی توانای بەرهەمهێنان بە تایبەتیش لە هەردوو کەرتی پیشەسازی و کشتوکاڵدا.

٢- لەرێی پارەو سامانی دزەکراو لەبودجەی دەوڵەتەوە بۆ کەرتی تایبەت و بە چەندین شێواز ئەمەش دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی توانای کۆکردنەوەی سامانی کەرتی تایبەت و ئابووریی نیشتمانی.

٣- لەرێی زۆر شێوازی دیکەی

**خەمی حکومەتی عیراق تەنیا بریتییە لە زیادکردنی سامان و داهات لە رێی دەرهێنان وهەناردەکردنی نەوتی خاوەوە و دوور لە بەکارهێنانی لەپرۆسەی گەشەپێدانی نیشتمانی جگە لە سوودوەرگرتن بۆ کڕینی دەنگی خەڵك**

دارایی وەکو پرۆسەی ئاڵوگۆڕکردنی پارە لەبازاڕەکان یان هەڕاجکردنی پارە وبەرتیل وبەرتیلکاری لەمۆرکردنی گرێبەستدا.

ئەو عیراقەی کە خوازیاربوو لە ئابوورییەکی سەنترالی دەست دەسەڵاتێکی سەنترالی فاشی و ستەمکارەوە بەرەو ئابوورییەکی ئازاد هەنگاوبنێت،کە پێداویستی و تواناکانی ئەم گواستنەوەیەی تێدا نییە نە لەسەر ئاستی کەرتی دەوڵەت نە لەسەر ئاستی کەرتی تایبەت. لەلایەنی زانستییەوە دەکرێ دەرئەنجامەکان ئاشکرا بکرێن لەواقیعی ئەم قۆناغەی ئابووریدا:

١- بەردەوام نەبوونی ستراتیژییەتێکی گەشەپێدان و ئابووری و کۆمەڵایەتی، دواتر ئەو زیانە گەورەیەی بەر ئابووری و کۆمەڵگە دەکەوێت، زیان گەیاندن بە کات و توانا بۆ گەیشتن بەکاروانی گەشەپێدانی زۆربەی وڵاتانی جیهان.

٢- بەردەوامبوونی دیاردە بنەڕەتییەکان کە ئابووری عیراق جیادەکاتەوە بەوەی کە ئابوورییەکی نەوتی وقازانجهێنە.

٣- بەردەوام پشتبەستن بە هاوردەکردن بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی ئابووریی نیشتمانی و بەفیڕۆدانی سامانێکی زۆر کە دەکرا بەشێکی گرنگی بۆ بەرژەوەندیی گەشەپێدان و وەبەرهێناندا خەرج بکرایە.

٤- لەبەرئەوە بەردەوام پشت بە سامانی نەوت دەبەسترێت لە بەرهەمهێنان و بەکاربردنی داهاتی نەتەوەیی لەجیاتی هەمەجۆرکردن و دەوڵەمەندکردنی سامانی نیشتمانی یان داهاتی نەتەوەیی.

٥-ئەمەش بەواتای دوورخستنەوەی ئابووریی نیشتمانی لە پیشەسازیی مۆدێرن وتازەکردنەوەی کشتوکاڵ و بەردەوام هاوردەکردن بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی ناوخۆ.

٦- هەر ئەمەش بە واتای بوونی بێکارییەکی زۆر وئاشکرا و کەڵەکەبوونی بێکاری داپۆشراو لە دەزگا مەدەنی و سەربازییەکان کە دەرئەنجامی نێگەتیڤیان لێدەکەوێتەوە.

٧- هەرچەندە تێکرایی پشکی تاك لەداهاتی نەتەوەیی زیادی کردووە لەبەر زێدەبوونی داهاتەکانی نەوت لە ئەنجامی هەناردەکردنی بڕێکی زۆری نەوتی خاو، بەڵام ئەم دابەشبوونەی داهات لەنێو تاکەکانی کۆمەڵگە نایەکسان و نادادپەروەرانەیە، لەبەر نەبوونی دەستەبەریی

**ئەگەر هەندێ ئابووریناسی بە توانا و دڵسۆز لە دامەزراوەکانی دەوڵەت هەبن بە مەبەستی بەدیهێنانی گەشەپێدانی ئابووری کار بکەنئەوا سەرۆکی حکومەت یەکسەر هەوڵ دەدات خۆیان لێ رزگاربکات و دووریان بخاتەوە چونکە بە پێی ویست و خواستی ئەو کارناکەن**

کۆمەڵایەتی لە حاڵەتەکانی بێکاری و پەککەوتن ونەخۆشیدا..تاد.

٨- بەڵام لەمەش مەترسیدارتر ئەو هەموو سامان و داهاتە زۆرەیە کە ئابووریی قازانج کۆنترۆڵی کردووەو وا لە بەرپرسان دەکات زیاتر هەژموون ودەسەڵاتی تاکەکەسی خۆیان بسەپێنن و بڕیارەکان لەدەست خۆیاندا بمێنێتەوە و سامانەکە پەخشان و تەخشان بکەن.

گفتۆکردنی نێوان ئابووریناسان بەتەنیا بەس نییە سەبارەت بەو بابەتانەی تایبەتن بە لایەنی تەکنیکی باڵا کەتوێژەکانی گەل درکی پێ ناکەن،بەڵکو ئێمە پێویستیمان بە دووگوتاری ئاشکرا و روون هەیە، گوتارێك بۆ گفتوگۆی نێوان ئابووریناسان و مشتومڕ لەسەر کێشەتیۆری وپراکتیکییەکان وگوتارەکەی دیکەش بۆ جەماوەر تاکو هۆشیاربێت، ئەمەش مانای ئەوەنییە کە ئەو دوو گوتارە لێکدی جودا بکرێنەوە، بەڵکو دەبێ پێکەوەبن، ئەمەش زۆر گرنگە تاکو گوتاری زانستیی ئابووری بەشدار بێت لەبەرزکردنەوەی ئاستی خوێنەرێکی سادە کە حەزبکات زانیاری و شارەزایی ئابووریی خۆی پەرەپێبدات.

بەڕاستی ئەمە ئەرکێکی قورسە بەڵام پێویست و هەستیاریشە و دەبێ پێی قایل بین، چونکە بەبێ ئەو دەستەوەستان دەبین لەقایلکردنی حکومەت تاکو گوێ لە بۆچوونی ئابووریناسان بگرێت، دواتر راو بۆچوونەکانی ئەم ئابووریناسانە بۆ جەماوەر روون بکاتەوە، ئا بەم شێوەیە ئابووری دەتوانێت ئەرکی پیشەیی و نیشتمانیی خۆی لەیەك کاتدا بەجێ بگەیەنێت.

سەدەیەک شکستی کوردی لە فەرەنسادا

# بۆ کورد نەیتوانیوە وەک ئەرمەن و جوولەکەو تورک و مەغرببیەکان سوود لە فەرەنسا وەربگرێت؟

**هەزاران کوردمان لە شارەکانی وەک پاریس، لیۆن، مارسیلیا، لیل، بۆردۆ، نیس، کلێرمۆ، ستراسبورگ، تولوز،... هەیە. بەشێکی زۆری ئەم کوردانە لە فەرەنسادا خێزانیان دروستکردووە وبە قووڵایی کۆمەڵگەی فەرەنسیدا شۆڕبوونەتەوە. گەر نوێنەرایەتیی کوردی لە فەرەنسادا خاوەنی پرۆژەیەکی ستراتیژی بووایە، دەیتوانی تۆڕێکی فراوانی کۆمەڵایەتی لەم سەرمایە بەشەرییە دروستبکات.**



د.عادل باخەوان*

بۆ گوڵانی نووسیوە

فەرەنسا، یەکێکە لەو پێنج وڵاتە هەرە بەهێزەکەی جیهان، ئەندامی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایشە، شەست و پێنج ملیۆن و سێ سەد و پەنجا هەزار کەسە، یەکێك لە گەورە بەرهەمهێنەرەکانی زانستە لە جیهاندا، وڵاتێکە بە نۆسەد و پەنجا هەزار توێژەرەوە کە بەلای کەمەوە هەر توێژەرێك خاوەنی دکتۆرایەکە، فەرەنسا دەتوانێت لەسەر هەموو ئاستەکاندا : سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، وەرزشی، کولتووری، زانستی، ئەدەبی، کارایی بەسەر جیهانەوە دابنێت. لە وڵاتێکی ئاوادا، تاچەند ئێمەی کورد دەتوانین، وەك ئەرمینی، جوولەکە، تورک و مەغریبییەکان، خۆمان وەربگێڕینە سەر هێزێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی کاراییدانەر و لە ساتە پێویستەکاندا ئەم وڵاتە بۆ بەرژەوەندییە باڵاکانی کوردستان و کوردایەتی بەکاربێنین؟ لە شەریف پاشەوە تا کرێکارە ڕەش و ڕووتە کوردەکانی ئەمڕۆی پاریس، کورد پێی لەم وڵاتە نەبڕیوە. پاریس هەمیشە یەکێک بووە لەو پانتاییانەی کە سیاسی و ڕۆشنبیران و تەنانەت کرێکارانی کوردیش ڕوویان تێکردووە. ئەم مێژووەش تەمەنی لە سەدەیەك تێدەپەڕێت. ئەوەی جێگای وردبوونەوە و ڕامانە لاوازیی و کرچ و کاڵیی ئامادەیی سیاسی و کۆمەڵایەتیی کوردییە لەم ڕووبەرەدا. ڕاستە کە مێژووی ئێمە لەم وڵاتەدا سەدەیەك تێدەپەڕێنێت، بەڵام ئەوەش ڕاستە کە ئەم سەدەیە، بە بەراورد لەگەڵ ئامادەیی ئەو گرووپانەی کە پێشتر ناومانهێنان، سەد ساڵە لە شکستی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و تەنانەت زانستییشدا.

پەیوەندییە سیاسییەکانی ئێمە لەم وڵاتەدا ئەو بازنەیە تێناپەڕێنن کە پێکهاتووە لە چەند کۆنە سەفیرێکی خانەنشین، چەند دیپلۆماتێکی پەراوێزکراو یاخود چەند سیاسییەکی میدیاتیك کە بۆ دەرکەوتنی زیاتر لە تەلەفزیۆنەکاندا هەمیشە باس لە قوربانییەکان، بە ئێمەی کوردیشەوە، دەکەن. ئەم بازنە تەسك و بچووکە، لە ڕووبەرێکی تەواو سنورداردا نەبێت هەرگیز ناتوانن بجوڵێنرێن و کاری گەورەی پێناکرێت. ئەوەی نوێنەرایەتی سیاسی ئەرمینیەکان توانی بە پەرلەمانتارە فەرەنسییەکانی بکات سەبارەت بە جینۆسایدی ئەرمینی، بۆ نوێنەرایەتی سیاسی کرچوکاڵی کورد بە خەونیش نابینرێت. نوێنەرایەتیی کورد تا ئێستاش لەسەر گۆڕەکەی دانیال میتێران دەگری و تێنەگەشتووە لەوەی کە دنیای تازە، دنیای پۆست دانیال میتێرانە و بەبێ تۆڕێکی فراوانی سیاسی نیشتمانی تەمەنی کاراییمان لە تەمەنی پەپولەیەك زیاتر نابێت.

لەسەر ئاستی «کۆمەڵگەی مەدەنی»، ئامادەیی کوردی نەك هەر کرچ و کاڵ و لاوازە، بەڵکو هەر بونیشی نییە. بە بەراورد لەگەڵ ئەرمینیەکان، جولەکەکان، مەغریبییەکان و تورکەکان کە خاوەنی سەدان ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنین : ڕێکخراوی ئافرەتان، لاوان، خوێندکاران، ڕۆشنبیران، کرێکاران، مامۆستایان، هتد. هەموو کوردەکانی باشوری کوردستان، ئەوەندەی من ئاگام لێبێت تەنیا ڕێکخراوێکیان هەیە کە ئەندامەکانی لە پەنجەی دەست تێناپەڕێن و نەك هەر پشتگیری ناکرێت، بەڵکو بە توونديش دژایەتی دەکرێت. ئێمە هەزاران کوردمان لە شارەکانی وەك پاریس، لیۆن، مارسیلیا، لیل، بۆردۆ، نیس، کلێرمۆ، ستراسبورگ، تولوز، ...هەیە. بەشێکی زۆری ئەم کوردانە لە فەرەنسادا خێزانیان دروستکردووە وبە قووڵایی کۆمەڵگەی فەرەنسیدا شۆڕبوونەتەوە. گەر نوێنەرایەتیی کوردی لە فەرەنسادا خاوەنی پرۆژەیەکی ستراتیژی بووایە، دەیتوانی تۆڕێکی فراوانی کۆمەڵایەتی لەم سەرمایە بەشەرییە دروستبکات و لەڕێگای ئەم تۆڕەشەوە دەستکاریی وێنەی کوردی لە یادەوەریی کۆلێکتیڤی فەرەنسیدا بکات. بەڵام بەداخەوە لە ئامادەنەبوونی پرۆژەیەکی لەم جۆرەدا، فەرەنسییە کوردەکان وەك ئەتۆم پەرشوبڵاوبوون و هیچ شتێك بەیەکیانەوە نابەستێتەوە.

لەسەر ئاستی زانستیی تراژیدیا ئێمە هیچی لە ئاستەکانی دیکە کەمترنییە.مێژووی نوێنەرایەتیی ئێمە ناتوانێت فەرەنسای پیەر بۆردیۆ، ئالان تورێن، لوك بۆلتانسکی، ڕێجیس دوبرێ، میشێل فوکو، جاك دێریدا، جیل دولوز، ئۆلیڤەر ڕوا، جیل کەپێل، دانیال ئێرڤیۆ لێژێ و

هەزاران گەورە زانای دیکە، ببینێت. ئەوەی ئەم نوێنەرایەتییە دەیبینێت تەنیا چەند «بەحساب» ڕۆشنبیرێکە کە خاوەنی هیچ پێگەیەکی زانستی نین لە نێو کێڵگەی زانستیی فەرەنسیدا. مێژووی نوێنەرایەتیی ئێمە بریتییە لە مێژووی نزیکبوونەوە لەو کەسانەی کە لە پەراوێزەکانی زانستیی فەرەنسیدا دەژین. باشترین بەڵگەش ئەو ڤیستیڤاڵ و بۆنەو بەیەکگەشتنانەیە کە لە کوردستاندا ئەنجامدەدرێن وهەندێك فەرەنسی بەشدارییپێدەکەن کە بە دەگمەن لە پەراوێزەکانی کێڵگەی زانستیشدا دەبینرێن. لەکاتێکدا ئەو سەرمایەی کە لەم جۆرە کەسانەدا سەرفدەکرێت، دەکرێت بەکاربهێنرێت بۆ هێنانی پیاوانی وەك ئالان تورێن، هابرماس یان ئۆلیڤەر ڕوا کە نەوەیەك لە کوردستان خەون بە دیداریانەوە دەبینێت.

بێگومان ناکرێت لە بابەتێکی وادا ئاماژە بەو شەپۆلە خوێندکارە نەدەین کە ساڵانە ڕوودەکەنە فەرەنسا و لە زانکۆ جیاوازەکاندا دەست بە خوێندن دەکەن. گەر عەقڵی سیاسیی کوردی لە فەرەنسادا خاوەنی جیهانبینییەکی بابەتیانە و پرۆژەیەکی ستراتیژیی نیشتمانی بووایە، زۆر بە ئاسانی دەیتوانی لەم هەزاران خوێندکارە بزووتنەوەیەکی خوێندکاریی بەهێز لەسەر ئاستی فەرەنسادا دروستبکات. بزووتنەوەیەك کە لە داهاتوویەکی نزیکدا دەیتوانی (دەتوانێت) ببێت بە خاوەنی سەدان دکتۆر لە سۆسیۆلۆژیا، زانستە سیاسییەکان، ئەنترۆپۆلۆژیا، ماف و یاسا، جیۆگرافی، پزیشکی، ئەندازیاری، فەلسەفە،...، لەهەلومەرجێکی ئاواشدا، نەك هەر بەتەنیا وەڵامی پێداویستییەکانی زانکۆکانی کوردستانی دەدایەوە، بەڵکو ئەم بزووتنەوەیە دەیتوانی ببێت بە هێزێکی چالاکی کشاو بەنێو تەواوی موختەبەرە زانستییە فەرەنسییەکانیشدا. لە کرچوکاڵیی عەقڵی سیاسیی ئێمەدا، ئەم بزووتنەوەیە نەك هەر دروستنەبووە، بەڵکو بەشێکی زۆری ئەو خوێندکارانەش کە گەشتونەتە فەرەنسا، لە ئاستی جیاوازدا تووشی نەخۆشیی دەروونی بوون و دوورنییە کە لەداهاتوودا تەنانەت دیاردەی خودکوژیش لەنێویاندا سەرهەڵبدات. عەقڵی سیاسیی ئێمە، لەبری باوەشکردنەوە بۆ ئەم خوێندکارانە، لەبری دەستنیشانکردنی «یاریدەدەری کۆمەڵایەتی» بۆیان بۆئەوەی هاوڕێیەتییان بکات و فێری چۆنییەتی تێکەڵبوون بە کۆمەڵگەی فەرەنسیان بکات، بەخۆیانیان دەسپێرێت و بەرەڵڵای نێو کۆڵانەکانی مۆدێرنیتێی فەرەنسیان دەکات.

بێگومان ئەم شکستانە، لە ئێستا و ئێرەدا بینانەکراون و پەیوەندییان بە کەسێکی تایبەتەوە نییە، بەپێچەوانەوە، ئەم شکستانە لەنێو مێژوویەکی درێژدا دروستبوون و هەر لەنێو ئەو مێژووەشدا، بە ئێستاشەوە خۆیان دووبارەدەکەنەوە. دەستنیشانکردنی کەسێکی تایبەت بۆ ئەوەی وەك مەسیح هەموو ئەم شکستانەی بخرێتە سەر شان، هەڵەیە، بەڵام بەردەوامی هەر کەسێکیش لەسەر هەمان ئەو سیستەمی کارکردنەی کە ئەم شکستانەی بەرهەمهێناوە ڕاستەوخۆ دەیکات بە «بەرپرسیار» لە بەشێکی گرنگ لەم شکستانە.

ئایا ڕێگایەك هەیە بۆ چوونەدەرەوە لەم قەیرانە یەك لەدوای یەکانە کە هەموو ئاستەکانی گرتووەتەوە ؟ هەر چەند لەسەر ئاستی پراکتیك هیچ ئاماژەیەك بەڕێوە نییە بۆ ئەوەی عەقڵی سیاسیی کوردی لە فەرەنسادا ئەم قەیرانانە تێبپەڕێنێت، بەڵام هەر هیچ نەبێت لەسەر ئاستی تیۆری دەکرێت ئێمە پێشنیاری بۆچوونێك بۆ چوونە دەرەوە لەم کۆڵانە داخراوە بکەین. ئەم بۆچوونەش دەکرێت لەسەر ئەو پرانسیپە بینابکرێت کە عەقڵی سیاسیی کوردی لە فەرەنسادا دەبێت عەقڵێکی نیشتمانی بێت و سنورە تەسکەکانی تاکەکەس، حیزب، گروپی دروستکراو لەسەر بنەمای هاوڕێیەتی، نەوەی کۆن، نەوەی تازە تێبپەڕێنێت. پاشان ئەنجومەنێکی نیشتمانیی کوردی لە فەرەنسادا دروستبکات و کاری سەرەکی بریتی بێت لە دروستکردنی پرۆژەی ستراتیژی بۆ هەموو ئەو مەیدانانەی کە ئاماژەمان پێکردن و لە نزیکەوە چاودێریی چۆنییەتی جێبەجێکردنیان لەلایەن نوێنەرایەتیی حکومەتی هەرێمەوە بکات. ئەستەمە بە تەنیا کەسێك، جا ئیتر هەر کەسێك بێت و لە هەر ئاستێکی حیزبی و حکومیدابێت، بتوانێت لە ژوورێکی داخراودا ئەم هەموو بەرپرسیاریەتییە بگرێتە ئەستۆی خۆی، گەر هەر کەسێك ئارەزووی ئەوەبکات کە ئەم جۆرە کەسە بێت بێگومان دەیەوێت مێژووی ئەم قەیرانانە بەردەوامبێت. بەڵام لە هەلومەرجی وەرگرتنی ئەم پێشنیارەی ئێمەدا، ئیتر لە کاری تاکە کەسییەوە، پرۆژەی تاکە کەسییەوە، بەرپرسیاریی تاکە کەسییەوە دەپەڕینەوە بۆ کاری دەزگایی، پرۆژەی دەزگایی وبەرپرسیاریی دەزگایی. پێموایە گەر عەقڵی سیاسیی کوردیش لە فەرەنسادا، لەبەر بەرژەوەندییە دابەشبووە جیاوازەکانی، ئەم پێشنیارەی بۆ هەرس نەکرێت و جێبەجێی نەکات، ئەوا سەرۆکایەتیی هەرێم و سەرۆکایەتیی حکومەتی هەرێم، لە پێناوی بەرژەوەندییە باڵاکانی کوردایەتیدا دەبێت بەسەر هەموو لایەکیدا فەرز بکەن، گەرنا هەموومان پێکەوە، دەلکێین بە مێژووی ئەم شکستە یەك لەدوای یەکانەوە.

*** سۆسیۆلۆگ و مامۆستای زانکۆ لە پاریس**

**لە شەریف پاشەوە تا کرێکارە ڕەش و رووتە کوردەکانی ئەمڕۆی پاریس، کورد پێی لەم وڵاتە نەبڕیوە. پاریس هەمیشە یەکێك بووە لەو پانتاییانەی کە سیاسی و ڕۆشنبیران و تەنانەت کرێکارانی کوردیش ڕوویان تێکردووە.**

**بەشێکی زۆری ئەم کوردانە لە فەرەنسادا خێزانیان دروستکردووە وبە قووڵایی کۆمەڵگەی فەرەنسیدا شۆڕبوونەتەوە. گەر نوێنەرایەتیی کوردی لە فەرەنسادا خاوەنی پرۆژەیەکی ستراتیژی بووایە، دەیتوانی تۆڕێکی فراوانی کۆمەڵایەتی لەم سەرمایە بەشەرییە دروستبکات**

**گەر عەقڵی سیاسیی کوردی لە فەرەنسادا خاوەنی جیهانبینییەکی بابەتیانە و پرۆژەیەکی ستراتیژیی نیشتمانی بووایە، زۆر بە ئاسانی دەیتوانی لەم هەزاران خوێندکارە بزووتنەوەیەکی خوێندکاریی بەهێز لەسەر ئاستی فەرەنسادا دروستبکات**

**هەر چەند لەسەر ئاستی پراکتیك هیچ ئاماژەیەك بەڕێوە نییە بۆ ئەوەی عەقڵی سیاسیی کوردی لە فەرەنسادا ئەم قەیرانانە تێبپەڕێنێت، بەڵام هەر هیچ نەبێت لەسەر ئاستی تیۆری دەکرێت ئێمە پێشنیاری بۆچوونێك بۆ چوونە دەرەوە لەم کۆڵانە داخراوە بکەین**



# سبەی ئەمریکیەکان

# ئۆباما بەڕێژەیەکی کەم



# دەنگ بەکێ دەدەن؟

## لــە پێش ڕۆمنی-یەوەیە

سەبەی یەکەم سێ شەمەی مانگی نۆڤەمبەر جارێکی دیکە ئەمریکیەکان ڕوودەکەنە سندوقی دەنگدان بۆ ئەوەی سەرۆکی وڵاتەکەیان بۆ چوار ساڵی داهاتوو دەسنیشان بکەن، لەگەڵ ئەوەی هەڵبژاردنی ئەمساڵ هاوکاتە لەگەڵ گێژەڵووکەی ساندی کەچەند ویلایەتێکی ئەمریکای گرتۆتەوەو پێشبینینی دەکرا کە ئەم گێژەڵووکەیە ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکە دوابخات، بەڵام وادیارە هەڵبژاردنەکان لەکاتی خۆی ئەنجامدەدرێت.

پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا لەگەڵ ئەوەی پرۆسەیەکی سیاسییە لە چوارچێوەی یەك دەوڵەتداو تەنیا ئەمریکیەکان دەنگی تێدادەدەن، بەڵام پرۆسەی هەڵبژاردنی سەرۆکی ئەمریکا، بۆتە پرسێك پێوەندی بەهەموو جیهانەوە هەیە و هەموو جیهان لەنزیکەوە چاودێری دەکات، هۆکاری ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەمریکا وەك گەورەترین هێز بێ ڕکابەر لەجیهاندا کاریگەری لەسەر ئاراستەی سەرجەم سیاسەتی جیهانی هەیە، لەمەش گرنگتر بۆ ئێمە وەك کورد یان وەك بەشێك لە عێراق، سیاسەتی ئەمریکا بۆ هەرێمی کوردستان و عێراق گرنگی خۆی هەیە، لەبەر ئەوەی سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر بە هەرێمی کوردستان و عێراق، ڕاستەوخۆ کاریگەر لەسەر پرۆسەی سیاسیی عێراق و باری سیاسیی هەرێمی کوردستان دەبێت. بۆیە لەم ڕوانگەیەوە بۆ ئێمە وەك کورد و هەرێمی کوردستان لە عێراقدا، ئەم هەڵبژاردنە گرنگی خۆی هەیە، هەرچەندە سیاسەت و ستراتیژیەتی ئەمریکا وەك دەوڵەتێکی دامەزراوەیی تارادەیەکی زۆر پەیوەستە بە ئاراستەی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لەبەشە جیاوازەکانی جیهان، بەڵام دیسان ئاراستەی بەڕێوەبردنی سیاسەت و ستراتیژیی حکومەتی ئەمریکا لەشێوازی ئەو میکانیزمەی بۆ جێبەجێکردن دەیگرنە بەر، لەحزبێکەوە بۆ حزبێکی دیکە و لە سەرۆکێکەوە بۆ سەرۆکێکی دیکە دەگۆڕێت، لەم چوارچێوەیەدا ئەگەر سەرنج لە عێراق و هەرێمی کوردستان بدەین، ئەوا لەدوای پرۆسەی ئازادکردنی عیراقەوە لەماوەی زیاتر لە ٩ ساڵی ڕابردوودا، ئاشکرایە سیاسەتی ئەمریکیمان بەرامبەر بەعیراق و هەرێمی کوردستان، لە هەردوو پۆستی کۆمارییەکان و دیموکراتییەکان



بینیوه و لەمیانەی هەردوو ئیدارەکەشدا هەستمان بەوەکردووە کە دیموکراتیەکان یان کۆمارییەکان هەر کامیان ئیدارەی ئەمریکا هەڵبسوڕێنن سیاسەتەکانیان بەرامبەر عیراق و هەرێمی کوردستان جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە، ئەمە لەکاتێکدا وەك هاوسۆزییەك بۆ ئیدارەی کۆمارییەکان کە لەساڵی ٢٠٠٣ ڕژێمی سەدام حوسێنیان ڕووخاند و عیراقیان لەدیکتاتۆریەت ڕزگار کرد، لەوانەیە بۆچوونی ئێمە وەك کورد لەگەڵ ئەوەبێت کە کۆمارییەکان لەبڕیاردانا خێراترن لەچاو دیموکراتەکان و هەروەها لەبەر ئەوەی شەڕی ئازادکردنی عیراق زیاتر کۆمارییەکان خۆیان لێ بە بەرپرسیار دەزانن تا دیموکراتەکان، بۆیە لەم ڕوانگەیەوە لەوانەیە لای ڕای گشتی کورد ئیدارەی کۆمارییەکان پەسەندتر بێت، بەڵام وەك لەماوەی چوار ساڵی ڕابردووشدا ئەزموونمان لەگەڵ سیاسەتی ئەمریکا لەگەڵ ئیدارەی دیموکراتیەکان پەیداکردووە، هەست دەکەین ئەم ئیدارەیەش بە شێوازی تایبەتی خۆی پشتگیری لە ئاسایش و سەقامگیری هەرێمی کوردستان دەکات و پێوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و واشنتۆن وەرچەرخانی گەورەی بەخۆوە بینیوە و، وەك لەیەکێك لەوتارەکانیدا بۆ گوڵان تید گەلن کارپینتەر جێگری سەنتەری کاتۆ بۆ دیراساتی ستراتیژی ئاماژەی پێکردبوو، ئەمریکا لەهەوڵی ئەوەدایە پلانی B دابڕێژێت بۆ ئەوەی مامەڵە لەگەڵ هەرێمی کوردستان بکات، ئەمەش واتە ئەگەر پێشتر لەچوارچێوەی سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر عێراق مامەڵە لەگەڵ هەرێمی کوردستان کرابێت، ئەوا لە ئێستا بەدواوە پێویستە لەناو سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر بەعێراق بە شێوەیەکی تایبەتی مامەڵە لەگەڵ هەرێمی کوردستان بکرێت، ئەمەش خۆی لەخۆیدا نیشانەی ئەوەیە کە پێوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و ئەمریکا، گەیشتۆتە قۆناخێك کەدەکرێت هیوای ئەوەی لەسەر هەڵبچنرێت کە ئایندەی ئەم پێوەندیانە بەرەو ئاسۆیەکی گەشتر هەنگاو هەڵدەگرن، ئەوجا کۆمارییەکان لەدەسەڵاتدا بن یان کۆمارییەکان، ئەم حاڵەتەش بەنیسبەتی دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە تەنانەت تورکیاش حاڵەتێکی دەگمەنە کە وڵاتێك توانیویەتی بەجۆرێك ئاراستەی سیاسەتی خۆی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی پیادە بکات، کە گۆڕینی ئیدارەی ئەمریکی لە کۆمارییەکان بۆ دیموکراتی و بەپێچەوانەشەوە کاریگەری لەسەر شێوازی پێوەندییەکان نەبێت، لێرەدا جێگەی خۆیەتی هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٠٨ و هەڵوێستی تورکیا بەرامبەر ئەو هەڵبژاردنە بەبیربهێنینەوە کەوەك ئەوەبوو هەڵبژاردنەکە تایبەت بێت بەتورکیا و بەهەڵبژاردنی ئۆباما لەهەموو شارەکانی تورکیا ئاهەنگ گێڕدرا، بەڵام لەهەمانکاتدا هەرێمی



**دیڤید میدنیکۆف بۆ گوڵان:**

## پارتەکەی ڕۆمنی باوەڕیان بە گرتنەبەری سیاسەتێک هەیە کە پێدەچێت کەمتر هاوکاری کردن لەخۆبگرێت لەگەڵ وڵاتانی دیکەدا

کوردستان بەشێوەیەکی دۆستانە مامەڵەی لەگەڵ ئەو ڕووداوە کرد، ئەم مامەڵە دۆستانەیەی هەرێمی کوردستان لەگەڵ کۆمارییەکان و دیموکراتییەکان، لای هەندێك بەو جۆرە لێکدرایەوە کە دوای ڕۆشتنی کۆمارییەکان پێوەندییەکانی نێوان هەرێم و واشنتۆن کەمدەبێتەوە، بەڵام دوای چوارساڵ لەئیدارەی دیموکراتیەکان، جیا لەوەی گەورەترین کۆمپانیای ئەمریکی وەك ئەکسن مۆبیل ئێستا لە هەرێمی کوردستان وەبەرهێنان دەکات، لەهەمانکاتدا پێوەندییەکانی نێوان تورکیاو هەرێمی کوردستانیش گەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە ئەنقەرە بە ئاستی سەرۆکی دەوڵەتێکی سەربەرخۆ پێشوازی لەبەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بکات و لەمەش زیاتر ئێستا کونسوڵخانەی تورکیا هاوشانی کونسوڵخانەی ئەمریکاو دەوڵەتانی ناتۆ و یەکێتیی ئەوروپا لە هەولێر کراونەتەوە و ڕەجەب تەیب ئەردۆگانی سەرۆك وەزیران و داود ئۆغلۆی وەزیری دەرەوەی تورکیا سەردانی هەرێمی کوردستان دەکەن و ئامادەن لەبەردەم ئاڵای کوردستان و تورکیا کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی لەگەڵ سەرۆك بارزانی گرێبدەن.

خستنە ڕووی ئەم باکگراوەندە خێرایە بۆ ئاماژەکردنە بەوەی ئیدارەی ئەمریکی بەدەست کۆمارییەکانەوە بێت یان دیموکراتەکان، ئەوا پێوەندی نێوان هەولێر و واشنتۆن بەرەو پێشەوە دەچێت و ڕۆژ لەدوای ڕۆژیش واشنتۆن زیاتر لەو ڕاستیە نزیکدەبێتەوە کە هەرێمی کوردستان چەند لەسەربەخۆیی نزیك بێتەوە هێندە زیاتر دەبێتە فاکتەرێك بۆ سەقامگیری و بونیادی دیموکراتی لەناوچەکە و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

### بەپێی ڕاپرسیەکان
### چانسی ئۆباما لە ڕۆمنی زیاترە

بەپێی ئەو ڕاپرسیانەی ئەنجامدراون چانسی ئۆباما بۆ ئەوەی جارێکی دیکە هەڵبژێردرێتەوە بۆ سەرۆکی ئەمریکا لە میت ڕۆمنی ڕکابەری زیاترە، تەنانەت پرۆفیسۆر دیڤید میدنیکۆف ئوستادی سیاسەت لەزانکۆی ماسیۆشێت و بەڕێوەبەری پرۆگرامەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەهەمان زانکۆ پێیوایە لەگەڵ پێشبینی زەحمەتە لەنێوان ئۆباما و ڕۆمنی، بەڵام گێژەڵووکەی ساندیش لەبەرژەوەندیی سەرۆك ئۆباما بوو، لەمبارەوە و لەلێدوانێکی تایبەت بۆ گوڵان بەمجۆرە ڕای خۆی دەربڕی و وتی: (لە ڕاستیدا ئەنجامی هەڵبژاردنەکان -هەڵبەتە لەسەر بنەمای پێشبینەکان- ئەوەندە نزیکن کە ناتوانین ئەوە یەکلابکەینەوە کێ سەرکەوتوو دەبێت، ئەگەرچی پێموایە هەواڵەکانی پەیوەست بە گێژەڵووکەی ساندیەوە کە بوونەتەهۆی ئەوەی بۆ چەند ڕۆژێك باسی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان نەکرێت لە هەواڵەکاندا، لە بەرژەوەندیی سەرۆك ئۆباما بوونە. لە ئەمریکادا خەڵکی لەبەر چەندین هۆکاری

جۆراوجۆر دەنگ بە پاڵێوراوەکان دەدەن، زۆرێك هاوڕان لەگەڵ بۆچوونەکانی ئەو پارتە سیاسییەی پاڵێوراوەکە سەر بەوە، ئەوانی دیکە لەسەر بنەمای کەسایەتی پاڵێوراوەکە دەنگ دەدەن یاخود پشت بە هەستی خۆیان دەبەستن. لەم هەڵبژاردنەدا، پێدەچێت مەسەلەی ئەوەی چ پاڵێوراوێك بە باشترین شێوە ئابووری وڵاتەکە بەرەوپێشەوە دەبات هۆکاری سەرەکی بێت کە ئەوە دیاری دەکات دەنگدەران دەنگ بە کێ بدەن. بەڵام ئەمەریکاش ئەوەندە گەورەیە کە زۆر زەحمەتە بتوانین گشتاندن بکەین. بەڵام ئەگەری ئەوە هەیە هەڵبژاردنەکان کاریگەریان هەبێت بەسەر سیاسەتی دەرەکییەوە. پارتەکەی ڕۆمنی و ڕاوێژکارە سیاسیە سەرەکیەکانی باوەڕیان بە گرتنەبەری سیاسەتێك هەیە کە پێدەچێت کەمتر هاوکاری کردن لەخۆبگرێت لەگەڵ وڵاتانی دیکەدا، هەروەها پتر تاکلایەنە و ڕەنگە زیاتر توندتر بێت بە بەراورد بەو سیاسەتەی ئۆباما گرتویەتیەبەر. ئەگەر ڕۆمنی سەرکەوتوو بێت، ئەوا زیاتر دەکەوێتە ژێر فشاری پارتەکەیەوە بۆ ئەوەی پتر ڕووبەڕوو بێتەوە لەگەڵ ئێران و چیندا. لەوەش زیاتر، بێئەزموونی ڕۆمنی لە سیاسەتی دەرەوەدا و ئەو هەڵانەی لە هەڵمەتەکەیدا کردی ئەگەری ئەوە زیاد دەکەن ئیدارەکەی گیروگرفتی هەبێت لە بواری سیاسەتی دەرەوەدا. بە دڵنیاییەوە، ئەو تەفزیلکردنە گشتیەی لە دەرەوەی ئەمریکا بۆ ئۆباما هەیە بەسەر ڕۆمنیدا دەبێتەهۆی ئەوەی ڕۆمنی دووچاری دژواری بێتەوە لە گرتنبەری دیپلۆماسیەتێکی کارا ئەگەر هاتوو سەرکەوتوو بوو. سەرەڕای هەموو ئەمانەش جیاوازی نێوان هەردوو پارتەکەی ئەمریکا و سیاسەتی دەرەکیان لە ئاست ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە ماوەی دەیەکانی ڕابردوودا، ئەوا واشنتۆن لە بواری سیاسیەتی دەرەوەیدا لە ئاست ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەڵوێستگەلێکی بنچینەیی هەیە کە پێدەچێت بە نەگۆڕی بمێننەوە بە چاوپۆشین لەوەی چ پارتێکی سیاسی دەسەڵات دەگرێتەدەست. مەسەلەکانی نەوت، ئێران و سەقامگیری بەرفراوانی ناوچەیی و ئیسرائیل پەیوەستن بە پرسی سەرۆکایەتیکردنی ئەمریکاوە. و هەر کەسێك سەرکەوتوو بێت لە هەڵبژاردنەکاندا دەبێت هەوڵ و کۆششێکی زۆر بدات بۆ کۆنترۆڵی داینامیەکیەتی ئاڵۆزی دوای بەهاری عەرەب. لەبەرچاوگرتنی ئەوەی وترا، ئەوا حاڵی حازر ئیدارەی ئۆباما وزەیەکی زۆری خستۆتەگەڕ لە هەوڵداندا بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو ئاڵوگۆڕەی دروست بووە بە ئاڕاستەی پێکهاتنی حکومەتە ئیسلامیەکان لە ناوچەکەدا).

کەواتە ئەوەی پرۆفیسۆر دیڤید میدنیکۆف




**تۆماس شوارتز بۆ گوڵان:**

**سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بەگشتی هەروەک خۆی دەمێنێتەوە لەبەرئەوەی لە مونازەرەکەدا جیاوازییەکی زۆر لەسەر بابەتەکان لەنێوان کاندیدەکان نەبینراوە**

ئاماژەی پێکرد بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئاماژەیە بەوەی کە ئۆباما پیش دەکەوێت، هەربۆیە وەك پشتگیریەك بۆ ئەم بۆچوونە پرۆفیسۆر ستیفن زۆنەس ئوستادی زانستی سیاسەت و سەرۆکی بەشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەزانکۆی سانفرانسیسکۆ، بەڕاشکاوانە لە لێدوانێکی تایبەتدا بۆ گوڵان ئاماژەی بەوەکرد کە ئەو پێیوایە ئۆباما هەڵدەبژێردرێتەوە، لەمبارەوە بەمجۆرە ڕای خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو و وتی: (من پێشبینی دووبارە هەڵبژاردنەوەی ئۆباما دەکەم، ئەگەرچی بۆی هەیە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان زۆر نزیك بن. زۆرجار ئەمریکیەکان لەبەر چەند هۆکارێکی ڕواڵەتی و بانگەشەی تەلەفزیۆنەکان پشتیوانی پاڵێوراوەکان دەکەن- کە بۆی هەیە هەندێکیان چەواشەکار بن-کە ئەمە فاکتەرێکی گرنگە. هەندێك لەبەر بەرژەوەندیە ئابووریەکانی خۆیان دەنگ دەدەن و هەندێکیش لەسەر بنەمای بەها و بنەما ئەخلاقییەکان، وەك پشتیوانیکردن بۆ مافەکانی مرۆڤ، پاراستنی ژینگە، دادپەروەری کۆمەڵایەتی و بەرهەڵستیکردنی لەباربردن، هاوڕەگەزبازی و باجی زۆر. ئەوە نەریتێکە کە سیاسەتی دەرەوە ئەولەویەتی باڵای نەبێت. بەڵام ئەگەر ڕۆمنی هەڵبژاردنەکان بباتەوە ئەگەری ئەوە هەیە زۆرێك لە سیاسەتەکانی سەردەمی بۆش بگرێتەبەر. زۆربەی ڕاوێژکارە سەرەکیەکانی سیاسەتی دەرەوەی- ڕۆمنی- کەسایەتی دیار بوون لە ئیدارەی بۆشدا)).

هەر لەم چوارچێوەیەدا پرۆفیسۆر تۆماس شوارتز ئوستادی زانستی سیاسەت لە زانکۆی ڤاندەربیلت و تایبەتمەند لەمێژووی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی ئەمریکا، ئەویش پێیوایە چانسی ئۆباما لە ڕۆمنی زیاترە، لەمبارەوە و لە لێدوانێکی تایبەتدا بۆ گوڵان بەمجۆرە ڕای خۆی دەربڕی و وتی: (پێشبینی دەکەم سەرۆك ئۆباما بباتەوە، بەڵام تەنانەت گەر حاکم ڕۆمنی-ش بباتەوە ئەوە بەڕای من سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بەگشتی هەروەك خۆی دەمێنێتەوە لەبەرئەوەی لە مونازەرەکەدا جیاوازییەکی زۆر لەسەر بابەتەکان لەنێوان کاندیدەکان نەبینراوە. لەوانەیە لەلایەن ڕۆمنی-یەوە زیاتر پێداگری هەبێ لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا، هەروەها لە ڕا و بۆچوونەکانیدا لایەنگیریی ئیسرائیل دەکات، بەڵام گومانم لەوە هەیە گۆڕانکاریی جێگیر و گەورە ڕووبدات. سەبارەت بە وڵاتانی عەرەبی من پێموایە پێویستە ئەمریکا لەگەڵ حکومەتە نوێکەی میسر بگونجێ، جارێ دیار نییە گۆڕانکاری لە شوێنەکانی دیکە چی دەبن لەبەرئەوەی هێشتا کەیسەکەی سوریا نادیارە، بەڵام تەنانەت گەر هەرچیش ڕووبدات ئەوە گەڕانەوە بۆ پێوەندییەکانی ڕابردوو زەحمەتە. بەڵام ڕاستیەك هەیە




خەڵکی ئەمریکا بەرهەڵستکارە لەدژی هەر جەنگێکی دیکە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بێگومان هەڵوێستەکانی ئۆباما لەبارەی کەیسەکەی سوریا هۆکاری ئەوەیە کە پێشبینی دەکرێت دووبارە هەڵبژاردنەکە بباتەوە، ئەوشتەیش ڕوون و ئاشکرا بوو کاتێك کە ڕۆمنی-ش پاڵپشتیی لە هەمان سیاسەت کرد و بانگێشتی بۆ ئەوە کرد کە ئەمریکا تێنەوەگلێت)).

## ئۆباما بێت یان ڕۆمنی
## سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا وەك خۆی دەبێت

لە مونازەرەکەی نێوان ئۆباما و ڕۆمنی سەبارەت بە سیاسەتی ئاییندەی دەرەوەی ئەمریکا، یەکێك لە تۆژە باڵاکانی ئامۆژگای واشنتۆن بۆ دیراساتی ڕۆژهەڵاتی نزیك بۆچوونی بەوجۆرە بوو کە میت ڕۆمنی نەیتوانیوە ڕەخنەیەکی ئەوتۆ لەسیاسەتی دەرەوەی ئۆباما بگرێت، ئەمەش مانای ئەوەیە هەرکامیان ببنە سەرۆکی داهاتووی ئەمریکا سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا گۆڕانکاری بەسەردا نایەت، سەبارەت بەم لایەنە و ئەو گۆڕانکارییانەی وڵاتانی عەرەبی بەخۆیانەوە بینیوە و بەوەی ئایا سیاسەتی ئەمریکا گۆڕانکاری بەسەردادێت، پرسیارمان لە پرۆفیسۆر سەمەر شەحاتە ئوستادی زانستی سیاسەت لەزانکۆی جۆرج تاون کرد، ئەویش لەوەڵامدا بەمجۆرە ڕای خۆی بۆ گوڵان خستە ڕوو و وتی: (سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بە ئاستێکی ئەوتۆ نەگۆڕاوە، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گۆڕاوە، بەڵام سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بە ئاستێکی زۆر نەگۆڕاوە لەبەرئەوەی ئەمریکا لەگەڵ ئیسرائیل هێشتا هەر هاوپەیمانە، لەسەر حیسابی فەڵەستینییەکان، هەروەها ئەمریکا هێشتا هەر پاڵپشتی لە عەرەبستانی سعودیە و زۆربەی وڵاتە موحافزکارەکانی وڵاتانی کەنداو دەکات وێڕای ئەوەی کە حکومەتەکانی ئەو وڵاتانە شموولین و پێشێلکاریی مافەکانی مرۆڤ دەکەن، هەربۆیە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا نەگۆڕاوە، جیهان گۆڕاوە، بەڵام سیاسەتی ئەمریکا نەگۆڕاوە بۆیە پێویستە ئەمریکا لەگەڵ جیهانی نوێ مامەڵە بکات، بۆیە پێموایە کە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بەوشێوەیە نەگۆڕاوە. بەڵام پێشبینی ئەوە



## ئەگەر ڕۆمنی هەڵبژاردنەکان بباتەوە ئەگەری ئەوە هەیە زۆرێک لە سیاسەتەکانی سەردەمی بۆش بگرێتەبەر



ستیفن زۆنەس بۆ گوڵان:

دەکرێت سەبارەت بەکەیسی سوریا سیاسەتی ئەمریکا گۆڕانکاری بەسەردا بێت ئەگەر ئۆباما هەڵبژێردرێتەوە یان ڕۆمنی ببێتە سەرۆکی داهاتوو بەڕای من زۆربەی خەڵکی پێیانوایە سەرۆکی داهاتوو ئۆباما بێت یان ڕۆمنی، سیاسەتەکانی ئەمریکا لەبارەی کەیسەکەی سوریا دەگۆڕێت لەبەرئەوەی ئەمڕۆ کەیسەکەی سوریا لەڕووی سیاسییەوە زۆر مەترسیدارە و دەستێوەردانێکی زۆر لە سوریا-دا هەیە و مایەی ئەوەیە کە ئەمریکا دەستێوەردانێکی سەربازی بکات بەلایەنی کەمەوە ناوچەیەکی دژەفڕین no-fly zone دابینبکات یاخود دابینکردنی ناوچەیەکی ئارام بۆ ئۆپۆزسیۆنەکەی سوریا لەناو خاکی سوریا، هەر لەبەرئەمەیشە زۆربەی خەڵکی پێیانوایە کە بۆچی تاکو ئێستا ئیدارەی ئۆباما بەشێوەیەکی ئاکتیف دەستێوەردانی نەکردووە لە کەیسەکەی سوریا، هەربۆیە گریمانەیەکی بەهێز هەیە کە پاش هەڵبژاردنەکان ئیدارەی ئۆباما یاخود ئیدارەی ڕۆمنی جموجۆڵی زیاتری دەبێت و زیاتر پاڵپشتی لە ئۆپۆزسیۆن دەکات و لەوانەیشە چەکی قورستر بۆ ئۆپۆزسیۆن دابین بکات و لەوانەیە زیاتر بیربکاتەوە بۆ دروستکردنی ناوچەیەکی دژەفڕین لەگەڵ چەندین ڕێوشوێنی دیکە، ئەمەیە گریمانەکان لە ئەمریکا لەبارەی کەیسەکەی سوریا پاش هەڵبژاردنەکان.. وێڕای هەموو ئەمانەش کەس نازانێت ئەنجامی هەڵبژاردنەکان چییە، بەڵام ئومێدێك هەیە کە ئەگەر هات و ئۆباما هەڵبژاردنەکانی بردەوە ئەوە ئەوکات ئۆباما زیاتر سەربەست دەبێت و بواری زیاتری بۆ دەڕەخسێت بۆئەوەی لە خولی دووەمیدا لە حکومڕانی گۆڕانکارییەك لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا وەدیبێنێت و لەوانەیش ئەو شتە ڕێگە بە ئۆباما بدات فشاری زیاتر بخاتە سەر ئیسرائیل و نەتانیاهۆ، یاخود هەر حکومەتێکی دیکەی ئیسرائیل تا ئەو کاتە، لەپێناو وەدیهێنانی بەرەوپێشەوەچوون لەبارەی پرسەکەی فەڵەستین و ئیسرائیل، من هیوادارم ئەو شتە ڕووبدات.)).

### سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر تورکیا و هەرێمی کوردستان و عێراق

کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لەعێراق ئاکامێکی باشی نەبوو، ئاراستەی پرۆسەی سیاسی لەعێراق بەرەو هەڵدێر دەچێت، بۆیە وێڕای ئەوەی ئۆباما هەڵبژێردرێتەوە یان ڕۆمنی، هیچ کامیان ناتوانن هێز بنێرنەوە بۆ عێراق، بەڵام لەهەموو حاڵەتێکدا هەر کام لەهەردوو ڕکابەر ببنە سەرۆکی ئایندەی ئەمریکا دەبێت سیاسەتی خۆیان بەرامبەر عێراق گۆڕانکاری بەسەردا بێنن، سەبارەت بەم لایەنە پرۆفیسۆر ستیفن زۆنەس لە درێژەی لێدوانەکەی بۆ گوڵان سەبارەت بەم لایەنە بەمجۆرە ڕای خۆی دەربڕی و وتی: (پێموایە ئەمریکا شەڕی عێراقی دۆڕاند، دۆڕانی شەڕەکە پێش گرتنەدەستی دەسەڵات بوو لەلایەن ئۆباماوە. هیچ سەرۆکێك ناتوانێت بێ مۆڵەتپێدانی حکومەت سەربازەکانی



لــە عێراقدا بهێڵێتەوە بەبــێ ئەوەی خۆی ڕووبــەڕووی مەترســی ســەرهەڵدانەوەی یاخیبوون بــكات. پێش ئەوەی ئۆباما ببێتە ســەرۆك، پارتە شیعیەكان كە باڵادەستبوون بەســەر عێراقدا و پێوەندیان لەگەڵ ئێراندا گرێدابوو دەســەڵاتیان بەدەســتەوە بوو لە بەغدا. كەواتە بە چاوپۆشــین لەوەی كێ دەبووە ســەرۆك لە ٢٠٠٨دا ئەوا كاریگەری ئەمریــكا لە عێراقــدا بــەرەو كەمبوونەوە دەچوو. بەڵام ســەبارەت بــە كورد، پێموایە ئیــدارەی ئۆبامــا هاوســەنگیەكەی زۆر بە باشــی ڕاگرتووە، ئیدارەی ئۆباما وەك باشــترین دۆســتی ئەمریكا لە ناوچەكەدا هەرێمی كوردســتان لەبەرچاوی دەگرێت، لەگەڵ خواســتی پاراستنی پێوەندی نزیك لەگەڵ هەردوو حكومەتی توركیا و عێراق. ئەمەریكا بەردەوام دەبێت لە پشتیوانیكردنی هەرێمی كوردەكان، بەڵام بەردەوامیش دەبێت لە بەرهەڵســتیكردنی ســەربەخۆبوونێكی ڕەسمی، لەبەر ئەوەی واشنتۆن لەوە دەترسێت ئەمە سەربكێشێت بۆ شەڕ و ناسەقامگیری. ســەبارەت بەتوركیاش، ئەمەریكا درك بەوە دەكات توركیــا زیاتــر و زیاتــر ڕۆڵێكی گرنگ دەبینێت لە سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســتدا و بەو پێیە درك بەوە دەكات كە گرنگــە پارێزگاری لــە پێوەندیەكی باش بكات لەگەڵیدا)).

پرۆفیسۆر سەمەر شەحاتەش هەر سەبارەت بەم لایەنە و سیاســەتی ئەمریكا بەرامبەر عێراق و هەرێمی كوردســتان وای دەبینێت ئەمریــكا لەشــەڕی عێراق ســەركەتوو نەبــووە و پێناچیــت بەرامبــەر عێراقیش گۆڕانكارییەكی ئەوتۆی بەســەردا بێت، لەمبــارەوە و لەدرێــژەی لێدوانەكەیدا بۆ گــوڵان بەمجۆرە ڕای خــۆی دەربڕی:((



سەمەر شەحاتە بۆ گوڵان:

**سەرۆكی داهاتوو ئۆباما بێت یان ڕۆمنی، سیاسەتەكانی ئەمریكا لەبارەی كەیسەكەی سوریا دەگۆڕێت**


بــەڕای من نەك ئۆبامــا، بەڵكو ئەمریكا شەڕەكەی عێراقی دۆڕاند بە چەند ساڵێك لەمەوپێش، بەڕای من شــەڕی عێراق هەر لەسەرەتاوە شكســتی خواردبوو لەبەرئەوەی ئەمریكا نەیتوانی عێراقێكی سەقامگیر و ئارام و دیموكرات بەرهەمبێنێت و نەیتوانی ئابوورییەكی زینــدوو لە عێراق وەدیبێنێت، شــەڕەكەی عێــراق شكســتی خواردبوو لەبەرئەوەی زۆربەی عێراقییەكان، تەنانەت ئەوانەی كە بەرهەڵستكاریش بوون لەدژی ســەددام حوسێن، پاش شــەڕەكە بێكارن و هەست بە ئارامی و ئاسایش ناكەن، هەربۆیە شكستی ئەمریكا لە شەڕەكەی عێراق پێش هاتنی ئۆباما بوو. بەڵام ئایا سیاســەتی ئەمریكا گۆڕانكاری بەســەردا دێت؟ من پێموایە گۆڕانكارییەكی ئەووتۆ ڕوونادات، ئەمە لەگــەڵ ئــەوەی بیروبۆچوونەكانی نێوان ئۆباما و ڕۆمنی جیاوازییان تێداهەیە لەبــارەی عێراق، بەڕێــز ڕۆمنی لە بەڕێز ئۆباما زیاتر دوودڵ بوو لە پاشەكشەپێكردنی هێزەكانی ئەمریكا لە عێــراق لەبەرئەوەی بەڕێز ڕۆمنــی لە ئۆبامــا زیاتر لەگەڵ مانــەوەی هێــز و بنكە ســەربازییەكانی ئەمریكا بوو لە عێراق، بەڵام تەنانەت گەر ڕۆمنــی-ش هەڵبژاردنــەكان بباتەوە ئەوە پێشــبینیی هیــچ گۆڕانكارییەكی ئەوتۆ ناكەم لەبارەی عێراق)).

# بیرکردنەوە لە فەزای گشتیدا

**تیشک خستنەسەر فکرەکانی فەیلەسوفی هاوچەرخی ئەڵمانیایی (یۆرگن هابرماس)**

## (گۆڕینی پەیکەربەندی لە فەزای گشتیدا: لێتوێژینەوە لەهەمبەر جۆر لە کۆمەڵگەی بۆرجوازیدا)

**١ــ٣**



دکتۆر شێرزاد نەجار*
تایبەت بۆ گوڵان نووسیویەتی

هابرماس(لەدایکبووی ١٩٢٩) هەرلە تافی لاوێتیەوە خۆی سەرقاڵکردووە بە ئازادی مرۆڤەوە چۆن چۆنی دەکرێت مرۆڤ لە کۆت و تەوق و بەندێ ڕزگار بکرێت کە جڵەوگیری دەکەن، یان ڕێگر دەبن لە بەرانبەر دیاریکردنی چارەنووسیدا و ناهێڵن بەشـــدارییەکی کارای هەبێت بە تایبەتیش بەشداریکردنی لە ئەستێڵکی سیاسەتدا، هەر بۆیە ئەم زانایە ڕەخنەی ئاڕاستەی کۆمەڵگەی ســـەرمایەدارێتی بۆرژواز کردووە، بەو سیفەتەی لـــە ڕووی هزرییەوە سیســـتمێکی ڕەتکراوەیـــە، لەمبارەیەوە پرۆژە فەلســـەفیە فکرییە مەزنەکەی خۆی خســـتۆتە ڕوو کە پێوەندیدارە بـــە (عەقڵانیەتی پێکەوەڕۆیی ـ تواصلي)بەو شـــێوازەی کە ئەو پرۆژەیە پێکهاتەیەکـــی ئازادە بۆ پێوەندی کردن و وابەســـتەش نییە بە ئیرادەگەرێتی میللییەوە، دواجار بـــۆ خۆی دەبێتە ئەو ئامرازەی کە بە هۆیەوە بە بێ دابڕان و بە بەردەوامی دیالۆگ و لێکتێگەیشـــتنی هاوبەش لە نێوان هاووڵاتیاندا دەخوڵقێنێت..

ئەم مەیدانەیە کە هابرماس بە مەیدانی (فەزای گشتی)١ نـــاوزەدی کردووە، مەیدانەکە دەروازەیەکـــە بۆ دیموکراتیەتی ڕاوێژکاریـــی، کە کار بۆ ئـــەوە دەکات ببێتـــە ناوەندێك بۆ لێکبەســـتنەوەی دەوڵەت بە هاووڵاتیانەوە یـــان گرێدانەوەی دەوڵـــەت بـــە کۆمەڵگەیەکی مەدەنی تژی بـــە بەرژەوەندی هەمەچەشن و لێکجیاوازو لێکدژەوە، بەم شێوەیە هابرماس لەو تێزەیدا کە ســـاڵی ١٩٦١ بۆ ئوستادی پێشکەشی کردووە بەم ناوەی خوارەوە چەسپێنراوە:

Strukturwandel der Oefentlichkeit
Untersuchungen zur einer Kategorie der buergerlichen Gesellschaft

(گۆڕینی پەیکەربەندی لە فەزای گشتی: لێتوێژینەوەیەك لەسەر جۆر لە کۆمەڵگەی بۆرجوازیدا)٢

گرنگترینی ئەو بابەتانەی هابرماس لە تێزەکەیدا باســـی لێوەکردبن ئم دۆزانەیە:

*پەیکەربەندی کۆمەڵایەتی بۆ فەزای گشتی
*وەزیفە سیاسییەکانی فەزای گشتی
*فەزای گشتی بۆرژوازییەت: فکرو ئیدیۆلۆژیا
*گۆڕانی کۆمەڵایەتی لە فەزای گشتیدا
* سەبارەت بە چەمکی ڕای گشتی بڕوانە:

Juergen Habermas، Strukturwandel der) Oeffentlichkeit ،Suhrkamp ،F/M،1990،pp 7-9

ئامانجەکەی ئەم تێـــزەی ئەوەی دیاریکردووە کە بریتییە لە شـــیکارکردنی چەشن یان شـــێوەیەکی فەزای گشتییە بۆ بۆرژوازی و پەرەسەندنیی، لە پێناوی وەدیهاتنی ئەم ئامانجە یەکانگیرەشـــدا، هابرماس لـــە لێکۆڵینەوەکەیدا هەوڵی داوە تێرمی فەلســـەفی و سیۆسیۆلۆژی و ئابووری و یاسایی و سیاسییەکان لەگەڵ مێژووی فکری سیاسی و کۆمەڵایەتی تێکەڵ بکات، بەو شێوەیە لێی کۆڵیوەتەوەو دروستبوونەکەی شیکردۆتەوەو دواتر بەستاویەتیەوە بە سەرهەڵدانی گرووپێکی عەقڵانگەرایی سەدەی هەڤدەیەمەوە، بە واتای بەستنەوەیەتی بە سەقامگیربوونی هۆشـــیارانەی ڕێنیسانس و لیبرالیەتی کلاسیکی تا دەگاتە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەمین.

بەو شێوەیە هابرماس چەمکی فەزای گشتی بۆرژوازی وا خوێندۆتـــەوە وەك ئەوەی فیگۆرێکـــی مێژوویی بێت بە واتای چەمکێکە قابیلی پەرەپێدانی مێژووییە، دەشـــکرێت لەســـەر چەشـــنی ڕای گشتی قســـەی لێوەبکرێت، چ لە ئینگلتەرای ســـەدەی هەڤدەیەمین یان فەرەنســـای سەدەی هەژدەیەمیندا، کاتێك لە ڕێی کۆمەڵێك گۆڤارو ڕۆژنامەوە، بەراییەکانی ئەم تێزەی لە شـــوێنە گشـــتییەکاندا بڵاوبۆوەو بـــە تایبەتیش لە قاوەخانەکاندا، وێڕای هەبوونی ژمارەیەکی نادیاریکراو لەو کەســـایەتییانەی کە لە مەزنەدەیاندا هەبووە ڕاشـــکاوانەو ئازادانە دۆزە گشـــتییەکان موتاڵاو تاووتوێ بکەن، ئەم دۆخـــە نزیك بۆتەوە لەو ناوهێنانەی هابرماس کە گوزارشـــتی لێ کردووە بە (دۆخی ئایدیالی بۆ دیالۆگ)، ســـەرەڕای ئەمەش ئەم پرۆســـەیە لە جوغزێکی بەرتەسکدا گیری خواردبوو بە هۆی ســـتراکتۆری چینایەتی قۆناغی ســـەرهەڵدانی ســـەرمایەدارییەوە، کە جگە لە توێژێکی کەم و دیاریکراو نەبێ بۆ کەســـی تر نەبوو بەشـــداری لە ژیانی سیاسەتوانیدا بکەن.

هابرمـــاس وای لێ دەڕوانی: کە ســـەرمایەدارێتی تازەو پەرەســـەندوو، بە هەژموون و باڵادەســـتێتی دەوڵەت بەســـەر بوارەکانـــی ئابـــووری و بـــوارە جیاجیاکانی تـــری ژیانەوە دەناسرێتەوە، بۆیە کاروباری گشـــتی خرابوونە ئەو خانانەی کە بۆ هاووڵاتیان نەبوو دەســـتیان تێوە وەربـــدەن، بەڵکو ئەو بابەتانە بوون کە جگە لە گرووپی گەشـــەکردووی پســـپۆران بە کەســـی تر شـــرۆڤە نەدەکران(بڕوانە: ئەیان کریب، تیۆری کۆمەڵناسی،١٩٩٩، ل٣٥٥)

پێشبینیکردنەکەی هابرماس، داکەلان و داڕووخانی فەزای

**هابرماس چەمکی فەزای گشتی بۆرژوازی وا خوێندۆتەوە وەک ئەوەی فیگۆرێکی مێژوویی بێت بە واتای چەمکێک بێت قابیل بە پەرەپێدانی مێژوویی**

گشـــتی ســـەرمایەداریتی و کۆمەڵگەی ســەڵتەنەتخواز و بۆرژوازی لە هەردوو مامۆســـتاکەی خۆیەوە کە(ئەدۆرنۆ) و(هۆرکهایمـــەر)ن، ئیقتیباســـی کردبوو، لەبـــەر ئەوە، وەك دەریچەیەك بۆ قەیرانی ســـەرمایەداریتی، لـــەم بیردۆزەیەدا هابرماس تیشـــکە نیگای بیرۆکەکەی خۆی لەسەر فەزای گشـــتی خستبوەڕوو، هەروەها لەبەر ڕۆشنایی پێوەندییەکان و کارلێکەکانی نێوان بنەما ئابوورییەکان و ســـتایلە سیاسیەکان و دیاردەکانی ڕۆشـــنگەری بـــۆ بونیادنانەوەی ســـەرخانی کۆمەڵگەیـــی، کۆمەڵگـــەی مۆدێرنەی شـــرۆڤە دەکردەوە، وەك ســـوژەیەکی مۆڵەق لـــەم پێوەندییانـــەی دەنواڕی بێ ئەوەی بتوانێ خۆی لە ڕوانینی ڕەشـــبینانەی ڕەخنەگرانە دەربازبـــکات، دواجار لە میانـــەی لێکجیاکردنەوەی ئەو دوو ئەستێڵکە کۆمەڵایەتیەوە، توانی تێڕوانینێکی گەشبینانە بۆ پەرەپێدانی کۆمەڵگەو بیرۆکەی فەزای گشتی پێکبێنێت کە بریتین لەم دوو ئەستێڵکە:

*ئەســـتێڵکێ لە ژێر ڕۆشـــنایی ئەو فرمانانە کاردەکات و دەگـــوزەرێ کە لە ئامـــڕازە عەقڵیەکانەوە ســـەرچاوەیان گرتووە..

*ئەســـتێڵکێ گرێبەنـــدە بـــە پێـــوەری عەقڵانیەتـــی پێکەوەڕۆیی..

کەواتـــە خۆگرێدانەوە بـــەم پرۆژە نوێیەوە بە مەبەســـتی پێکهاتنێکی عەقڵانییە بۆ کۆمەڵگە..بڕوانە لە:
F.M.G.Leguizamon،Vom Klassischen zum virtuellen oeffentlichen Raum:Das Konzept der Oeffentlichkeit und ihr Wandel im Zeitalter des (Internet،Diss.Berlin،2009،p.37

لەم پرۆژە عەقڵانیەدا زمان وەك ئامرازێکە بۆ لێکتێگەیشتن، کەواتە لە فەزای گشـــتییەوە وەك مەیدانێك بۆ پێکەوەڕۆیی لە زمان دەڕوانرێت.

لـــە ژێر ڕۆشـــنایی ئەم ناســـنامەیەدا بـــۆ بونیادنانی پرۆژەیەکی عەقڵانی کۆمەڵگـــەی مۆدێرنە، هابرماس لە ناو زانایانی زانســـتی سیاسەت و زانســـتی کۆمەڵایەتیدا بەو فەیلەســـووفە دەناسرێتەوە کە بنەماکانی فەزای گشتی داڕێژتۆتـــەوە، ئەگەر بە پێی ڕاو ئایدیای بورهان غەلیونی بیرمەند بێت، بنەچەی بەکارهێنانی سەرەتای زاراوەگەلی( بواری گشتی/فەزای گشـــتی) دەگەڕێتەوە بۆ ئەمانوئێل کانت ی فەیلەسوف، بەڵام ئەو کەسەی بیردۆزەیەکی ڕوون و ئاشکرای بۆ ئەم زاراوانە داڕشتبێتەوە هابرماس بووە، ئەویش لە تێزەکەیدا، (بڕوانە: خالید کازم ئەبو دۆح، چەمکی بواری گشـــتی: ڕەهەندە تیـــۆری و تەتبیقاتیەکانی، لە:گۆڤاری ئیزافات، ژمارە:١١، بیروت ٢٠١١، ل١٤٢)

فەزای گشتی ئاماژە دەدات بە:

*کارلێککـــردن و پێوەندییـــە ئاڵوگۆڕکراوەکانـــی نێوان هاووڵاتیان کە بۆ دیالۆگی نێوانیان بە بناغە دادەنرێت..

* گفتوگۆگشـــتییەکان و دیالۆگ کە بە ڕای جەماوەر دەزانرێن و لە میانەو لە ڕێی ماسمیدیاکانەوە دەگەنەوە لای دەسەڵاتی سیاسی

*لـــەم وتووێژنـــەدا قاوەخانەکان ڕۆڵێکـــی کارا دەگێڕن ئەمەش هۆیەکەی بۆ باکگراوەندی مێژووییان دەگەڕێتەوە، چونکە ئەم قاوەخانانە بۆ یەکەمین جار لە ســـاڵی ١٦٥٠ لە لەندەن دامەزراون و لەوێدا ئەو گفتوگۆیانە ســـاز کراون کە پێوەندیداربوون بە بەرژەوەندی گشتییەوەو کاریگەری قووڵیان هەبوو لەســـەر دۆزەکانی سیاســـی و ئابووری( بڕوانە ئەبو دۆح، ل١٤٣) لە ســـەردەمی گەشەســـەندنی قاوەخانەکانی فەرەنساو ئینگلتەرا لە نێوان ساڵانی ١٦٨٠ تا ١٧٣٠ بواری کۆمەڵایەتی و سیاســـی وەك دەزگایەکی کۆمەڵایەتی تازە زیاترو پتر برەویان سەند، لە بەراییەکانی ساڵانی سەرەتاکانی ســـەدەی هەژدەیەمینـــەوە ژمارەی قاوەخانـــەکان لە لەندەن گەیشـــتنە ٣٠٠٠ قاوەخانـــە و ژمارەی ســـەردانکارانی بە هەمیشەیی زیادی دەکرد(Habermas،1990،p 92)

* ســـاڵۆنە کەلتوورییـــەکان لە مەیدانە گشـــتیەکان و لە ناو فەزای گشـــتیدا، بوونـــە گۆڕەپانێکی کاریگەر بۆ گفتوگۆکردنـــی نێـــوان پیاوماقـــوڵان و بۆرژوازییەکان و بیرمەنـــدان وەك هابرماس جەختی لێ دەکـــردەوە، کە تێیدا هـــزر لە خزمەتـــی حوکمڕانەکان هەڵنەدەســـوڕا بەڵکو هزر سەربەســـت و بیروڕا لە هەموو پاشـــکۆبوونێکی ئابوورییانە ئازاد بوو(بڕوانە: ئەبودۆح،١٤٣، بۆ زانیاری زیاتر)

بەو شـــێوەیە قاوەخانەو ســـاڵۆنە کەلتوورییەکان بۆ خۆیان بوونە دامودەزگای فەزای گشـــتی، کـــە تێیاندا ئەدەبیات و هونەرو مۆســـیقاش پەرەی ســـەند وەك جۆرێکی تازە لە کارلێکـــی کۆمەڵایەتـــی کە بـــە هۆی وتووێـــژی نێوان تاکەکانەوە گەرم دەبوون، ئەو تاکانەی خۆیان بە هاووڵاتیی دەزانی بەڵام لە دەرەوەی دەوڵەت(بەکورتی بەشـــێك نەبوون لـــە دەزگاکانی دەوڵەت) ئەوان وەك هەنگاوێکی لە پێشـــتر دەســـتیان دەکرد بە وتوێژکردن لەسەر ئەو بابەتانەی کە لای خۆیانـــەوە دڵگیر بـــوون، لە بابەتە ئەدەبـــی و هونەرییەکان دەدوان و گفتوگۆکان باڵی دەکێشایە ناو بابەتە کۆمەڵایەتی و سیاســـیەکانەوە، لە هەموو ئەو گفتوگۆیانەدا بە شـــوێن لێکتێگەیشـــتنی عەقڵانیدا دەگـــەڕان، لە چوارچێوەی ئەم دیالۆگ و لێکتێگەیشتنە عەقڵانیانەوە هیچ بوارێکیان بۆ کۆت و بەندو سنووردانان نەدەهێشتەوە، چونکە بەشداربووانی گفتوگۆ خۆیان بە بەشێکی دانەبڕاو دەزانی لە جەماوەرێکی بەرفراوانPublikum، کە هەر یەکێك لەو تاکانە بە چەشنێك لە چەشـــنەکان هەســـتی یان بەرژەوەندی وا دەیخواســـت ئینتیمای بۆ ئازادی یان پەروەردە یان سەربەخۆیی خودی و تاکایەتی هەبێـــت ئەویش بە نوێنەرایەتـــی بەرژەوەندییە ڕۆحییەکانی کۆمەڵـــی مرۆڤایەتی(Leguizamon 39)

ئەمەش بە گوزارشت لێکردنی هابرماس وا دەگەیەنێت:

ئەو مەســـەلانەی قابیل بە گفتوگۆکردنن بە شێوەیەکی گشـــتی مەرج نییـــە پڕاوپڕی مانای خۆیـــان بن، بەڵکو پشـــت دەبەستن بە هاوبەشـــی کردنی بەشـــداربووانی، کە پێویســـتە دەرفەت بۆ هەموان بڕەخســـێت بەشـــداری تێدا بکەن(Habermas،p 98)

گرنگتریـــن چرکەســـاتە سیاســـییەکان بـــۆ وەســـف و شرۆڤەکردنی هابرماس دەربارەی پەرەسەندنی فەزای گشتی ئەو چرکە ســـاتانەیە کە جەماوەر لە میانەیانەوە متمانەبەخۆ وەدەســـت دەخات لە پێناوی ئاڕاســـتەکردنی ڕەخنە بەرانبەر پەیکەربەند و ســـتراکتۆری ڕێکخســـتنی کۆمەڵایەتیانەی خـــۆی، ئەمەش واتە دەوڵەت بڕیار لەســـەر ئەوە دەدات کە جەماوەر خۆی نوێنەری ڕاســـتەقینەو شـــەرعیی گشتییەو بەشێکیشـــە لە داخوازییەکان بۆ دامەزراندنی سیســـتمێکی یاسایی و سیاســـی( Leguizamon،٣٩) لەم پرۆسەیەدا هابرماس پێی وایە ئەزموونـــی کەڵەکەبووی ئەو جەماوەرە دەستەبژێرە(جەماوەری فەزای تایبەت) دەچێتە ناو چڕایی فەزای گشتی سیاسییەوە.

*** سەرۆکی زانکۆی کوردستان- هەولێر**

**هابرماس لەبەر ڕۆشنایی پێوەندییەکان و کارلێکی نێوان بنەما ئابوورییەکان و ستایلە سیاسیەکان و دیاردەکانی ڕۆشنگەری بۆ بونیادنانەوەی سەرخانی کۆمەڵگە، کۆمەڵگەی مۆدێرنەی شرۆڤە دەکردەوە**

**بنەچەی بەکارهێنانی سەرەتای زاراوەگەلی (بواری گشتی/فەزای گشتی) دەگەڕێتەوە بۆ ئەمانوئێل کانت-ی فەیلەسوف، بەڵام ئەو کەسەی بیردۆزەیەکی ڕوون و ئاشکرای بۆ ئەم زاراوانە داڕشتبێتەوە هابرماس بووە**

# کوردستانی سوریا دەرفەتی ئەوەی لەبەردەمدایە لە ئۆتۆنۆمی ئەمری واقیع زیاتر بەدەست بێنێت



**دەیڤید ڕۆمانۆ***

**مانگی جارێک**
**تایبەت بە گوڵان دەینووسێت**

لەگەڵ بەردەوامبوونی نائارامییەکانی سوریادا، زیاتر لە چەند چاودێریك باس لە ئەگەری ئەوە دەکەن کوردستانی سوریا ببێتە هەرێمێکی ئۆتۆنۆمی »خۆبەڕێوەبەر« بە هەمان شێوەی کوردستانی عێراق. پێدەچێت هێزە ئەمنیەکانی ڕژێمی سوریا بە ڕاددەیەکی گەورە لە هەرێمەکە کشابێتنەوە، ناوچەیەکەیان جێهێشت بۆ ئەوەی بۆ یەکەمجار کوردەکان خۆیان حکومڕانی خۆیان بکەن. ئەمە هاوشێوەی ئەو دۆخەیە کە بۆ یەکەمجار کوردەکانی عێراق تامی بەری ئۆتۆنۆمیان کرد کاتێك لە ساڵی ١٩٩١دا هێزەکانی سەددام ناچارکران بەرەو باشوور بکشێنەوە.

هەرچۆنێك بێت، جیاوازیەکی بنچینەیی هەیە. لە ساڵی ١٩٩١دا هاوپەیمانەکان بەهۆی ناوچەی دژە فڕینیان سەپاند بۆ پاراستنی کوردەکانی عێراق. کە تاوەکو ساڵی ٢٠٠٣ لە سایەی ئەم ناوچەیەدا پارێزران، کە لەو ساڵەدا ئەمەریکا عێراقی داگیرکرد و ڕژێمی سەددام حوسێنی ڕوخاند. دوای ئەم یارمەتییە توانیان هاوکاریی هێزەکانی ئەمەریکا بکەن لە کردنەوەی « بەرەی باکوور»ی شەڕەکە، کوردەکانی عێراق پاساوێکی بەهێزیان هەبوو بۆ ئەوەی داوای ئۆتۆنۆمییەکی هاوشێوەی ئەو ئۆتۆنۆمییە بکەن کە لە ماوەی دوانزە ساڵی ڕابردوودا هەیانبوو. دوای بەرهەڵستیی زۆرێك لە عەرەبەکان و زۆرێك لە بەرپرسەکانی ئەمەریکا (کە حکومەتێکی ناوەندیی بەهێزیان پێ باشتربوو بە چەشنی ئەوەی لە ئەمەریکادا هەیە)، لە کۆتاییدا و لە دەستووری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥دا دان بە ئۆتۆنۆمییەکی بەهێزدا نرا بۆ کوردەکانی عێراق.

بە پێچەوانەوە، ڕەنگە لە سوریادا دەستێوەردانی سەربازی هاوشێوەی ئەو دەستێوەردانەی لە عێراقدا بینیمان ڕوونەدات، یاخود ئەوەی بەم دواییە لە لیبیا بینیمان. حاڵی حازر وڵاتانی ناتۆ ئارەزووی ئەنجامدانی ئەرکێکی لەم شێوەیەیان نییە، بە تایبەتی کە زەمانەتێکی کەم هەیە بەوەی حکومەتێك دۆست بە ڕۆژئاوا لە دوای ئەسەد بێتەئاراوە. هەروەها ڕووسیا و چین و ئێران پشتیوانیی ڕژێمی ئەسەد دەکەن و بە توندی بەرهەڵستیی دەستێوەردانی ڕۆژئاوا

دەکەن. ئەگەر کوردستانێکی ئۆتۆنۆمی لە سوریا دروست بێت، ئەوا لە دۆخێکی جیاوازتر لە دۆخی کوردەکانی عێراق دێتەئاراوە.ئەو ناسەقامگیرییەی لە بەشە عەرەبییەکەی وڵاتەکەدا هەیە کپدەبێتەوە. کەسێکیش باڵادەست دەبێت. ئیتر یان شۆڕشگێران ڕژێمەکەی ئەسەد بە چەشنێك شەکەت دەکەن کە هەوڵی هێنانەدی ئاشتی بدات، یاخود وردە وردە ڕژێمەکە کۆنترۆڵی یەك لە دوای یەکی شارۆچکە تەختکراو و وێرانکراوەکانی عەرەبە سوننەکان دەکات. سیناریۆی یەکەم پاکۆکردنی حساباتێکی توندوتیژ و پڕ لە پشێوی لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت، لەگەڵ ململانێی دەسەڵات کاتێك سەرکردە نوێیەکان لە سوریا دەردەکەون. سیناریۆی دووەم دڵڕەقی و توندوتیژی بەردەوام لە خۆدەگرێت لەلایەن هێزەکانی حکومەتەوە.

هەرچۆنێك بێت، ئەگەر هەریەکێك لەم سیناریۆیانە لە کوردستانی سوریادا بێنەئاراوە، ئەوا لە کۆتاییدا ئەو ئەگەرانەی لەبەردەم کوردەکانی سوریادان تەواو مەترسیدارن. ئەگەر سەرکردە عەرەبە سوننە نوێیەکان حکومڕانی وڵاتەکە بکەن، لە کاتی سەرکەوتنیاندا، ئەوا چاو دەبڕنە ناوچە کوردییەکەی سوریا. چونکە چەسپاندنی دەسەڵات بەسەر ئەم ناوچەیەدا دەبێتە یەکێك لە ئەولەویەتە باڵاکانیان لە دوای ڕووخانی ئەسەدەوە. بە هەمان شێوە، ئەگەر هێزەکانی ئەسەد کۆنترۆڵی بارودۆخەکە بکەن، ئەوا هەرزوو چاو لە قامیشلۆ، جەزیرە و ناوچە کوردییەکانی دیکە دەبڕن.

خۆشبەختانە، ڕێگاچارەیەکی ڕوونی دیکە هەیە. ئەگەر کوردەکانی سوریا بتوانن قەناعەت بە ڕژێمی ئەسەد بکەن بۆ ئەوەی بە زوویی دان بە ئۆتۆنۆمی بۆ کوردەکاندا بنێت لە چوارچێوەی سوریادا، ئەوا ئەمە

**ئەگەر شۆڕشگێڕان سەرکەوتووانە دەسەڵاتی عەلەوییەکان بڕوخێنن، ئەوا دووچاری زەحمەتی دەبنەوە لە هێنانەوەی پاساو بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئۆتۆنۆمیی کوردستان کە بە فەرمی دانی پێدانرابێت**

دەبێتە پێشینەیەکی یاسایی کە خزمەتێکی باش بە کوردەکانی سوریا دەکات، ئیتر گرنگ نییە شەڕەکە لە بەشەکانی دیکەی وڵاتەکە چۆن دەکەوێتەوە. ئەگەر ڕژێمی ئەسەدیش بە هەزار حاڵ دەسەڵاتی خۆی بپارێزێت و کوردستانی سوریاش بە ئارامی بمێنێتەوە و بە ڕەسمی لە ژێر حکومڕانی ڕژێمەکەدا بێت، ئەگەرچی حکومڕانییەکی لەرزۆکیش بێت، ئەوا دیمەشق پاڵنەرێکی کەمی دەبێت بۆ ئەوەی ئەو سەرچاوە کەمەی ماویەتی بەفیڕۆی بدات بۆ ئەوەی ئەو ئۆتۆنۆمییە لە کوردەکان زەوت بکات کە پێشتر دانی پێداناوە.

نیشتنەوەی تەپ و تۆزی شەڕەکە کاتی دەوێت ولەو کاتەشدا ئەسەد نایەوێت تووشی سەرئێشەی زیاتر بێت. ئەو کاتە ئۆتۆنۆمییەکی کوردی لە ژێر سایەی حکومڕانی دیمەشقدا دێتەئاراوە، ئەگەرچی دیمەشق بە نابەدڵیش ئەم کارە دەکات.

لەلایەکی دیکەوە ئەگەر شۆڕشگێڕان سەرکەوتووانە دەسەڵاتی عەلەوییەکان بڕوخێنن، ئەوا دووچاری زەحمەتی دەبنەوە لە هێنانەوەی پاساو بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئۆتۆنۆمیی کوردستان کە بە فەرمی دانی پێدانرابێت. لەبەر ئەوەی ڕژێمی نوێ نایەوێت کەمتر دیموکراسی دەرکەوێت بە بەراورد بە ڕژێمی پێشوو. هەروەها ئەگەری ئەوە هەیە ڕژێمی نوێ ڕووبەڕوی قەیرانێکی جیددی نەبوونی سەرچاوەکان بێتەوە، ئەگەر وا دەرکەوێت کە کوردستانی ئۆتۆنۆمی سوریا بە بێ شەڕ وەك بەشێك لە وڵاتەکە دەمێنێتەوە، ئەوا ڕەنگە بڕیاری ئەوە بدەن کە دۆخەکە وەك خۆی جێبهێڵرێت.

هەروەها ئەگەری سێیەم هەیە لەبەردەم کوردستانی ئۆتۆنۆمیی دان پێدانراو لە سوریا: ئەگەر شەڕە ناوخۆییەکە زیاتر درێژەبکێشێت، ئەوا دەکرێت ئۆتۆنۆمیی کوردەکان ببێتە مۆدێلێك بۆ چۆنییەتی کۆتایی هێنان بەو ناکۆکییە. ئەگەر سوننەکانی سووریا ببینن دیمەشق دەستێوەردان لە ئۆتۆنۆمی کوردەکان ناکات و دیمەشقیش بەو شێوەیە لەو هەرێمە ئۆتۆنۆمی بڕوانێت کە کاروبارەکانی خۆی بەڕێوەدەبات و وەك بەشێك لە وڵاتەکە دەمێنێتەوە و گیروگرفت دروست ناکات بۆ ڕژێمەکە، ئەوا ڕەنگە ئەوانیش

**دەکرێت دیمەشق ئۆتۆنۆمی بدات بەو ناوچانەی بە ڕاددەیەکی گەورە ناوچەی عەرەبی سوننەن. لەگەڵ ناوچەی دروز مەسیحی و عەلەوییەکان. بەڵام لەبەر ئەوەی هەموو ئەم ناوچانە تێکەڵن، ئەوا ڕەنگە ئۆتۆنۆمییەکە لەسەر بنەمای سنووری پارێزگاکان بێت، لەگەڵ هەندێ دەستکاریکردن لەو سنوورانەدا**

ڕێگاچارەیەك بۆ خۆیان بدۆزنەوە.

دەکرێت دیمەشق ئۆتۆنۆمی بدات بەو ناوچانەی بە ڕاددەیەکی گەورە ناوچەی عەرەبی سوننەن، لەگەڵ ناوچەی دروز مەسیحی و عەلەوییەکان. بەڵام لەبەر ئەوەی هەموو ئەم ناوچانە تێکەڵن، ئەوا ڕەنگە ئۆتۆنۆمییەکە لەسەر بنەمای سنووری پارێزگاکان بێت، لەگەڵ هەندێ دەستکاریکردن لەو سنوورانەدا، ئەمە ئەگەر سەر بگرێت. هەر ناوچەیەك هێزی بەرگری خۆی دەبێت( بە تایبەتی کوردستانی عێراق پێشەکییەکی باشە لەم ڕووەوە، لەبەر ئەوەی شۆڕشگێڕەکان متمانە بە دیمەشق ناکەن بۆ ئەوەی چەکەکانی خۆیانیان بەدەستەوە بدەن) و دیمەشقیش سوپای خۆی دەهێڵێتەوە. ئەگەرچی هەرگیز ئەسەد ڕازی نەبووە هەڵبژاردن بکرێت لەبەر ئەوەی دڵنیابووە لە دۆڕانی، ئەوا دەکرێت ئەم دابەش بوونە بەلای کەمەوە ببێتەهۆکارێك بۆ ئەوەی لە کۆتاییدا دۆخەکە بەردەوام بێت.

بە دڵنیاییەوە من گومانم هەیە لەوەی دوایین سیناریۆ ڕوودات یان سەرکەوتوو بێت. بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی لەم دوو ساڵەی دواییدا لە سوریا ڕوویدا، ئەوا پێدەچێت هیچ لایەك بیرۆکەی باشی لا نەمابێت، ئەگەر ئەمە حاڵەکە بێت، ڕەنگە کاتی ئەوە هاتبێت خەیاڵمان فراوانتر بکەین.

*** ئوستادی سیاسەتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە زانکۆی میزووری**



# جیاوازی هەڵویستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی

ئەو ئاگربەستەی لە ڕۆژانی جەژن ڕاگەیەنرابوو، ڕژێمی ئەسەد پێوەی پابەند نەبوو، لەبەرامبەردا ئەمجارەش کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەڵوێستێکی ئەوتۆی نەبوو، ئەمەش مانای ئەوەیە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بۆچوونەکان بە ئاراستەیەك لێکجیاوازن ناتوانن هیچ هەڵوێستێکی جددی لەهەمبەر ڕژێمی ئەسەد وەربگیرێت، ئەم حاڵەتە لەسەر وەرەقەی جنیفیش بۆ دامەزراندنی دەسەڵاتێك بۆ قۆناخی ئینتیقالی ڕەنگیداوەتەوە و ڕوسیا بە ئاشکرا بانگێشە بۆ ئەوە دەکات ئەگەر ڕۆژئاوا هەڵوێستی سەبارەت بە ئەسەد نەگۆڕێت، واتە ڕازی نەبێت بەمانەوەی ئەسەد و ڕژێمەکەی لە قۆناخی ئینتیقالیدا، ئەوا گۆمی خوێن لە سوریا هەر بەردەوام دەبێت، ئەمەش ڕاشکاوانە مانای ئەوەیە ئێستا گەلی سوریا لەم پرسەدا بۆتە مەسەلەیەکی لاوەکی و مەسەلەی سەرەکی مانەوەی ئەسەد و ڕژێمەکەیەتی، سەبارەت بەم جیاوازی نێوان هەڵوێستەکان پرسیارمان لە پرۆفیسۆر کریستۆفەر فلیپس تۆژەری باڵا لە ئامۆژگای چاتام هاوسی بەریتانی و پسپۆر لەسەر پرسی سوریا کرد، لەوەڵامدا بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن و وتی: (زۆر زەحمەتە بتوانین ئەوە دیاری بکەین هەتا کەی ئەم جیاوازییە لەبۆچوونە نێودەوڵەتیەکاندا بوونی دەبێت و هەتاکەی ئاوا دەستەوەستان دەبن سەبارەت بە کێشەی سوریا، بێگومان ئەوەی ئێوە دەسنیشانتان کردووە ڕاستە و هەڵوێستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هۆکارێکی سەرەکی بەردەوام بوونی توندوتیژیە لەسوریادا، هەردوولای هاوکێشەکە، لایەنگرانی ڕژێمەکەی ئەسەد بە سەرکردایەتی ئێران و




# دەستی ڕژێمی ئەسەدی بۆ کۆمەڵکوژی والا کردووە

ڕوسیا تەواو پشتگیری ئەسەد دەکەن و نایانەوێت لە دەســەڵات دووربخرێتــەوە و یەکێك لە هۆکارە سەرەکیەکانی ئەم هەڵوێستەشیان ئەوەیە پێیانوانییە بەدیلەکــەی ئەســەد بەدیلێکــی واقیعی بێت و پێیانوایە موعارەزە ئەوەندە دابەش بووە کە ناکرێت سوریا بە یەگکرتوویی بهێڵنەوە. لەلایەکی دیکەوە سەرکردەکانی ڕۆژئاوا، یەکێتی ئەوروپا و ئەمریکا و هاوپەیمانە ئیقلمیەکانیان، تورکیا و ســعودیە و قەتەر نایانەوێت بەشــار لە دەسەڵاتدا بمێنێتەوە و لە ڕاســتیدا هیچ لایەنێکیــش ئامادەنییە خۆی پابەندبکات بە دابینکردنی پشــتیوانی سەربازیەوە بۆ ئەوەی هاوکێشەکە بەلایەکدا بشکێتەوە، نە هێزە ڕۆژئاواییــەکان ئامادەن هەڵمەتی ســەربازی دژ بە ئەســەد بکەن و نە ئێران و ڕوســیاش ئامادەن ســوپای خۆیان بنێرن بۆ تێکشکاندنی یاخیبووان، کەواتە ئەگەری ئەوە هەیە هەردوولا بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ بەردەوامبن لەشەڕکردن لەگەڵ یەکتردا، لەگەڵ بوونی هەمان ئاســتی توندوتیژی دژی مەدەنییــەکان، کــە هیچ لایەکیش بە ڕاســتی سەرکەوتن بەدەســت نەهێنێت و هیچ لایەکیشیان ئەوەندە پشــتیوانی نێودەوڵەتیان نییە بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی یەکلاکەرەوە شکست بە لایەنی بەرامبەر بهێنن. ئــەوەی پەیوەندی بە وەرەقــەی جنێفەوە هەبێت، ئەوا ئەمە پەیوەســتە بە نێودەوڵەتیکردنی ناکۆکیەوە، کە موعارەزەی ســوری سەرسەختانە مانەوەی بەشار ئەســەد لە دەسەڵاتدا لە ماوەی ئینیتقالیــدا ڕەتدەکاتەوە، لەبەر ئــەوەی پێیانوایە گــوڕ و تینیان هەیە و پێیانوایە ئەتوانن ڕژێمەکە ببەزێنن، هۆکاری ئەم هەڵوێســتە سەختەشــیان ئەوەیە پشتیوانییەکی زارەکی زۆریان هەیە





لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیەوە، بەڵام کێشەکە ئەوەیە ئەو پشـــتیوانییە زارەکیە هاوشان نەبووە بە پشتگیری سەربازی، لەبەر ئەوە لەلایەك پێیانوایە بەرەو ســـەرکەوتن دەڕۆن، لەلایەکی دیکەشـــەوە پشتیوانی سەربازی پێویستیان نییە بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە، ئەمەش ڕۆڵی هەیە لەو چەقبەستوویەی هاتۆتە ئـــاراوە. لە هەمانکاتدا ئەگەر هەوڵبدرێت ئۆپۆزســـیۆنیش پڕچەك بکرێـــت چەکدارکردنی ئۆپۆزســـیۆنیش نابێتەهۆی ڕووخاندنی ڕژێمەکە، لەبەر ئەوەی تا ئێســـتا ڕژێمەکە هێزی ئاسمانی هەیە و ئەگەری ئەوە نییە شتێك-چەکێك- بدەن بە ئۆپۆزسیۆن کە ببێتەهۆی گۆڕینی هاوکێشەکە، بەڵام ئەمریکا بانگەشەی ئەوەی کردوە کە نایەوێت دەســـتێوەردان بکات لەم دۆخـــەدا، لەبەر ئەوەی بەرژەوەندی نییـــە، چونکە دوای ئەوەی لە لیبیا ڕوویدا ئۆباما دەیەوێت وەك سەرۆکێك باس بکرێت کە شـــەڕی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســـتدا کۆتایی پێهێناوە نەك شـــەڕی هەڵگیرساندبێت، لەبەر ئەوە تەواو ڕوونە کـــە ئەمریکا بەرژەوەنـــدی نییە لە دەســـتێوەردانی ڕاســـتەوخۆ، ئەوەی پێوەندی بە نەتەوە یەکگرتووەکانەوە هەبێت، ئەوا بە دڵنیاییەوە دەیانەوێت مەســـەلەکە شـــەرعیەتی نێودەوڵەتی هەبێت، بەڵام ڕوسیا و چین سەرسەختانە پشتیوانی ڕژێمی سوریا دەکەن، کەواتە نەتەوەیەکگرتووەکان بە ڕێگایەکی داخراو گەیشـــتووە و هیچ شـــتێك لە ئەنجوومەنـــی ئاســـایش تێناپەڕێت، چونکە ڕوسیا و چین ڕێگری لێدەکەن، لەبەر ئەوە ئەگەر ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی دەیانەوێت شتێك بکەن، ئەوا دەبێت هاوپەیمانـــی ئارەزومەندانە پێکبهێنن، ئەمەش هەمان ئەو حاڵەتە دووبارە دەکاتەوە کە لە ٢٠٠٣ لە عێراق ڕوویدا)).

هەر ســـەبارەت بەوەرەقەی جنیف ڕای پرۆفیسۆر نەدیـــم شـــەهادی بەڕێوەبـــەری پرۆگرامەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســـت لە ئامـــۆژگای چاتام هاوس وەرگـــرت، ئەویش بەمجۆرە ڕای خۆی بۆ گـــوڵان دەربڕی و وتـــی: ((وەرەقەی جنێف ڕوون نییـــە لەم ڕووەوە، بەڵکو تەمومژاویە، بەڵام نەتەوە یەکگرتووەکان بەو شـــێوەیە تەفسیری کرد، ئەوەی هەوڵـــی بۆ دەدەن ئەوەیە گفتوگۆ لە نێوان ڕژێم و موعارەزەدا بکرێت، کـــە گفتوگۆ لە خۆدەگرێت پێش ئەوەی گەرەنتی ئەوە بکرێت ئەســـەد بڕوات، مـــن پێموانییـــە ئەمە شـــتێکی مومکین بێت و ئەمەش چارەنووسی شکست دەبێت، چونکە باوەڕم وانییە موعارەزە ئەمە قبوڵ بکات و لە ڕاســـتیدا متمانەش بە پرۆسەکە ناکرێت. جیاوازی نێوان ئەم دوو هەڵوێســـتە و ئەم چەقبەستوییە کارەساتە بۆ خەڵکی ســـوریا و ئەگەر بارودۆخەکە بەم شێوەیە بەردەوام بێت، ئـــەوا باجێکی گران دەدرێت و من باوەڕم وایـــە ئەنجامدانی گفتوگۆ کە ڕازیبوونی تێدا بێت بە مانەوەی ئەسەد لە دەسەڵاتدا شتێکی مەحاڵـــە و ئەمە چارەنووســـی شکســـت دەبێت و ئەمـــە تەنیا بە فیڕۆدانـــی کات دەبێت ئەگەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئەمە قبوڵ بکات، و ئەم جۆرە گفتوگۆیەش سەرناکێشـــێت بۆ ئەنجامێکی خوازراو لە ســـوریادا، بەڵکو دەبێت گفتوگۆیەك بێت مانەوەی بەشـــار ئەسەد لە خۆنەگرێت، واتە پێویســـتە بە ئامانجی ســـوریایەکی نوێ بێت و بە سازشـــکردن نەبێت بۆ ڕژێمەکە. بۆیە دیســـان دووبارەی دەکەمەوە ئەگەر بارودۆخەکە وەك خۆی جێبهێڵرێت ئەوا باجێکی گران دەدەین، واتە باجی دەستێوەرنەدان و نەبوونی سیاسەتێك بۆ پاراستنی خەڵکـــی ســـوریا، یاخود بۆ ڕێگەنـــەدان لەوەی بەرگـــری لە خۆیان بکـــەن، زۆر زیاترە لە باجی دەستێوەردان، ئەمەش دەبێتەهۆی ئەوەی دۆخەکە زیاتر خراپ بێـــت و دەبێتەهۆی ئەوەی قۆناغی ئینتیقالـــی زیاتر دژوار بێت. من بەدیلێك نابینم و دەبێت چارەســـەرەکە لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیەوە بێت، ئیتـــر بە هاوکاری ڕوســـیا بێت یان بە بێ ڕوســـیا، و لە ڕاستیدا پێویستە ڕوســـیا دووبارە حســـاباتی بەرژەوەندیەکانی بکات، لەبەر ئەوەی بەرژەوەندی ڕوسیا لەوەدایە پێوەندی باشی لەگەڵ تێکڕای جیهانی عەرەبیدا هەبێت و پێوەندی باشی هەبێت لە ئاییندەدا لەگەڵ ســـوریا، ئەگەرنا من بەدیلێك بۆ دەستێوەردانی نێودەوڵەتی بەدی ناکەم بۆ پاراستنی خەڵکی سوریا)).

**ئاڵۆزبوونی بارودۆخەکە**
**لەبەرژەوەندی ئۆپۆزسیۆنی سوریا نییە**

هیـــلاری کلینتۆنی وەزیـــری دەرەوەی ئەمریکا هەفتەی ڕابردوو پەیامێکی ئاراستەی ئۆپۆزسیۆنی ســـوریا کرد بەوەی ڕێگەنەدەن تونـــدڕۆکان بێنە ناو گۆڕەپانەکە و شۆڕشـــەکەی ســـوریا بفڕێنن، ئەمەش مانای ئەوەیە بارودۆخی ئێســـتای سوریا نەبوونی پشـــتیوانی نێودەوڵەتـــی بۆ پەلەکردن لە ڕووخانی ڕژێمی ئەســـەد، بۆتە هۆکاری ئەوەی کە بۆشایی دروست بێت و هێزی دیکە بخزێنە ناو ئۆپۆزســـیۆن لەو ئاڵۆزیەدا هەوڵبدەن بارودۆخەکە بۆخۆیان بقۆزنەوە، سەبارەت بەم لایەنە پرۆفیسۆر کریســـتۆفەر فلیپس لە درێژەی لێدوانەکەیان بۆ

**کریستۆفەر فلیپس بۆ گوڵان:**



**هەڵوێستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هۆکارێکی سەرەکی بەردەوام بوونی توندوتیژیە لەسوریادا**





گوڵان بەمجۆرە لەسەر ئەم پرسە هەڵوەستەی کرد و وتی: (ئەمە مایەی نیگەرانییەکی گەورەیە، زۆرجار لە کاتی بوونی ئەم جۆرە ناکۆکیانەدا بارودۆخەکە لەلایەن توندڕۆکانەوە قۆستراوەتەوە- ئەمەمان لە بۆسنیا و جەزائیر بینی- کە تاوەکو زیاتر درێژەبکێشێت، ئەوا زیاتر ڕادیکاڵەکان رادەکێشی. ئەمە بەهۆی قەبارەی توندوتیژی سوریاوە ڕوویداوە، لەبەر ئەوەی کاتێك خەڵکی دەکوژرێن، ئەوا مەیلیان بۆلای توندڕەوەکان دەچێت لەم چارەسەرەدا، هەروەها ئەمە پێوەندی بە لایەنی نێودەوڵەتییەوە هەیە، بە تایبەتی کە ڕاپۆرتەکان باس لەوە دەکەن قەتەر چەکی قورس بۆ سەلەفیەکان و گروپە ئیسلامیە ڕادیکاڵەکان دەنێرێت، ئەمەش بە مانای ژمارەیەکی زۆری شەڕەکەرە ئیسلامی و سەلەفیەکان دێت، واتە ژمارەی ئەوان زیاتر دەبێت لە نێو موعارەزەی چەکداردا. بە ڕاشکاوی دەیڵێم زەحمەتیەکە ئەوەیە کە تاکە هێزی نێودەوڵەتی بتوانێت ڕێگری لەمە بکات، ڕۆژئاوایە و بە تایبەتی ئەمریکا، کە ئامادەنین هێزی سەربازی پێویست بۆ ڕێگرتنی لە ڕوودانی ئەمە تەرخان بکەن، بە چەشنی ئەوەی لە لیبیا کردیان، بەوپەڕی ڕاشکاوی دەیڵێم ئەگەر ئەمریکا ئەمە بکات، ئەوا باجێکی زۆر دەدات لە ڕووی مادی و گیانییەوە، و ئەمریکاش پێی وانییە گیانی سوریەکان ئەوەندە بەهادار بێت بۆ ئەوەی ئامادەبێت ئەم کارە بکات.. هەروەها ناتوانن ئەوەی لە لیبیا کردیان لەسوریا دووبارەی بکەنەوە یان ناوچەی دژە فڕین دابمەزرێنن لەبەر ئەوەی کاتێك قەیرانی لیبیا ڕوویدا، ئەتوانرا ئەم کارە بکرێت، لەبەر ئەوەی وڵاتێکی بچوك بوو و تەنیا شەش ملیۆن خەڵکی هەبوو، لە هەمان کاتدا سیستمێکی بەرگری زۆر لاوازی هەبوو، لەبەر ئەوەی بە دڵنیاییەوە وڵاتێکی زۆر دەوڵەمەند بوو کە نەوتی هەبوو، واتە پاڵنەری ئابووری هەبوو بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە، بەڵام سوریا هەل و مەرجێکی زۆر جیاوازی هەیە، وڵاتێکی زۆر گەورەترە و وڵاتێکی بیابان نییە بە چەشنی لیبیا بۆ ئەوەی بە ئاسانی ناوچەی دژەفڕین بسەپێنرێت، هەروەها وڵاتێکی هەژارە، واتە دەستکەوتی دارایی نییە لەم وڵاتەدا لە شێوەی ئەنجامدانی گرێبەستدا، لەلایەکی دیکەوە سوریا ترسێکی زۆری هەبوو لە ئیسرائیل و قەڵغانێکی مووشەکی پێشکەوتووی هەیە کە ئەتوانێت بەرگری لەخۆی بکات لەبەرامبەر هێرشەکاندا، لەبەر ئەوە ئەگەر سوپا و فڕۆکە بەکار بهێنرێت لەم قەیرانەدا، ئەوا ئەگەری زۆرە بخرێنە خوارەوە و ڕای گشتی ئەمریکاش نایانەوێت لەوە زیاتر خەڵکی خۆیان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە دەست بدەن و تەنانەت ئەگەر تەنیا هێزی ئاسمانی بەکاربهێنن، ئەوا ئەگەری کەوتنە خوارەوەیان هەیە، ئەم هاوینە دوو فڕۆکەوانی تورکیا کوژران کاتێك فڕۆکەکانیان لەلایەن سوریا خرانە خوارەوە، کەواتە موشەکی بەرگری پێشکەوتوویان هەیە و

**نەدیم شەهادی بۆ گوڵان:**



**ئەنجامدانی گفتوگۆ کە ڕازیبوونی تێدا بێت بە مانەوەی ئەسەد لە دەسەڵاتدا شتێکی مەحاڵە**

ئەگەری ئەوە هەیە فڕۆکەی ئەمریکی بخەنە خوارەوە و ڕای گشتی ئەمریکا نایەویت چیتر خەڵکی وڵاتەکەیان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لەدەست بدەن)).

پرۆفیسۆر نەدیم شەهادی ئەم مەسەلەیە بەوجۆرە دەبینێت ئەگەر دەستێوەردانی نێودەوڵەتی نەکرێت، ئەوا باجی دەستێوەرنەدان زۆر گەورەتر دەبێت، لەبەر ئەوەی بارودۆخە زیاتر ئاڵۆز دەبێت و دەرهاویشتەی زیاتری لێدەکەوێتەوە، سەبارەت بەم لایەنە بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن: (پێموایە پەنجەتان خستە سەر کێشەکە، کێشەکە لەم ڕژێمەدایە و لە نەبوونی سیاسەتێکی گونجاوە لەلایەن ئەمریکاوە، ئەمە سیاسەتێکی زۆر کورتبینانەیە و لەسەر بنەمای گریمانەی هەڵە بنیاتنراوە و ئەنجامەکەش کوشتاری زیاتر دەبێت لە سوریا. ئەمە پەیامەکەیە، پەیامەکەی ئەوەیە تۆپەکە لە ساحەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیە، چارەسەرەکە لە ناو سوریادا نییە، واتە چارەسەرێکی سوری نییە و دەبێت ئەم چارەسەرە لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیەوە بێت. پێویستە هێزێکی نێودەوڵەتی بوونی هەبێت کە خەڵکی سوریا بپارێزێت و ڕژێمەکە ناچار بکات دەست لە دەسەڵات بەربدات، زۆر باشترە و تێچوونێکی زۆر کەمتر لە خۆدەگرێت، بە بەراورد بەوەی ڕێگە بدرێت شەڕە ناوخۆییەکە لە سوریا بەردەوام بێت و بۆشاییەك دروست بکرێت کە توندڕەوەکان لە سەرتاسەری ناوچەکە ڕابکێشێت. بە کورتی و بە پوختی باجی دەستێوەرنەدان زۆر زیاترە لە باجی دەستێوەردان. هەربۆیە کێشەکە لە ئەمریکادایە، کێشەکە لە ئیدارەی ئۆبامادایە کە بڕیارێکی جێگیر و کۆتایی نەداوە، یاخود سیاسەتێکی جێگیر و کۆتایی نەبووە، چونکە ئەگەر ئەمریکا سیاسەتێکی جێگیری هەبێت، ئەوا شتەکان خێراتر بەرەوپێشدەچن. ئەو هێزە ئیقلمیانەی باسی دەکەن دەستێوەردان ناکەن، لەبەر ئەوەی پشتیوانی ئەمریکایان نییە. ئەوەی لە هاوکێشەکەدا بزرە ئەمەیە)).

# وەرچەرخانی تەنگژە لە کۆمەڵگەی پاش شەڕ

(( ئەم بابەتەی پرۆفیسۆر سنتیا کێپلی دەربڕینی کۆمەڵێك سەرنجە لەسەر چەند پرسیارێکی گوڵان، کە داوامان لێکردبوو رای خۆیمان لەسەر پرسی وەرچەرخانی تەنگژە و بونیادی ئاشتی لەکۆمەڵگەی دوای تەنگژەکان بۆ دەرببڕێت، بەڵام خاتوو سنتیا ئەم وتارەی بۆ نووسین و هەرخۆیشی ناونیشانەکەی بۆ دیاری کردووە، بەسوپاسەوە ئێمەش وەك خۆی بڵاوی دەکەینەوە))

**سنتیا کێپلی ***

**تایبەت بۆ گوڵانی نوسیوە**



پێموایە گرنگترین لێکتێنەگەیشتن سەبارەت بە شەڕ و ئاشتی ئەوەیە کە پێی وایە شەڕ و ئاشتی دووجەمسەری دژبەیەك نین، ئەم تێگەیشتنە هەڵەیە دەگەڕێتەوە بۆ چۆنیەتی تێگەیشتنی تیۆلۆژیە لە چەمکی ئاشتی لە نێو ئایینە ئیبراهیمییەکاندا، کە تیایدا ئاشتی بەهەشتێکی یۆتۆبیایە، هەر لەو تێگەیشتنەدا شەڕ، واقیعی جیهانە تاڵەکەیە و چەندین وشەی وەك شەڕ و شەیتان بە لۆژیکی تیۆلۆژی تێدا دەبینرێت.

لێرەوە وای بەباش دەزانم لە تیۆلۆژیا دوورکەوینەوەو بەشێوەیەکی راستەقینە سەیری خودی توندوتیژی بکەین، کە لەهەردوو حاڵەتی شەڕ و ئاشتی روودەدات، بێگومان ئەوە ئاشکرایە ئەگەر بەراورد بکەین ئەوا توندوتیژی و کوشتن لە حاڵەتی شەڕ بەبەراورد لە حاڵەتی ئاشتی زیاترە، بەڵام تەنگژە بەشێکی بەردەوام و نەگۆڕی گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی و کۆمەڵگاکانە لەهەموو کاتێکدا، بەڵام ئەو کارەی کە ئێمەی بونیادنەرانی ئاشتی (Peacebuilers) بیکەین، نە بنبڕکردنی تەنگژە و نە بەڕێوەبردنی تەنگژەکەشە، بەڵکو وەرچەرخانی تەنگژەکەیە بۆ ئەوەی دەرهاویشتەی زیانەکانی توندوتیژی کەمبکەینەوە،ئەمەش لەبەر ئەوەیە تەنگژەی مەدەنی و بەرهەمهێن باشترین گۆڕانکاری بەدوای خۆیدا دەهێنیت، لە نێویشیاندا پەرەپێدانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئیتنی و یەکسانی جەندەری.

ئەوجا لەبەر ئەوەی لە کاتی ئاشتیشدا تەنگژە بوونی هەیە، ئەوا ئێمە و هاوپیشەکانمان لەبواری وەرچەرخانی تەنگژە، پێمانوایە لە ساتە هەر سەختەکانی شەڕیشدا ساتێك بۆ ئاشتی و خۆشەویستی و داهێنان، ئەوەی لێرەدا بۆ ئێمەی توێژەر و رۆژنامەنووسان جێگەی هەڵوەستەیە ئەوەیە، کە دان بەم واقیعەدا دەنێین و دیراسەتی دەکەین و دەیکەینە بەشێك لەیادەوەریی کۆمەڵگە لە ئاییندەدا، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کەس بە ئاسانی ناتوانێت رابردوو خراپ بلۆك بکات و راستەوخۆ هەوڵبدات هەنگاوی باش بۆ ئاییندە هەڵبگرێت، لەبری ئەمە پێویستە لەسەر شتی باش بونیاد بکات، ئەمە

دەبێت لەساتە سەختەکانیشدا بەو جۆرە بێت و دەبێت ئەمە بکرێتە بنەمایەك بۆ بەرەوپێشەوەچوون، من دڵنیام خوێنەرانی گۆڤارەکەتان زۆر باش لە مەبەستەکەم تێدەگەن، لەبەر ئەوەی وێرای ئەوەی لەساتە ناخۆشەکانی شەڕدا کارەسات هەبووە، بەڵام دڵی لێبوردەیی و گەورە بوونی هەبووە و شاعیر هەبووە، هەروەها یاریی منداڵانیش بوونی هەبووە.

بەرەو پێشەوەچوونی ئاشتی و دیموکراتی پرۆسەگەلێکی بەسەبرن، بۆیە ناکرێتبەهۆی تەنگژەی بەردەوامەوە بێ ئومێد بین، بۆیە پێویستە لەسەر توێژەران و ڕۆژنامەنووسان ئەو بەرپرسیارێتییە لەئەستۆبگرن لەپێناو شیکردنەوە و خوێندنەوەی ناکۆکی وەکو دیاردەیەکی هەڵکشاو، کاربکەن بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارەی دیکە و باشتر بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، هەر لەبەر ئەمەشە بوونی کۆمەڵگە دەبێتە دیاردەیەکی پێویست، لەبەر ئەوەی لەناو کۆمەڵگەی مەدەنی دەکرێت جیاواز بین و بۆچوونەکانمان وەك یەك نەبێت، بەڵام مەرج نییە توندوتیژی لەنێوانماندا ڕووبدات، ئەمەش وادەکات بتوانین بەرێگەی دیالۆگ خۆمان کێشەکانی خۆمان چارەسەر بکەین، لەم ڕووەوە پەروەردە زۆر گرنگە بۆ کۆمەڵگەی دوای شەڕ، بەتایبەتیش پەروەردەکردنی کچان و ئافرەتان چونکە ئەوان بەرپرسیارییەتی پەروەردەی نەوەی داهاتوویان دەکەوێتە سەرشان، ئەمەش مانای ئەوەیە پێویستە نەوەی داهاتوو زمانی دیالۆگ بزانێت نەك زمانی چەك.

بەرای من گرنگە کە تەنگژە لۆکاڵ بێت یان هەرێمی لەسەر ئاستی فراوانی جیهان بزانرێت، بۆیە من هەوڵی گۆڤارەکەتان بەرز دەنرخێنم کە لەو پەڕی جیهانەوە هەوڵتان داوە لەسەر ئەم پرسە بیروبۆچوونی پرۆفیسۆرێکی ئەمریکی وەربگرن، لەم باردۆخەدا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەتوانێت جۆرە تۆڕێکی دڵنیایی پێکبێنێت – لێرەشدا مەبەستم لە تۆڕێکی مەعنەوییە نەك سزای ئابووری یان ناردنی سوپا – لەپێناو یارمەتیدانی کۆمەڵگە تازەپێگەیشتووەکان بۆ مانەوەیان لەمیانی ڕەشەبا جیاوازەکانی پەرەپێدان، هیوادارم پەیوەندی بە بیرمەندەکان لەسەرتاسەری جیهاندا بکەن و ئەم پرسیارانەیان ئاراستەبکەن کە بۆ منتان ناردووە. ئێمە لە ئەنستیتیۆتی کرۆك-دا، کە من تێیدا ئەندامم، بەردەوام زاراوەی «بونیادنانی ئاشتی» بۆ هەموو پارچەکانی جیهان دەنێرین نەك تەنیا بۆ مەبەستی «درووستکردنی ئاشتی» بەڵکو بۆ فێرکردنی سەرکردە لۆکاڵەکان لەبارەی چۆنییەتی ئاخاوتن بە زمانی ئاشتی، کە پاش ئەوەی چەندین ساڵ جەنگیان کردووە، لێرەدا پێم باشە بایەخ بەم دوو کتێبە بدەن، یەکەمیان وەرچەرخانی تەنگژە و دووەمیان باوەڕی ئەخلاقی John Paul Lederach>s works.(( The Little Book of Conflict Transformation and The Moral Imagination.)) لە کتێبی یەکەمدا پرۆفیسۆر لێدێریخ جیاوازی دەخاتەڕوو لەنێوان نەهێشتنی ناکۆکی و بەڕێوەبردنی ناکۆکی و وەرچەرخانی ناکۆکی، لە کتێبی دووەمدا پرۆفیسۆر لێدێریخ هەموومان بانگێشت دەکات بۆئەوەی ببین بە هەڵگری «باوەڕی ئەخلاقی - Moral Imagination» کە هەموو مرۆڤێك لە ساتەکانی شەڕەوە تاکو ساتەکانی ئاشتی هەیەتی. لەڕاستیدا، پێویستە ئەوە بێت بە بناغەیەکی پتەو بۆ بونیادنانی دیموکراسییەت.

دیموکراسییەت تەنیا وەڵام نییە بۆ کێشەکانی کۆمەڵگە، لەبەر ئەوەی لەم جیهانەدا چەندین وڵاتی دیموکراتی گەورە هەن بەڵام لەهەمان کاتیشدا گەورەترین پێشێلکارن لە مافەکانی مرۆڤدا!

ئەمریکا لە «شەڕی دژە تیرۆر» دا ڕابەرایەتیی جیهانی کردووە، بەڵام لەبەر ئەوەی بەشێوەیەکی ئاڵۆز پێناسەی تیرۆری کردووە ئەوا مەترسییەکی گەورەی خستۆتە سەر دیموکراسییەکەمان، هەربۆیە دیموکراسییەت، هاوشێوە لەگەڵ ئاشتی، دەرمانێك نییە بۆ چارەسەر. بەڵکو چەند زیاتر لە سەدەی ٢١ـەمیندا هەنگاو هەڵگرین ئەوە کۆمەڵگەکانمان زیاتر بانگێشتی هەر یەك لە ئێمە دەکات بۆ ئەوەی ببین بە هەڵگری «باوەڕی ئەخلاقی» و کۆششبکەین بۆ خۆشەویستیی بۆ مرۆڤایەتی کە لە ئایینەکانماندا هەیە.

هیوادارم ئەمە بۆتان سوودبەخش بێت، ئەگەر وەکو خۆی بڵاویدەکەنەوە دەتوانن ئەم ناونیشانەی لای خوارەوەی بۆ دانێن، یانیش ئێوە دەتوانن ناونیشانێکی بۆ دەستنیشان بکەن:

«وەرچەرخانی ناکۆکی لەو کۆمەڵگانەی کە لە جەنگ دەرچوونە».

Conflict Transformation in» «Societies Emerging from War

دەتوانن بابەتی دیکەم بخوێننەوە کە من نووسیومە لەسەر ئاشتی و جەنگ لەدژی تیرۆر ...و تاد. ئەگەر پێشوەختە پرسم پێبکەن مافتان پێ دەبەخشم بۆ بڵاوکردنەوەی نووسینەکانم، بۆنموونە بابەتێکم هەیە لەژێر ناونیشانی: پێویستە منداڵەکانمان لەبارەی توندوتیژییەوە فێری چی بکەین ؟».

سوپاستان دەکەم.

*** پرۆفیسۆر لە ئەنترۆپۆلۆجیا لە زانکۆی نۆتردام، هەروەها ئەندامە لە ئەنستیتۆتی ( Joan B. Kroc ) بۆ دیراساتی ئاشتیی نێودەوڵەتی، پسپۆر لە ئایین و ناکۆکی و بونیادنانی ئاشتی.**

> **ئەگەر بەراورد بکەین ئەوا توندوتیژی و کوشتن لە حاڵەتی شەڕ بەبەراورد لە حاڵەتی ئاشتی زیاترە. بەڵام تەنگژە بەشێکی بەردەوام و نەگۆڕی گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی و کۆمەڵگاکانە لەهەموو کاتێکدا**

> **دیموکراسییەت تەنیا وەڵام نییە بۆ کێشەکانی کۆمەڵگە. لەبەر ئەوەی لەم جیهانەدا چەندین وڵاتی دیموکراتی گەورە هەن بەڵام لەهەمان کاتیشدا گەورەترین پێشێلکارن لە مافەکانی مرۆڤدا**

# لەنێوان کچۆڵەکانی باڵندەکانی بەهەشت و ئەوانی ئێمە!

**ئیسلامییەکانی خۆمان هێشتا لە باسی زیرەکی و مەدح و سەنای پارتی (داد و گەشەپێدانی) تورکیا بەردەوامن و بە حیزبێکی سەرکەوتووی بواری سیاسەتی دادەنێن، بەڵام ئامادەنین یان جورئەتی ئەو هەنگاونانە ناکەن کە ئەو حیزبە ناویەتی**

**لای خۆمان لە رادەبەدەر دەست دەخرێتە وردەکاری ژیانی تاکەکانەوە، کوڕ بن یان کچ، بەجۆرێک قسە لەسەر جلوبەرگی و قژبڕین و قژداهێنان و ریش و سمێڵی کوڕان و، گشت شتێکی کچان دەکرێت، کەچی ئیسلامییەکانی وڵاتانی دەوروبەر و دنیا هەرچییەک بکەن و، هەرچی لەبەر بکەن و بیپۆشن ئەوە لای خۆمان ئیسلامییەکان وەک ئەزموون و مۆدیلی سەرکەوتوو تەماشای دەکەن**



عەبدولڕەحمان سدیق
asidiq1962@yahoo.com

گرووپــی (باڵندەکانی بەهەشــت) کە زۆربەیان ئەندامی یەك خێزانن و، بەڕەگەز فەلەســتینیی و دانیشــتووی ئوردونن، ماوەی چەند ســاڵێکە ناوو ناوبانگێکی باشــیان لەبــواری ســروودی منداڵاندا پەیداکردووە.

تا ئێرە مەســەلەکە ئاساییە، بەڵام ئەوەی نائاساییە ئەوەیە کە کەناڵە ئیسلامییەکانی لای خۆمان ناتوانن یان ناوێرن گرووپێکی هاوشــێوەیان هەبێت، چونکــە لایان وایە گۆرانی وتن بۆ کچانی هاوتەمەنی (دیمە بەشار) جائیز نییەو، نابێت وەك ئەو بەسەری بێ سەرپۆشــەوە گۆرانی یان سروود بڵێن، بەڵام بۆ ئەوان هیچ کەســێکی لای ئێمە باس لەجائیزبوون یان نەبوون ناکات.

مــن لەســاڵی (٢٠٠٧)ەوە نووســیومەو گوتوومــە کە لــە کــەم و کورتییەکانی دنیای کاری سیاســی کوردی بەگشتی و، ئیســلامیی بەتایبەتــی، دیــاردەی خــۆ بەکەمزانینە لە بەرامبــەر دەرەوە و ئەزموونەکانــی خەڵکانــی هاوشــێوەی خۆماندا.

لە سیاســەتدا ئیســلامییەکانی خۆمان هێشتا لە باسی زیرەکی و مەدح و سەنای پارتــی (داد و گەشــەپێدانی) تورکیــا بەردەوامن و بە حیزبێکی ســەرکەوتووی بواری سیاسەتی دادەنێن، بەڵام ئامادەنین یان جورئەتی ئەو هەنگاونانە ناکەن کە ئەو حیزبە ناویەتی.

ئێمەو مانان جاروبار شــتێکی نوێی وەك ئەوەی ئەوانمان گوتووە پێش چەندین ساڵ، بەڵام خەڵکی خۆمــان بە لادەرت دەزانن، کەچی پاش چەند ساڵێك کە خەڵکی دی هەمان ئەو قســانە دەکەن، لای خەڵکی خۆمان بە چاوی فەیلەســوف تەماشای ئەوان دەکەن.

لە بواری دراما و شــانۆ و هونەردا لای خۆمان باس باسی حەرام و حەڵاڵە لەسەر رۆڵــی ئافرەت و کچان، کەچی گشــت کەناڵە ئیسلامییەکان پێشــبڕکێی یەکتر دەکەن لەسەر پیشاندانی دراماکانی کەناڵی (سەحەر)ی ئێران و (ئێس تی ڤی) تورکیا، بێ ئەوەی لەوێدا باس لە حەرام و حەڵاڵی ئافرەت بەگشتی و ئافرەتی بێ سەرپۆش بەتایبەتی بکەن، وەك بڵێی ئەوەی بۆ ئێران و تورکیا حەڵاڵە بۆ کورد حەرام بێت، یان وەك بڵێــی ئێمەی کورد لە ئێران و تورکیا زیاتر حەڵاڵ و حەرام دەزانین!

لە بواری مۆســیقا و گۆرانیدا، هەرچی ســروود و گۆرانی ئوردونــی و مالیزیی هەیە کە کچ دەیڵێت دەخرێنە ســەر شاشە و یان لە رادیــۆ پەخش دەکرێن، بەڵام کە کچانی خۆمان دەگەنە ئەو تەمەنە، سەدان قسە و قسەڵۆك بۆ باوك و خێزانی دروست دەکەن و، کچ ناچــاری وازهێنان دەکەن! وەك بڵێی گۆرانــی بۆ کچی مالیزی و ئوردونی حەڵاڵە و، بۆ کیژۆڵەی کوردی بەستەزمان حەرامە.

لە بواری رۆژنامە و گۆڤاردا، دنیا وێران دەبێــت ئەگــەر لە رێکلامێکــدا وێنەی کچێکی قژ دەرکەوتوی تێدابێت، کەچی بە شــەو و رۆژ هەموومان سەدان وێنەی لەو جۆرە دەبینین لە گشــت هۆکارەکانی راگەیاندندا.

لای خۆمان لە رادەبەدەر دەســت دەخرێتە وردەکاریی ژیانی تاکەکانەوە، کوڕ بن یان کچ، بەجۆرێك قســە لەســەر جلوبەرگی و قژبڕین و قژداهێنان و ریش و ســمێڵی کوڕان و، گشت شــتێکی کچان دەکرێت، کەچی ئیسلامییەکانی وڵاتانی دەوروبەر و دنیــا هەرچییــەك بکــەن و، هەرچی لەبەر بکەن و بیپۆشــن ئەوە لای خۆمان ئیســلامییەکان وەك ئەزموون و مۆدیلی سەرکەوتوو تەماشای دەکەن.

ئێمەی کورد پێویســتە لە سۆنگەی باوەڕ بەخۆبــوون و، رەهەندی نیشــتمانیی و، ئەزموونــی لۆکاڵی خۆمانــەوە، خاوەنی ئەزموونــی کراوە و مۆدێــرن و لۆکاڵی خۆمان بین و، پێشەنگ بین نەك پاشکۆ، کراوە بین نەك داخراو.

# سەلەفیەت لەسەردەمێكدا كە پێویستی بەنۆژەن كردنەوەی ئاینە

دەركەوتنی كتوپڕی ڕەوتی سەلەفی وەك هێزێكی سیاسی، بەتایبەتی لە میسرو هەروەها لە تونس، مایەی سەرسوڕمانی ڕۆژئاوایە. تەنانەت لەڕۆژهەڵاتیش دیدێكی ڕوون بۆ ئەم دیاردەیە نییە. لەبەرئەنجامی كۆتاییدا ئەمە بەو ئاكامەمان دەگەیەنێ كە ئەم دیاردەیە وەك دیاردەیەكی تەمومژاوی خۆی دەنوێنێ و بەشێوەی جیاواز لێكدانەوەی بۆ دەكرێ. ساڵی پار، پرۆفیسۆر جۆن سپۆزیتۆ، كە شارەزایی ٤٠ ساڵی لە كاروباری جیهانی ئیسلام هەیەو ئێستا سەرۆكی ئەكادیمیای ئەمریكایی ئاینەكانە، لە چاوپێكەوتنێكدا كە لە ڕۆژنامەی ئەهرامی میسری بڵاوكرایەوە، بەئەستەمی زانی بتوانێ پێناسەیەك بۆ ڕەوتی سەلەفی بدۆزێتەوە، بەڵام بەشێوەیەكی گشتی، سەلەفیەتی بەسەر سێ جۆردا دابەش كرد كەبریتین لە سەلەفیەتی ناسیاسی و سەلەفیەتی سیاسی و سەلەفیەتی جیهادی.

لە ئیسلامدا سەلەفیەت بزوتنەوەیەكی نامۆ نییە، بەڵام مێژووی پەیدابوونی ڕوون نییە. زۆرتر پێدەچێ بەشێوەیەكی سەرەتایی لەسەردەمی ئەمەوییەكاندا پەیدا بووبێ و وردتریش پێدەچێ لە سەروبەندی نەمانی یەكەم نەوەی ئیسلام كە تاكەكانی لەمێژوودا بەسەحابە ناسراون، پەیدابووبێ. ئەو پەیوەندییە تایبەتەی كە بزوتنەوەی سەلەفی بەنەوەی یەكەمی ئیسلامەوە هەیەتی، كرۆكی بزووتنەوەكە پێكدێنێ. لەسەردەمی عەباسییەكاندا بزووتنەوەكە چوارچێوەیەكی گشتیی بۆ بیروباوەڕەكانی پێكهێنا، بەڵام نەیتوانی تێڕوانینێكی ڕۆشن بۆ هەموو مەسەلەكان گەڵاڵە بكات، هەروەك نەشیتوانی سەركردایەتییەكی یەكگرتوو پێك بێنێ. زۆربەی كات وەك بزووتنەوەیەكی ئاینی- كۆمەڵایەتی هەڵسوكەوتی كردو هیچ ڕۆڵێكی سیاسیی گەورەی نەنواندو لە جیهانبینییەكی داخراودا ژیا.


پەیوەندیی سەلەفیەت بەسیاسەتەوە ڕوون نییە. بەڵام ئەوەی كە بەباشی تێبینی دەكرێ ئەوەیە كە توانیویەتی لە هەلومەرجی تایبەتدا كار بكاتە سەر ڕای گشتی و كاریگەریی لەسەر پرۆسەی سیاسی هەبێ. پەیوەندیی بزووتنەوەكە لەگەڵ دەوڵەتدا بەهەڵبەزو دابەزدا تێپەڕیوە، بەڵام بەشێوەیەكی گشتی، ئەم بزووتنەوەیە توانیویەتی كارێكی وا بكا كە گەیشتن بە دەسەڵات یەكێ لە ئامانجەكانی نەبێ. بزووتنەوەی سەلەفی ئەوەندەی كە كاریگەیی لەسەر كۆمەڵگا هەبووە، ئەوەندە كاریگەریی لەسەر دەوڵەت نەبووە. لەسەر دەستی بزووتنەوەی سۆفیگەری و چوار مەزهەبە سەرەكییەكەی سوننە بزووتنەوەیەكی نەریتپارێزی سەلەفیی وا داهات كەنوێنەرایەتیی ڕەوتی ئەرتۆدۆكسیی ئیسلامی كردو زۆرتر سەرقاڵ بوو بەڕێكخستنی كاروباری ئاینیی موسڵمانان.

ئەو بنەمایەی كە بزووتنەوەی سەلەفی لەو سەردەمەدا دایناوە، تا ئەمڕۆ زیندووە. بزوتنەوەی سەلەفی بانگەشەی بۆ ئەوە كردووە كە تاكە سەردەمی خاوێنی مێژوو، سەردەمی پێغەمبەرەو كۆمەڵگای نموونەییش كە لە بێگەردی و پاكیزەییدا هیچ كۆمەڵگایەك شانی لەشانی نادا، كۆمەڵگای سەردەمی پێغەمبەرو هاوەڵەكانێتی. لەو سۆنگەیەوە، بزوتنەوەی سەلەفی لەو كاتەوەو تائێستا، هەر ڕووی لەرابردووەو هەمیشە رابردووی لە ئێستا پێ باشتر بووەو باوەڕی تەواوی بەوە هەبووە كە ڕابردوو هاوتای باوەڕی ڕاستەقینەیە. لەم بیروباوەڕەوە نۆڕینە نەریتپارێزەكانی سەرچاوە دەگرن تا ئەو ڕادەیەی كە نەریتپارێزییەكە ئەوەندە لە كۆنەپەرستی نزیك دەبێتەوە كە دەرفەتێكی زۆر بۆ لێك جیاكردنەوەی نەریتپارێزی و كۆنەپەرستی نامێنێ.

مێژووی سەلەفیەت، تەنانەت لەو بارودۆخەش كە تێیدا ڕۆڵێكی نیشتمانیی دژ بەداگیركردنی بیانی و دەسەڵاتی بیانی گێڕاوە، مێژوویەكی بە پێی پێویست پۆزەتیڤ نییە، چونكە لەو بارودۆخەدا هیچ ناوەڕۆكێكی كۆمەڵایەتیی بەتێكۆشان لە دژی داگیركەران نەداوە. لە مۆدێلی میسر، دەردەكەوێ كە بزووتنەوەی سەلەفی لە سەردەمی عوسمانییەكانەوە لەپەراوێزی ڕووداوەكاندا بووە. بەرامبەر بەوەی كە كەیفی بەدەوڵەت و سیاسەتی دەسەڵاتداران نەهاتووەو پشتگیریی زوڵم و زۆری نەكردووە، كە ئەمە خاڵێكە بەچاكە بۆی دەژمێردرێ، دژی پەرەسەندنی كۆمەڵایەتی وەستاوەتەوەو هەموو ڕوخسارەكانی شارستانیەت و پێشكەوتنی ئابوریی ڕەت كردۆتەوە. بەڵام سەرەڕای ڕەخنەی لەدەوڵەت، بەبەردەوامی خۆی لەڕووبەڕووبوونەوە دزیوەتەوەو زۆرتر جەختی كردۆتە سەر بێئومێدكردنی شەقام لە ئەگەری ئایندەیەكی گەش. لەكاتێكدا بزووتنەوەی ئیسلامی سیاسی، كە لە میسر خۆی لە گروپی ئیخوان موسلمیندا دەبینێتەوە، ڕووبەڕووی دەوڵەت بۆتەوەو لەم سۆنگەیەوە تووشی گێچەڵ و دەردەسەری بووە، بزووتنەوەی سەلەفی خۆی لەڕووبەڕووبونەوەی دەوڵەت دوورە پەرێز ڕاگرت بوو و بەردەوام بووە لەسەر كاركردن بەخشكەیی و بەبێ خۆتێوەگلاندن لە هیچ هەڵسورانێكی گشتیی ئاشكرادا.

دەشێ سەلەفییەكان لە میسرو هەروەها لە تونس، گێچەڵی گەورە بنێتەوە، چونكە دووركەوتنەوەی ئەم بزووتنەوەیە لە پڕاگماتیزم و سڕینەوەی هەموو سنوورێك لە نێوان كۆمەڵگاو دەوڵەت، كۆپییەكی زۆر خراپی ئیسلام پێشكەش دەكا كە بە هیچ شێوەیەك ناتوانێ هیچ شتێكی مۆدێرن پەسند بكا، بەتایبەتی كە ئەم بزووتنەوەیە لە ناوەڕۆكدا لە كۆپییەكی پەرەپێنەدراوی ئیسلام شتێكی تر نییە.

**پەیوەندیی سەلەفیەت بەسیاسەتەوە ڕوون نییە. بەڵام ئەوەی كە بەباشی تێبینی دەكرێ ئەوەیە كە توانیویەتی لە هەلومەرجی تایبەتدا كار بكاتە سەر ڕای گشتی و كاریگەریی لەسەر پرۆسەی سیاسی هەبێ**



فەرید ئەسەسەرد

بۆ گوڵان نووسیوێتی




# میسر
# ناكۆكی نێوان هێزەئیسلامی و مەدەنییەكانی لە سەر دەستوور لە پەرەسەندندایە

## ئەسما حوسەینی/قاهیرە

ڕۆژی هەینـــی ڕابردوو بەســـەدان هەزار خۆپیشـــاندەر ڕژانە گۆڕەپانی تەحریری ناوەڕاستی قاهیرە کە داوایان دەکرد شەریعەتی ئیســـلامی پیادەبکرێت، خۆپیشاندەران کە ســـەر بەڕەوتی سەلەفییەکان بوون هوتافی هەمەجۆریـــان دەکێشـــا لەوانـــە: «گەل دەیەوێت شـــەرعی خـــوا جێبەجێبکرێت»و «ئیسلام تاکە چارەسەرە». خۆپیشاندەران بڵاوکراوەیـــان لەو شـــوێنە دابەش دەکرد و داوایان دەکرد حوکمی شـــەریعەت لەهەموو کایەیەکـــدا پیادە بکرێت، لەوانە ئابووری و بانك،ئەمەو هەندێ بزووتنەوە لەئامادەباشیدا بوون بۆ خۆپیشـــاندانی ملیۆن کەسی لە سەرووبیانەوە قوتابیانی شەریعەتی ئیسلامی کە ڕۆژی هەینی داهاتوو سازی بکەن بە مەبەستی جێبەجێکردنی داواکەیان ئەویش دانانی بەندێکە لە دەستووری تازەی وڵات کە بریتییە لەجێبەجێ کردنی حوکمەکانی شەریعەتی ئیسلامی.ئەمە لە کاتێکدا دێت کە مافناســـان ونوێنەرانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی هێرشـــێکی توندیان کـــردە ســـەر ڕەشنووســـی دەســـتوورەکە کـــە لەلایـــەن کۆمەڵـــەی دامەزراندنەوە بڵاوکرایەوە،هەڕەشـــەی ئەوەشـــیان کـــرد کە دەرچوونی ئەم دەســـتوورە بەم شـــێوەیە خراپترین دەستوور دەبێت لەمێژووی سیاسیی میسردا بەشداربووان لەمیانی دیدارێکدا کە ئەنجومەنـــی نەتەوەیی مافەکانی مرۆڤ ســـازی کردبوو،داوایان کرد کە بەشـــێکی تەواو بڕیاری لێبدرێت بۆ ئازادییە گشتی وتایبەتییـــەکان، حافـــز ئەبو ســـەعدە ی ســـەرۆکی ڕێکخراوی میســـر بۆ مافی مرۆڤ ڕایگەیاند کە ڕەشنووسەکە بریتییە لە خراپترین دەســـتوور کە تائێســـتا میسر بەخۆیەوەدیوە،بە توندیـــش ڕەخنەی گرت لـــەو ناکۆکییانەی لە دووتوێی ماددەکانی نێو دەستوورەکەدا بەرچاودەکەوێت، چونکە لە بەهاو پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤ کەم دەکاتەوەو پڕییەتی لە تەڵەی دەســـتووری و یاســـایی، هەروەها جەختی لەوە کردەوە کە ژیانی سیاسی ڕووبەڕووی کلتوورێکی دژ بە مافەکانی مرۆڤ دەبێتەوە،داواشی لەڕێکخراوەکان و ئەنجومەنی نەتەوەیی





دکتۆر حەمدی قەندیل بۆ گوڵان:

**ئەو خۆپیشاندانانەی ئەمڕۆ کە لە گۆڕەپانی تەحریر لەلایەن هەندێ هێزی سەلەفییەوە بانگەشەی بۆ کرا، فێڵکردنە لەلایەنەکانی دیکە وبریتییە لە دابەشکردنی ڕۆڵ لەنێوان ئیخوان موسلمین و توێژەکانی دیکەی سەر بە ڕەوتی راستڕەوی ئایینی**

کرد هەوڵەکانیان یەکخەن بەمەبەستی پاراستنی دەستووری تازە لە دەسەڵات و هەژموونی رەوتەسیاسییەکان کە دەیانەوێت ڕاوبۆچوونی خۆیانی تێدا بسەپێنن، بۆیە پێویستە دەستوور بۆ هەموو میسرییەکان بێت نەك بۆ تاقمێك یان ڕەوتێکی دیاریکراو، هەروەها گوتی :ڕەوتە ئیسلامییەکان لەناوەو دەرەوەی کۆمەڵەی دامەزراندن بیرۆکەی مافی مرۆڤ و بەڵگەنامەنێودەوڵەتییەکان دەشێوێنن،کاتێ لەگەڵ پرانسیب و حوکمەکانی شەریعەت ناگونجێت،لەم ڕووەوە راگەیاندکار حەمدی قەندیل لەگەڵیدا کۆکەو پێیوایە گەلی میسر تەنیا دەستورێك قبوڵ دەکات کە گوزارشت لە ویستی ئەو بکات بەهەموو پێکهاتەکانیەوە، هەروەها ئاماژە بەوەدەکات کە چەندین رەوتی سیاسی دان بە کۆمەڵەی دامەزراندنی دەستوور دانانێن و بە ناشەرعی لەقەڵەمی دەدەن.نووسەرو رۆژنامەنووس دکتۆر حەمدی قەندیل باس لەو خۆپیشاندانانەی ئەمڕۆ دەکات

کە لە گۆڕەپانی تەحریر لەلایەن هەندێ هێزی سەلەفییەوە بانگەشەی بۆ کرا، لە ژێر دروشمی « هەینیی شەریعەت» کە فێڵکردنە لەلایەنەکانی دیکە،زیاتر روونی کردەوە کە ئەم خۆپیشاندانە بریتییە لە دابەشکردنی رۆڵ لەنێوان ئیخوان موسلمین و توێژەکانی دیکەی سەر بە ڕەوتی راستڕەوی ئایینی،چونکە ئیخوان لەم کارە بەدوورنین هەر چەندە بەڕواڵەت خۆیان لەدیمەنەکە دەرناخەن،دیارە ئەم فێڵلێکردنەش گوشارێکە لەبەرامبەر گلەیی وسکاڵای لایەنەکانی دیکە لەهەمبەر پێکهێنانی کۆمەڵەی دامەزراندن بەر لەگلەییان لەو ڕەشنووسانەی لێوەی دەردەچن،قەندیل زیاتر گوتی:ئەوەی ئەمڕۆ ڕوویدا گوزارشتە لە نەزانیی تەواوی سەلەفییەکان بە شەریعەتی راستەقینەی ئیسلام،چونکە ماددەی دووەم لە دەستوورەکە بەشێوەکەی ئێستای هەندێ راستیی شەریعەتی بەرجەستەدەکات کە سەرچاوەکەی قورئان وسوننەتی پێغەمبەرە،بەڵام وشەی ئەحکام کەدەیانەوێت دایبنێن گوزارشت لە ئیجتهادی فیقهی دەکات کە ڕەنگە زۆر لە فیقهییەکان خۆیشیان لەسەری ناکۆك بن،هەروەها روونی کردەوە کە ئەوەی ئەمڕۆ ئیسلامییەکان دەیکەن تەنیا هەوڵێکە بۆ پەردەپۆشکردنی شکستی گەورەیان لە کارەکانی ئەنجومەنی دامەزراندندا.بەڵام نووسەری رۆژنامەنووس ئەفکار ئەلخەرادلی پێی وایە کە هەندێك ماددە هەن خاوەن بەرژەوەندییەتایبەتەکان پێی قایل نابن،جا بۆچی ئەو سووربوونە لەسەر پێکهێنانێکی رەفزکراو لە شەرعییەتی کۆمەڵەی دامەزراندن؟ئەمە نابێتە مایەی گەشبینی ودڵنیابوون لە ئاییندەی ئەم وڵاتە،جەختیش لەوەدەکاتەوە کە سەرباری ئەوەی ئافرەت نیوەی کۆمەڵە لە میسر بە کردار نەك بە گوفتار هەروەها ڕۆڵی هەیە لە ئابووری وگەشەپێدان و٣٠٪ی خێزانەکانی میسر، ژنان بەڕێوەیان دەبەن،بەڵام دیارە بەبەرنامە خەریکە پشتگوێ دەخرێن.

ئەو ئاماژە بەوەدەکات کە ڕاستە ئەم پشتگوێ خستنە چاوەڕوانکراو بوو، کاتێ بینیمان لە ئەنجومەنی هەڵوەشاوەی گەلدا دوای هاتنی ڕەوتی ئیسلامی سیاسی بۆ حوکم،بەڵام نابێ وا دابنێین کە هەر



حافز ئەبو سەعدە بۆ گوڵان:

**ڕەشنووسەکە بریتییە لە خراپترین دەستوور کە تائێستا میسر بەخۆیەوەدیوە،بە توندیش رەخنەی گرت لەو ناکۆکییانەی لە دووتوێی ماددەکانی نێو دەستوورەکەدا بەرچاودەکەوێت، چونکە لە بەهاو پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤ کەم دەکاتەوەو پڕییەتی لە تەڵەی دەستووری و یاسایی**

رژێمێك دەتوانێت دەستوورێك بسەپێنێت کە رەفزکراوە لەلایەن زۆربەی توێژەکانی گەل هەتا ئەگەر ملیۆنان کەس تەیار بکات. ئەو دەڵێت: ئافرەتی میسر داوادەکات هەموو مافەکانی دەستەبەربکرێت و جیاوازی نەکرێت لە نێوانیان ونێوان پیاواندا، لەکار وپۆست و کرێدا،چونکە هەمان تواناو لێهاتووییان هەیە،داواش دەکەن شەریعەتی خوا جێبەجێ بکرێت لە میرات و پاراستنی کەرامەت و پارێزگاری لێکردنی لەوانەی دەیانەوێت بازرگانییان پێوەبکات، لە هەمان کاتدا داوا دەکەن تەگەرەو ئاستەنگ نەخەنە بەردەم بەشداری کردنیان لە بواری سیاسیدا،مادام ئەوان نیوەی کۆمەڵن بۆیە وا پێویست دەکات ئەم هەموو پشکانەیان بۆ فەراهەمبکرێت بە پێی پرەنسیبەکانی شەریعەتی ئیسلام،بەڵام ئەوەی ئێستا دەخرێتەڕوو لە ماددەو لێکدانەوەکانی ئەمەیان بە پێچەوانەوە، سووکایەتی بەئایینی ئیسلام دەکات کەلێی بێبەرییە و داوای یەکسانیش دەکات لە مافەکان وەکو




ئەفکار ئەلخەرادلی بۆ گوڵان:

**هەندێک مادده هەن خاوەن بەرژەوەندییەتایبەتەکان پێی قایل نابن، ئافرەت نیوەی کۆمەڵە لە میسر و ڕۆڵی هەیە لە ئابووری وگەشە پێدان و٣٠٪ی خێزانەکانی میسر، ژنان بەڕێوەیان دەبەن،بەڵام دیارە بەبەرنامە خەریکە پشتگوێ دەخرێن**

وڵاتانی دیکەی عەرەبی کەمیسر پێش ئەوان کەوتووە لە ئازادی وپەرەسەندن وەکو جەزائیرو تونس و مەغریب. عەبدولغەففار شوکر جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی میسر بۆ مافی مرۆڤ وای دەبینێت کە وێرای ئەو رەخنانەی ئاراستەکران سەبارەت بە ڕەشنووسی دەستووره تازەکە جا چ ئەوەی پەیوەستە بە دەسەڵاتەکانی سەرۆك کۆمار یان پێوەندیی نێوان دامەزراوەکانی دەوڵەت یان سیستمی بەڕێوەبردنی خۆجێیەتی کە ماف بەهاونیشتمانیان نادات مافی خۆبەڕێوەبردنیان پێ نادات و دەسەڵاتیش نادات بە ئەنجوومەنە میللیە خۆجێیەتییەکان لە هەمبەر دەزگاکانی جێبەجێکردندا،هەروەها دەڵیت:ڕەشنووسەکە خاڵی بوو لە هەر هێمایەکی بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکان کە حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی میسر لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا ئیمزایان کردووەوە پەرلەمانیش پەسندی کردووە کە دواتر بوو بە بەشێکی جیانەکراوە لە کۆسووری یاساکانی میسری،

هەروەها ئەندامانی لیژنەی ئامادەکردنی دەستوور لەڕوویان نایەت قسە لەسەر بەڵگەنامەنێودەوڵەتییەکان بکەن،چونکە بە پێچەوانەی شەریعەتی ئیسلامی دەزانێت،هەرچەندە حکومەتی میسر هەمیشە لەمۆرکردنی ئاسوودەنەبوو بەڵام هەرگیز پابەند نەبوو بەو دەقانەی کە لەگەڵ شەریعەتی ئیسلام ناکۆك بوون،لە ڕاستیدا هیچ نەگونجان وناکۆکییەك نەبوو لە نێوان پرەنسیب وبنەماکانی ئەو بەڵگەنامانە و نێوان ئەحکامەکانی شەریعەت بەڵکو جیاوازییەکە لە لێکدانەوەی ئەو ئەحکامانەیە لەلایەن هەندێ ڕەوتی ئیسلامی سیاسی کەناکۆکن لەگەڵ مافەکانی مرۆڤ،ئەو جیاوازییەش بەپلەی یەکەم بۆ تێگەیشتنی ئەو کەسانە دەگەڕێتەوە کە لەسەری راهاتوون و بۆ ئەو دابونەریتانەیە کە پێی پەروەردەبوون،ئەوەندەش بەسە کە بەراوردێك بکەین لەنێوان هزری دکتۆر محەمەد سەلیم ئەلعەوا و دکتۆر ئەحمەد کەمال ئەبولمەجدو راوێژکار تارق ئەلبشری وشێخ شلتوتی شێخی پێشووتری ئەزهەرو لە نێوان بیری ئەوانەی لەپێشەوەی گۆڕەپانەکە دەوەستن بەناوی سەلەفییەکان، ئایا لیژنەی دەستوور پشت بەکام بیر لەوانەدەبەستێت؟ئەوەندەش بەسە بەڵگە بهێنینەوە بۆ ئەو جیاوازییەگەورەیەی تەنگژەی مافەکانی مرۆڤ لە دەستووره تازەکەدا کە دکتۆر مەحمود عەزمی نوێنەری هەمیشەیی میسر لە نەتەوە یەکگرتووەکان یەکێکە لەو سێ کەسەی جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤیان دارشتووە کە لە دیسەمبەری ١٩٤٨ لە نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دەرچووە،کە بە بەڵگەنامەی دایك دادەنرێت بۆ هەموو ئەو بەڵگەنامانەی دوای ئەو دەرچوون،با بەراوردێك بکەین لەنێوان ئەوەی کە لەو جاڕنامەیەدا هاتووە لەپرانسیبی پیرۆز و گرانبەها کە تایبەتن بە ماف و ئازادی و دادوەری و یەکسانی کە هەمان مەبەست و ئامانجی باڵای شەریعەتی ئیسلامەو لە نێوان ئەوزەی ئیسلامییەکانی ئێستا باسی لێوە دەکەن.

یاساناس و راوێژکار مەحمود ئەلخزەیری پرسیار دەکات،ئایا میسر لەباریدا نییە دەستوورێك بنووسێت کە بە دڵی هەموو توێژەکانی گەل بێت،دووپاتیشی دەکاتەوە



مەحمود ئەلخزەیری بۆ گوڵان:

**ئایا میسر لەباریدا نییە دەستوورێک بنووسێت کە بە دڵی هەموو توێژەکانی گەل بێت، دەستوور و یاساکان لە بەرژەوەندیی کەمایەتی و لاوازەکاندا دادەنرێت چونکە بەهێزەکان پێویستیان بەپاراستن نییە**

کە دەستوور و یاساکان لە بەرژەوەندیی کەمایەتی و لاوازەکاندا دادەنرێت چونکە بەهێزەکان پێویستیان بەپاراستن نییە، لۆژیکی هێزیش دەگۆڕێت و چەسپاو نییە،چونکە هێز لە شوێنێکدا ناوەستێت و بەهێزی ئەمڕۆش لاوازی سبەینێیە،ئەگەر ئەمڕۆ خۆی بە زەبری هێز دەپارێزێت،ئەوا سبەینێ پێویستی بەکەسێکە بیپارێزێت،بەڵام هیچ هێزێك لە هێزی دەستوور و یاسا بەتینتر نابێت،جا ئەوەی دەستوورو یاسا لەبەرچاوی خۆی دابنێت هەردەم وا دەزانێت کە بۆ پاراستنی لاوازەکانە لە چنگ ستەمکاران، من لەگەڵ ئەوانە نیم کە لە کۆمەڵەی دامەزراندن کشاونەتەوە بەڵام لەگەڵ ئەوانەم کە هەر تێیدا ماونەتەوەو بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی گەل تێدەکۆشن،تاکو دەستوورێك بێننە ئاراوە هەموو ماف وداواکانی گەلی تێدا بەرجەستەبێت لە ئازادی و ژیانێکی سەربەرز و دیموکراسییەتی راستەقینە کە شۆڕشەکە لە پێناویاندا هەڵگیرسا.

شێخ سوڵتان ئەحمەد ئەلقاسمی بۆ گوڵان:

# زۆر بواری هاوبەشی وەبەرهێنان لەنێوان هەرێمی کوردستان و ئیمارەی شاریقەدا هەیە



**شێخ سوڵتان ئەحمەد قاسمی پۆستی جێگری بەڕێوەبەری سەرۆکی ئەنجومەنی نەوتی هەیە، هەروەها سەرۆکایەتی کارگێڕیی کۆمپانیای ئەنابیبی شاریقەیەو سەرۆکی دەزگای ڕاگەیاندنی شاریقەو سەرۆکی تیمی بەسمەیە کە پێکهاتووە لە کۆمەڵێك کۆمپانیا لە بوارەکانی ئەندازەو بەڵێندەرایەتی و گەشتیاری و بازرگانی و وەبەرهێنانی خانووبەرەدا کارگوزارە..**

**هەروەها سەرۆکی نەوتی نیشتمانیی شاریقەیە هاوکات سەرۆکایەتی کەوکەب ئەخزەرە بۆ پاراستنی ژینگەو کۆمپانیای شالکۆ بۆ شلکردنەوەی غازو ئەندامی ئەنجومەنی جێبەجێکارە لە ئیمارەتی شاریقە، تێزی ماستەرنامەکەی دەربارەی سیستمی ئای تییە کە لە ئەمەریکا وەدەستی هێناوەو لەسەردانێکیدا بۆ شاری هەولێرو لە میوانداری گۆڤارەکەماندا ئەم دیمانەیەمان لەگەڵ ساز کرد:**

*** دەبینین بەم دواییانە چەندین کۆمپانیای وڵاتانی کەنداو ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کردووە، پێوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی چۆن دەخوێنیتەوە؟ پێشبینی دەکەن پێوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و ئێمارەی شاریقە زیاتر پەرە بسێنێ؟**

- بە حوکمی ئەوەی بۆ داهاتوو کوردستان ژینگەیەکی لەبارە بۆ وەبەرهێنان، لە پێوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبیدا گەشەسەندنێکی بەرچاو هەستی پێدەکرێت،،هەروەها چەندین فاکتەری راکێشانی وەبەرهێنانی تێدایە، ئێمەش لە ئیمارەی شاریقە بەچاوێکی پڕ بایەخەوە دەڕوانینە گرنگێتی پتەو کردنی هەماهەنگی نێوانمان لە چوارچێوەی میتۆدی دەوڵەتی ئیماراتی عەرەبی یەکگرتوو بۆ بەشداری کردنمان، ئەوەش بە پاڵپشتی کردن و خێراکردنی ڕەوڕەوەی گەشەی ئابووری عێراق بەشێوەیەکی گشتی و هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی تایبەت، یان بە ڕەخساندنی بوار بۆ گۆڕینەوەی بازرگانی و وەبەرهێنان لەنێوان هەردوو لادا.

*** بە حوکمی ئەوەی ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی وڵاتێکی فیدرالییە، دەمانەوێت لە زاری بەڕێزتانەوە بیزانین، پێوەندی و سیستمی ئابووری نێوان فیدرالییەتەکان چۆن ڕێك دەخرێت؟**

- دەوڵەتی ئیماراتی عەرەبی یەکگرتوو لە ٧ ئیمارەت پێکهاتووە، هەموویان بە یاسایەکەوە پابەندن، ڕێکخستنی ئیتیحادی دەوڵەت و سیاسەتە ئابوورییەکانیان لەگەڵ سیاسەتی گشتی دەوڵەتدا گونجێنراوە، کە کار بۆ ڕێکخستنی پێوەندی و سیستمی ئابووری دەکات، بەجۆرێك لەگەڵ پێوەرەکانی دەوڵەت گونجاو بن تا بە هەمان ئاراستەی گەشەی ئابووری برۆن بە ڕێوە کە کەشوهەوایەکی پڕ لە ئاسایش و سەقامگیریی بۆ وەبەرهێن دابین دەکات.

*** بە نیازی ئەوەن باڵیۆزخانە یان نووسینگەی پێوەندییەکانی دەرەوە یا قونسڵخانە لەسەر ئاستی دەرەوە بۆ پەرەپێدانی پێوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و ئیمارەی شاریقە بکەنەوە؟**

- ئیمارەی شاریقە یەکێکە لە ئیماراتەکانی دەوڵەت و سیاسەتەکەی پابەندە بە سیاسەتی دەرەوەی ئیماراتی عەرەبی یەکگرتوو، بەشێوەیەکی گشتی وەزارەتی دەرەوەی دەوڵەت ڕێگای داوە بە نووسینگەی پێوەندییەکانی دەرەوە و قونسڵیەکان و لەم ڕووەوەش بە ئامانجی پتەوکردنی پێوەندی دوو لایەنە، هەنگاوی دروست و راستی هەڵهێناوە..

*** کوردستان بە هەرێمێکی کشتوکاڵی و گەشتیاری ناسراوە، بەڕای ئێوە لەم دوو بوارە گرنگەدا کۆمپانیاکانی شاریقە دەتوانن گرنگی زیاتر بە وەبەرهێنان بدەن ؟**

- زۆر بواری هاوبەشی وەبەرهێنان لەنێوان هەرێمی کوردستان و ئیمارەی شاریقە هەیە، ئێمە لە میانەی سەردان و پێوەندیمان لەگەڵ برایان لە هەرێمی کوردستان بۆ خوێندنەوەی و شیکردنەوەی ئەو لایەنانە کار دەکەین، بەو شێوەیەی کە لەگەڵ بیروباوەڕەکانمان لە بواری وەبەرهێنان بۆ وەبەرهێنەرانی ئیمارەی شاریقە گونجاو بێت و ئەو لایەنانە دیاری دەکەین کە بۆیان لەبار بێت.

*** ئیمارەی شاریقە لە بواری پەرەپێدانی ئابووری چەندین پێشکەوتنی بەخۆیەوە بینیوەو ئەزموونەکەی لە ناوچەکەدا بە پێشەنگ و پێگەیشتوو دادەنرێت، گرنگترین لایەنی ئابووریی ئیمارەی شاریقە چین و چۆنیش**

شاریقە بە دڵی زیندووی پیشەسازی ئیماراتی عەرەبی یەکگرتوو دادەنرێت و چەندین هەلی وەبەرهێنان دەخاتە روو، چونکە تێچووی وەبەرهێنانی پیشەسازی لە شاریقە بە ڕێژەی ٣٥٪ کەمترە لە گشت ئیمارەتەکانی دیکەی دەوڵەت و ١٩ ناوچەی پیشەسازی لە خۆدەگرێت کە بە گەورەترین رووبەری تەرخان کراو بۆ پیشەسازی دادەنرێت و بڕی ٤٨٪ی بەرهەمی پیشەسازی دەوڵەتی تێدا بەرهەم دەهێنرێت.

هەروەها لە شاریقە چەندین دامودەزگای خزمەتگوزاری هەیە کە پاڵپشتی لە کەرتی ئابووری و پیشەسازی و بازرگانی دەکەن سەرەڕای چەندین ناوچەی ئازاد کە لە راکێشانی سەرمایەداران رۆڵی هەبووە، ئەمەش لەسەر چالاکی ئابووری لە ئیمارەکە رەنگی داوەتەوە، کۆی رووبەری ناوچە ئازادەکان لە شاریقە دەگاتە ٢٨ ملیۆن مەتری چوارگۆشەو لە دوو ناوچەی سەرەکی پێکدێت.

بەهۆی ئەو هەڵکەوتانەی بۆ سوود وەرگرتن لە دەرفەتەکانی وەبەرهێنانێکی بێ هاوتا بۆ هەردوولا دەرەخسێنرێن یان بۆ چالاک کردنی هاوکاری و هەماهەنگی هاوبەشی نێوانمان.

***ئابووری کوردستان چۆن پەرەی پێدەدرێت لەکاتێکدا ئارامی و ئاسایش لە عێراقدا مۆلەقەو لە هەرێمدا سەقامگیر؟**

- ئێمە دەبینین ئابووریی کوردستان دەرفەتێکی باشی لەبەردەمدایە بۆ پەرەپێدان و گەشەکردن، بۆیە بە گەشبینیەوە لێی دەڕوانین، پێموایە ئێستا بارودۆخەکە سەقامگیرە و ئاسایش بەرقەرارە، بوونی ئێمەش لە کوردستان بەڵگەیە لەسەر بوونی ئاسایش و سەقامگیری، بەڕای من لە ماوەی داهاتوودا ئابووریی کوردستان ئەنجامی ئابووری گرنگ بەخۆیەوە دەبینێت.

*** باشە دەتوانین سوود لە نەوت وەربگرین بۆ پەرەپێدانی ئابووری؟**

- بێگومان نەوت بە پاڵپشتێکی بەهێزی بەرەو



**دەڕوانن ژینگەی وەبەرهێنان لە کوردستاندا؟**

-لایەنە ئابوورییە پەرەپێدراوەکان کە ئیمارەی شاریقە بەخۆیەوە دەبینێت لای کەس شاراوە نیە کە ئەمانەش بە ڕێنوێنی خاوەن شکۆ شێخ دکتۆر سوڵتان کوڕی محەمەد ئەلقاسمی ئەندامی ئەنجوومەنی باڵا و حاکمی شاریقە هاتوونەتە دی، ئەم ڕێنوێنیانە بوونەتە هۆکاری بونیادنانی ژێرخانێکی ئابووری بەهێز بۆ راکێشانی وەبەرهێنەران و فەراهەم کردنی دەرفەت بۆ چەندین هەلی وەبەرهێنان لە ناوچەی کەنداوی عەرەبی بۆ ئەوەی شاریقە پێگەی ئابووری راستەقینەی خۆی لەسەر نەخشەی جیهان هەبێت.

کۆی بەرهەمهێنانی ناوخۆی شاریقە ساڵانە گەیشتۆتە ٧٢ ملیار درهەمی ئیماراتی، ئەمەش ئاماژەیەکی ئیجابیە بۆ سەقامگیری کەرتی ئابووری لەو ئیمارەیەدا.

بەپێی زانیارییەکان لە ساڵی ١٩٩٥ەوە تا ئێستا نزیکەی ٢٨٠٠ کۆمپانیا کاری بازرگانیان لەم دوو ناوچەیەدا ئەنجامداوە کە بەردەوام لە بەرەوپێشچوون و فراوان بووندان، ئەم دوو ناوچەیە رۆڵێکی سەرەکییان هەبووە لە راکێشانی سەرمایەداران، چونکە ئەم دوو ناوچەیە بەتایبەت بۆ ئەوە دروستکراون کە هاتنی سەرمایەی بیانی هان بدەن، بۆیە بە ڕێژەی ١٠٠٪ ڕێگا بە خاوەنداریەتیە بیانییەکان دەدات، هەروەها لە باج و خەراجی گومرگیش دەبەخشرێن، ئەمە جگە لەوەی لەسەر دروستکردنی دامەزراوەی بازرگانی لەم ناوچانەدا هیچ کۆت و بەندێك بوونی نییە..

لەو کاتەی ئێمە دەبینین کە ئیمارەی شاریقە دەرفەتی جۆراوجۆر دەخاتە ڕوو، هەروەها بە تێڕوانینێکی گەشبینیەوە لە هەرێمی کوردستان سەیری ژینگەی وەبەرهێنان دەکەین، ئەمەش پێشچوونی رەوڕەوەی پەرەپێدانی ئابووری دادەنرێت، بەمەرجێك کە وەك سەرچاوەیەکی سەرەکی داهات پشتی پێ نەبەسترێت، بەڵکو پێویستە جۆراوجۆری سەرچاوەکان بە هەند وەربگیرێن و جۆرێك لە تەکامول لە نێوان کەرتە ئابوورییە جیاجیاکان بهێنرێتە دی..

لەو کاتەی کە نەوت وزەیەکی پێویست و سەرمایەکی گرنگ دابین دەکات بۆ ئەنجامدانی پرۆژەکان و وەبەرهێنان، پێویستە پلانی ستراتیژی و بەرنامەی ئابووری ئامانجدار دابنرێت بۆ ئەوەی دەرگای گەشەپێدان بە ڕوویدا بکرێتەوە، هێنانەدی گەشەی باش و زیاد کردنی بەرهەمی ناوخۆ، بە هێنانەدی هاوسەنگیی دەبێت لە نێوان هەناردە و هاوردەکان، کە ئەمەش لەسەر کەمکردنەوەی کورتهێنان لە بودجەی بازرگانیدا کاریگەرییەکی ئیجابی دەبێت..